CIHAN UNIVERSITY

2007
ERBIL

زانكۆی جیهان ● جامعة جيهان

# رەواندز
# لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا

١٢٦٢-١٣٣٧ کۆچی

١٨٤٦-١٩١٩ زایینی

**بەرگی پانزدە**


بڵاوکراوەی زانکۆی جیهان
خانەی ئەرشیف و بەڵگەنامەکان
٢٠٢٢

ئامادە و پێشکەشکردنی: **د. نەوزاد یەحیا باجگر**

وەرگێڕان: **ئاشتی رەحمان**

# پێرســت


| زنجیره | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | پێشەکی | ٧ |
| ٢ | چەند ڕونکردنەوەیەك لە بارەی بەڵگەکان | ٨ |
| ٣ | شیکردنەوەی زاراوەکانی عوسمانی | ١٠ |
| ٤ | کۆد و ووشەی ڕەسەنی کۆدەکان | ١٦ |
| ٥ | بەڵگەکان | ٢١ |




• ناوی کتێب • **ڕەوانــدز** لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا

بەرگی پانزدە ١٢٦٢-١٣٣٧ کۆچی/ ١٨٤٦- ١٩١٩ زایینی

• ئامادە و پێشکەشکردنی • د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر

• وەرگێڕان (زمانی عوسمانی) • ئاشتی ڕەحمان

• بەڕێوبەری هونەری • بورهان سابیر

• دیزاینی ناوەرۆک • سومەییە مورادی

• بڵاوکراوەی • زانکۆی جیهان | خانەی ئەرشیف و بەڵگەنامەکان

• تیراژ • ١٠٠٠ دانە

• چاپ • یەکەم ٢٠٢٢ هەولێر

ISBN 978-9922-9909-1-0

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارەی سپاردن (   )ی ساڵی٢٠٢٢ی وەزارەتی رۆشنبیری

Download Books بۆ داونلۆدکردنی کتێبەکان:

www.NawzadBajger.net

www.NawzadBajger.org

chairman@cihanuniversity.edu.iq

تەواوی مافی

ئەم کتێبە پارێزراوە

بۆ زانکۆی جیهان

ئەم وشە و بیروبۆچوونانەی کە لەم پەرتوکەدا نووسراوەتەوە سەرچاوەکەی بەڵگەکانە و ئێمە لێی بەرپرس نین، لەبەر ئەمانەتی زانستیش لەکاتی وەرگێڕانی دەستکاری نەکراوە.

# پـێشـەکـی

هەروەك لە ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ هاتووە، قەزای رەواندز لە سەر چیا و زەوی سەخت هەڵکەوتووە، بەڵام ناوچەکانی دیرە و حەریر لە دەشتایی پێك دێت و زەوییەکەی سادەیە، زۆربەی شوێنەکانی ئاوی زۆرە، قۆڵێکی گەورەی زابی گەورە لەگەڵ سەرچاوەی تر لەم قەزایە هەڵدەقوڵێت و تێدەپەڕێت، زەوییە سروشتیەکەی بە داری بەرو، بەڵوت و مازی دەورە دراوە، لە سەر چیاکانی جۆرەها دار بەرچاو دەکەوێت، هەروەها گردەکانی بۆ کشتوکاڵ کردن گونجاوە، هەروەها دۆڵەکانی بە بەرووبوومە و دەشتاییەکەی بە پیت و بەرەکەتە، دانیشتوانەکەی سوودی لێ وەردەگرن، بەم هۆیەوە گوزەرانیان باشە، لەگەڵ ئەمەش دانیشتوانی قەزاکە بە تەواوەتی نیشتەجێن و بە کشتوکاڵەوە خەریکن، بەشێکی کەمی نەبێت بەهۆی هەڵکەوتی شوێنەکەیانەوە ئاژەڵ بەخێو دەکەن، لە ناو قەزاکە فرقەی عەشیرەتەکانی خەیلانی، مال، ساڵ و بولی کۆچەرین، ئەمانە هەرچەندە لە ناوچەکەن بەڵام راستەوخۆ لە عەشیرەتی رواندز نین، بەڵکو لە هەکاری تا رواندز و هەولێر بڵاوبوونەتەوە، لە هەموو وەرزێکدا لە شوێنێك خێمە هەڵدەدەن.

دانیشتوانی قەزاکە بە گشتی کوردی شافعین، تەنیا لە یەك دوو گوند کلدانی و لە هەندێك گوند ئیسرائیلی هەیە، بەرووبوومی دانەوێڵە، توتن، لۆکە، مازی، رووەکی کەترە و بەڵوت، هەروەها هەموو جۆرە بەرووبوومی باغ و باغچە هەیە، بەشێکی هەناردە دەکرێت، بە تایبەتی توتن هەم زۆرە و هەم خواستی لەسەرە، لەوانە توتنی جۆری هسلە، شتنە و زیراری، برنجی زیراری زۆر خواستی لەسەرە.

ئەوەی لە بەڵگەکاندا بەرچاو دەکەون ئەم شارە لە سەردەمی عوسمانیەکاندا بە سانجەق یا بە قەزا ناوی هاتووە، بەڵام ئـەوەی راستییە رەوانـدز لەم سەردەمەدا قەزا بـووە، لە رووی ئیدارییەوە نەبۆتە سانجەق، لە هیچ سەرچاوەیەکی مێژوویی باس لە سانجەق نەکراوە، گرنگترینیان ساڵنامەی عوسمانی. جگە لەمە ئەم شارە گرنگیەکی تایبەتی هەبووە، بەهۆی شوێنە ستراتیژیەکەی نزیکی لە سنووری ئێران و بوونی میر و سەرکردەکانی میرنشینی سـۆران، هـەروەك شار و ناوچەکانی تر کە وەرگـێـردراون، نـاوەرۆکـی بەڵگەکانی تیشك دەخاتە سـەر کێشەی ئـیـداری، عەشیرەت و سنوور.

لەم کتێبەدا زیاتر لە ٣٠٠ بەڵگەی ئەرشیفی عوسمانی لەسەر رەوانـدز وەرگـێـردراون، لە بەرگی ١٥ پێشکەشی خوێنەر و توێژەران دەکرێت، ئاواتەخوازین ببێتە جێگەی خۆشحاڵی خوێنەران و سـوود لە زانیارییەکانی وەربگرن.

د. نـەوزاد یـەحـیا باجـگر
سـەرۆکی دەسـتەی ئـەمـیـنداریـەتی کەمـپـەکـانـی زانـکـۆی جـیـهان

# چەند روونکردنەوەیەك لە بارەی بەڵگەکان

١ • لە بەڵگەکاندا هەڵەی ساڵ، مانگ و رۆژ کراوە؛ لە بارەی مێژووی ناو بەڵگەکان ئەوا مێژووی کۆچی و رومی بەکارهاتووە، لە هەندێک بەڵگەشدا مێژووی رومی یا کۆچیەکەی نووسراوەتەوە، بە تایبەتی لە ساڵە رومیەکە هەڵەی تێدا کراوە.

٢ • هەڵەی ناوی تێدایە، بۆ نموونە ناوی کەسێتی، شوێن و عەشیرەت بە هەڵە نووسراوەتەوە، ئەم نووسەرەی نووسراوەکەی نووسیوەتەوە کوردییەکەی باش نەبووە، بە شێوازی سەر زاری خۆی ووشەکەی نووسیوەتەوە، یاخود لە بارەی ناوچە و شوێنەکانەوە شارەزاییەکی ئەوە تۆی نەبووە، زانیاری لە شێوەزاری ناوچەکەش نەبووە، بۆیە بە هەڵە نووسیویەتیەوە، لە کاتی وەرگێرانیش هەروەکو خۆی نووسراوەتەوە، دەستکاری نەکراوە.

٣ • لە بارەی وەرگێرانی بەڵگەکان، هەروەکو خۆی وەرگێردراوە؛ یەک ووشە زیاد یاخود یەک ووشە کەمی نەکردووە، تەنانەت هەوڵ دراوە لە کاتی وەرگێرانەکە دەستکاری دەستەواژە و ووشەکان نەکرێت، چونکە ئەگەر بە گوێرەی زمانەوانی کوردی دەستکاری دەستەواژە و ووشەکان بکرابووایە، ئەوا دەبووایە دەستکارییەکی زۆری دەستەواژەکان بکرێت، هۆکاری دەستکاری نەکردنەکەش بۆ ئەوە بووە تا بەڵگەکان رەسەنایەتی خۆیان لە دەست نەدەن، لە هەمان کاتدا خوێنەر و مێژوونووسان لە شێوازی نووسینی بەڵگە و شێوەزاری ئەم سەردەمەی نووسەران ئاشنا بن، کە ئەم بەڵگانە بە چ شێوازێک نووسراونەتەوە، جگە لەمەش کاری نووسەر و مێژوونووسانە لە کاتی لێکۆڵینەوە لە زانیاری ناو بەڵگەکان، روون کردنەوە و شی کردنەوە بۆ بابەتی ناو بەڵگەکەکان بکەن.

٤ • لە هەندێک بەڵگەدا بۆشایی هەیە، ئەوانیش بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن؛ هۆکاری ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی لە کاتی نووسینەوەی نووسراوەکە هەندێک ووشەی نهێنی هەبووە، نەویستراوە ئاشکرا بێت، بۆیە نووسەرەکە بۆشایی بەجێ هێشتووە، تەنیا ئەوەی نووسراوەکەی گەیشتۆتە دەستی لەم بۆشاییە تێگەیشتووە و زانیویەتی نووسەر یاخود لایەنی پەیوەندیدار مەبەستی چییە.

٥ • لە چەند شوێنێکی کەمیش بۆشایی بە خاڵ هەیە (...) مەبەستیش لەم بۆشاییە بە خاڵانە ئەوەیە، کە ئەم ووشەیە نەخوێندراوەتەوە، زۆر جار ووشە هەیە خوێندنەوەی زۆر ئەستەمە، کە نووسەرەکە بە شێوەیەک یاخود بە خەتێک نووسیویەتی ناتوانرێ بخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەی لە خوێندنەوەی هەڵە و لە ووشەی هەڵە دوورەپەرێز بین، بۆ ووشەکە بۆشایی بە خاڵ دانراوە.

٦ • هەندێک ووشە یاخود راسترە بڵێین زاراوە هەیە لەم سەردەمە بەکار هاتووە و مانای تایبەتی خۆی هەیە؛ ئەم مانایە نادەن کە ئێمە رۆژانە بەکاری دەهێنین و لێی تێدەگەین، جگە لەمەش وەرگێرانی ئەم ووشانە بۆ کوردییەکەی لە نرخ و ماناکەی تێک دەدات و لە هەمان ئەم ئاستە نابێت، واتە مانای پڕ بە پێستی خۆی لە دەست دەدات، بۆیە نەکراوەتە کوردی و هەروەکو خۆی دانراوە، بەڵام بۆ ئەوەی خوێنەر و مێژوونووسان لە پێناسەی زاراوەکان ئاشنا بن، لە (شیکردنەوەی زاراوەکانی عوسمانی) پێناسە کراوە و روون کراوەتەوە، لە هەمان کاتیشدا زاراوە هەیە، کە زانراوە لە ماناکەی ناگۆردێت، وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی.

• بەڵگە هەیە لە چەندین لاپەڕە پێک هاتووە، ئەم چەند لاپەڕەیەش باسی یەک بابەتی دیاری کراو دەکات، بۆیە
تەنیا یەک لاپەڕە وەرگێردراوە، چونکە هەموو لاپەڕەکان هەمان بابەت باس دەکەن، جیاوازیەکی ئەوەتۆیان
٧ تێدا نییە، بەڵام ئەگەر ئەم چەند لاپەڕەیە باسی چەند بابەتێکیان کردبێت، یاخود هەر هەمان بابەت بەڵام بە
شێوازی جیاواز و هەر لاپەرەیەک بە شێوازێکی جیاواز باسی بابەتەکەی کردبێت، لێرەدا مووی وەرگێردراوە.

• دووبارە بوونەوەی بەڵگە، هەندێک بابەتی دیاریکراو دووبارە بوونەوەی بەڵگەی تێدایە؛ وەکو ئەوەی لە
سەرەوە باسمان کرد، بابەتەکە لە چەند لاپەڕەیەک پێک هاتووە، لە جیاتی ئەوەی هەمووی کۆبکرێتەوە و هەمان
٨ ژمارەی بدرێتی، کەچی بە پێچەوانەوە هەمان بابەت ژمارەی جیاجیایان دراوەتێ، لێرەدا بە ناچاری هەمان
بابەت کە لە ژمارەی جیاجیا پێک هاتووە، وەرگێردراوە، چونکە ژمارەیان جیایە و هەمان ژمارەی نەدراوەتێ.

• لە کاتی نووسینەوەی رووداوەکان و زانیاری لە بارەی ناوچەکانەوە، بە گشتی
٩ باسی بابەتەکان کراوە، بۆ نموونە شوێنی عەرەب نشینیش باسکراوە؛ لێرەدا
تەنیا ئەوەی پەیوەندی بە کورد و ناوچەکانی کوردییەوە هەیە وەرگێردراوە.

• لەنێو بەڵگەکاندا دەستەواژەی دووبارە و رستەی دووبارە بەرچاو دەکەوێت، لێرەدا نووسەر لە کاتی نووسینەوەی
١٠ نووسراوەکەدا هەمان زانیاری یاخود دەستەواژەی دووبارە کردۆتەوە و هەمان زانیاری نووسیوەتەوە.

• لە بارەی ساڵی بەڵگەکان، بۆ ریزبەندی بەڵگەکان ساڵی کۆچی و زایینی بەکار هاتووە، پشت بە مانگ
و رۆژەکەی نەبەستراوە؛ جگە لەمانەش ساڵی ناو بەڵگەکان بە گوێرەی زانیاری ناو بەڵگەکە و ئەوەی سەر
١١ بەرگەکەی گۆرانکاری بەسەر دادێت، واتە نووسەر ئەم ساڵەی نووسیوەتەوە کە بەڵگەکەی تێدا نووسیوەتەوە،
کە گەیشتۆتە لای پاشاش ئەم ساڵەی نووسیوەتەوە، کە نووسراوەکەی بینیوە، هەندێک جاریش ساڵی
جێبەجێ کردنەکەی لەسەر نووسراوە، واتە لە یەک بەڵگەدا چەند ساڵێکی جیاواز بەرچاو دەکەوێت.

• هەندێك ساڵ کە لە ناو بەڵگەکاندا ئاماژەی پێکراوە، بە کورتکراوی نووسراوەتەوە، بۆ نموونە
١٢ دەڵێت ساڵی (٢٧) لێرەدا مەبەستی ساڵی (١٢٢٧)ە، کە ١٢٠٠ ەکەی فرێ داوە، یا ئەگەر
نووسرابێت ساڵی (٣٣٦) ئەوا لێرە مەبەستی ساڵی (١٣٣٦)ە، کە ١٠٠٠ ەکەی فرێ داوە.

وەرگێـر

# شیکردنەوەی زاراوەکانی عوسمانی

| | |
|---|---|
| ئالای (الای) | ئالای بە مانای کۆمەڵ و قەڵەباڵغ دێت، لە زاراوەی سەربازیش ووشەیەکە، لە سێ چوار تابور پێک دێت، هەروەها هەر ئالایەک سانجەقێکی لە ژێر دەستدایە. |
| ئەعیان (اعیان) | بۆ بەدواداچوونی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی میللەت، ئەنجوومەنێکی تر هەبووە و ئەم ئەرکەیان پێ سپێردراوە، لە ساڵانی ١٨٧٧ و ١٩٠٨ ئەندامەکانی لەلایەن حکوومەتەوە هەڵبژێردراوە. |
| ئەنبار | شوێنێکە بۆ هەڵگرتنی زەخیرە و کەلوپەل بەکارهاتووە. |
| ئەنجوومەنی والا (مجلسی والا) | ئەم ئەنجوومەنە لە ساڵی ١٨٣٧ دامەزرا، داواکاری نێوان دەوڵەت و خەڵکی جێبەجێ دەکرد، لە ساڵی ١٨٦٧ هەڵوەشایەوە و لە شوێن ئەو شورای دەوڵەت دامەزرا. |
| ئستەبڵی عامیرە (اصطبل عامره) | تەوێڵەی کۆشکی پاشا. |
| ئۆچاقلق (اوجاقلق) | ئەم زەوییانە جیاکرابوونەوە و داهاتەکانیان بۆ پارێزگارانی قەڵا و کۆگای چەک بوو. |
| ئۆن باشی (اونباشی) | ئەم سەربازە قوماندانیەتی ١٠ کەسی کردووە. |
| ئیستدعانامە (استدعانامه) | ئەم نووسراوەیە وەکو داواکاری بۆ دەوڵەت دەنووسرێت، بەڵام مۆر و پولی لەسەرە . |
| ئیستعلامنامە (استعلامنامه) | ئیستعلام نووسراوی بە زانیاری بووە، هەرچی ئیستعلامنامەیە نووسراوی بە بەڵگە بووە. |
| ئیستیناف (استیناف) | دووبارە دەست پێکردنەوە، ئەم بڕیارەی کە لە دادگای سەرەتایی دەدرا، بۆ ئەوەی بڕیارەکە هەڵبوەشێنرێتەوە سەردانی دادگایەکی سەرووتر، واتە لە ئەم بەرزتر دەکرا، تا بڕیارەکە هەڵبوەشێننەوە. |
| بابی عالی | بنکەی سەدری ئەعزەم، دیوانی هومایۆن لەگەڵ نەزارەتی ناوەخۆ و دەرەوە و فەرمانگەی شورای دەوڵەت دەگرێتەوە. |
| باش کاتیب (باش کاتب) | نووسەری یەکەم یاخود سەرۆکی نووسەران، لە فەرمانگە فەرمییەکاندا ئەرکەکەشی نووسینی نووسراو بووە. |
| باش کیتابەت (باش کتابت) | کیتابەت واتە پیشەی نووسین، باش کیتابەت یەکسانە بە باش کاتیب، واتە سەرۆکی نووسین. |
| باشبوغ | قوماندانی سەربازی رێک نەخراو یاخود نارێک. |
| باش مودیرەت (باش مدیرت) | باش بە مانای سەرۆك یاخود یەکەم دێت. مودیرەت واتە بەڕێوەبردنی کاروبارەکان؛ هەرچی باش مودیرەتە بە مانای بەڕێوەبەرایەتی یەکەم یاخود بەرپرسی یەکەمی بەڕێوەبەرایەتی دێت. |
| بەرائەتی شەریفە | واتە پاکانەی ئەستۆ و خۆبەرێکردن، لە سەردەمی عوسمانی بۆ وەرگرتنی زەوی کشتوکاڵی یاخود دامەزراندن، دەبووایە لەلایەن پاشاوە یاخود دەوڵەت بەرائەتی شەریفە واتە پاکانەی ئەستۆ وەربگیرێت. |
| برادەر زادە | برادەر زادە منداڵی خوشک و برا، هەروەها برازا، پورزا، خاڵۆزا دەکات. |
| برادەری | واتە بەرا. |

| | |
|---|---|
| بلۆک (بلوک) | دەستەی سەربازی. |
| بلۆک باشی (بلوک باش) | سەرۆک یاخود بەرپرسی بلۆک. |
| بینباشی (بیکباشی) | بین بە مانای هەزار دێت، باش واتە سەر، بینباشی، ئەم ئەفسەرەیە یاخود قۆماندانەیە تابورێک بەڕێوە دەبات لە هەزار سەرباز پێک هاتووە. |
| پلەی حەرەمەین (درجه حرمین) | بەم کەسە ووتراوە کە تۆبەی کردووە و حەرامی لە خۆی قەدەغەکردووە، زیاتر لە کاتی حەج کردن دەچووە پلەی حەرەم و خراپە و کاری بەدی لە خۆی حەرام دەکرد. لەلایەکی تر لە سەردەمی کۆندا چینی زاناکان دەگرێتەوە، کە لە دوای پایەی میسر لە پێش پلەوپایەی ئیستەنبۆڵ پلەیەکی بەرزە. |
| تابور | لەشکری سەربازی، کەرتی سوپا. |
| تاتار | نامەی گواستۆتەوە بۆ ناوچەکانی تری دەوڵەت، جولەی زۆر خێرا بووە، جگە لە ناوی تاتار ئەوەی ئەم کارەی کردووە ناوی (ساعی، پۆستە، قاسد، برید)یشی پێ ووتراوە، لە کاتی خۆیدا تاکی تاتار بە خێرا رۆیشتن بەناوبانگ بووە، بۆیە پێیان ووتراوە تاتار. |
| تەحسیلدار (تحصیلدار) | ئەم فەرمانبەرەیە باج و باجی داهات و بەروبوومی داهات کۆدەکاتەوە. |
| تەرسانە (ترسانه) | تەرسانە یاخود تەرسخانە واتە کارگەی دەریایی، ئەم شوێنە بووە کاروباری کەشتییە جەنگیەکان و کاروباری دەریایی تێدا جێبەجێ دەکرا، یەکسانە بە تەرسانەی عامیرە (ترسانه عامره). |
| تەغار (تغار) | ٤ ربە ١ تەغارە. |
| تەنزیمات (تنظیمات) | لە رووی زاراوەدا بە مانای رێکخستن و رێکوپێکی و خستنە سەر رێگا دێت، لە سەردەمی عەبدولمەجید لە ٣ قاسمی ١٨٣٩ لە گوڵخانە خوێندرایەوە، بە ناوی رەشنووسی هومایۆنی گوڵخانە بە فەرمانێکی پاشا هەژمار کرا، لەلایەن رەشید پاشای گەورەش وەکو چاکسازی راگەیەندرا، تا ساڵی ١٨٧٧ی جەنگی رووس بەردەوام بوو، دواتر سنووردار کرا؛ ناوە راستەقینەکەی تەنزیماتی خێرخوازی (تنظیمات خیریه) بوو. |
| تیمار | ئەم زەوییە کشتوکاڵیە داهاتی ساڵانەی لە نێوان ٣٠٠٠-٢٠٠٠٠ ئاقچە بووە، ئەم جۆرە زەوییەش بەم سەربازانە دراوە، کە بەشداری شەڕیان کردووە یاخود بەم کەسانە دراوە کە لە بواری ئایینەوە ئەرکیان پێ سپێردرا بوو، بەم داهاتەش بژێوی ژیانی خۆیان پێ دابین کردووە، واتە لە جیاتی مووچە پێیان دەدرا. |
| پارە | وشەیەکی فارسیە، ١ قوروش ٤٠ پارەیە، ١ پارەش دەکاتە ٣ ئاقچە. |
| پۆست نشین | بەشێخی تەکیە ووتراوە پۆست نشین، لەهەمان کاتدا بە کەسێك ووتراوە کە پلەیەکی هەبووە و کارەکەی بەڕێوەبردووە. |
| حەرەم (حرم) | ئەم شوێنەیە، هەموو کەسێك ناتوانێ بە بێ مۆڵەت بچێتە ژوورەوە، بە تایبەتی ئەم شوێنانەی کە تایبەتن بە ئافرەت و ژووری ئافرەت. |
| جەبەخانە (جبەخانە) | ئەم کۆگایە بووە هەموو جۆرە چەک و باروت و کەلوپەلی چەکی ئاگری تێدا پارێزراوە. |
| جەلیلە (جلیلە) | جەلیلە بە مانای ناوداری گەورە یاخود شکۆدار دێت، کە نووسراو بۆ فەرمانگەی وەزیر و موشیر دەکرا، بەم شێوەیە رێزیان لێ دەگیرا، لە پلەی ئەوان نزمتر پێیان دەوترا بەهییە یا عالییە. |
| خاخام | زانا و بەرپرسی یەهودیەکان، واتە کاهین. |
| خەلافەتپەناهی (خلافتپناهی) | خەلیفە شوێن گرەوەی کەسێک، کە لە دوای پێغەمبەر وەکو وەکیلی پێغەمبەر کاری کردووە، ئەم ئەرکە لە ئیسلام داهێنرا، پەناهی واتە پەیوەندی، خەلافەت پەناهی واتە شتێک کە پەیوەندی بە خەلیفەوە هەیە و لەلای ئەو دەردەچێت. |

| | |
|---|---|
| خەیل (خیل) | تاقم، خەڵکێکی زۆر، بە تاقمی سوارەش دێت. |
| خولعە (خلعە) | ئەم جلە چەند جۆرێکی هەبووە، جلی رێز لێنان، جلی پەشیمانی یاخود جلی مردن، ئەم جلەش لەلایەن پاشاوە وەکو پاداشت یاخود رێزلێنان بە کەسێک دەدرا. |
| داعی | ئەم کەسە ئەرکی دوعا کردن و نزا کردن بووە. |
| دەرسەعادەت | ئیستەنبوڵ پایتەختی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. |
| دەفتەردار (دفتردار) | سەرۆکی ژمێریاری، بەرپرس لە کاروباری دارایی. |
| دەفتەر خاقانی (دفتر خاقانی) | دەفتەر خانەشی پێ ووتراوە، فەرمانگەیەك بوو، کاروباری پارەی دەوڵەت و موڵك و زەوی و زاری بەرێوە دەبرد، بۆ نموونە تاپۆ. |
| دزدار | پارێزگاری قەڵا. |
| دوخان | تووتن. |
| دوخانچی | تووتنچی؛ ئەو کەسە کاری تووتنی کردووە. |
| ژورنال | ژورنال دەفتەری رووداوەکان، یاخود دەفتەری رۆژانە. |
| رایج | رایج بەهاکەی تری، واتە نرخەکەی تری یاخود بەهای رابردووی. |
| رەدیف (ردیف) | بەم سەربازانە وتراوە رەدیف، کە لە دواوەی سەربازی رێکخراو دەوەستان و لە کاتی پێویستیش چەکیان پێ دەدرا. |
| رەژی (رژی) | فەرمانگەی تووتن. |
| روزهزر و روزقاسم | (Hıdırellez) لە دونیای تورک وەرزێکە جەژنی بۆ ساز دەکرێت، روزی هزر (Ruz-ı Hızır) واتە (رۆژی هزر) کە بە ناوی رۆژی خدری لەز (Hıdırellez) ناو نراوە، بە پێی داستانی ئەم سەردەمە، لەم رۆژەدا لە سەر رووی زەوی پێغەمبەر خدر و ئیلیاس بەیەک گەیشتوون، تاوەکو یارمەتی هەژار و لێقەوماوان بدەن. لە تورکیاش جەژن بۆ ئەم بۆنەیە دەگێردرێت. بە پێی رۆژژمێری زایینی رۆژی خدری لەز لە ٦ مایس، لە کۆنیش بە پێی رۆژژمێری رومی رۆژی ٢٣ نیسان هەژمار دەکرێت. ماوەی نێوان ٦ مایس تا ٨ تشرینی دووەم بە ناوی رۆژەکانی هزر وەرزی هاوین و ماوەی نێوان ٨ تشرینی دووەم تا ٦ مایس بە ناوی رۆژەکانی قاسم وەرزی زستان پێک دەهێنن. بەم شێوەیە رۆژی ٦ مایس تەواو بوونی وەرزی زستان و دەست پێکردنی وەرزی هاوین دەکات. |
| رسوم (رسوم) | باج و باجی گومرگ. |
| رسومات (رسومات) | باجەکانی گومرگ. |
| ریاسەتپەناهی (ریاستپناهی) | پەیوەستە بە سەرۆکایەتییەوە، کە پەیوەستە بە کارەکانی پاشا. |
| ریال | ریال پارەی زیوی ئاسیاوییە، دەکاتە ٢٥ قوروش. |
| ریکابی هومایۆنی شاهانە (رکاب هومایونی شاهانە) | سەربازە سوارەکانی پاشا. |

| | |
|---|---|
| ریکابی هومایۆنی قەپوچی باشی | بەرپرسی یاخود سەرۆکی دەرگای سەربازە سوارەکانی پاشا. |
| زەربخانەی عامیرە (ضربخانە العامرە) | ئەم شوێنە پارەی دەوڵەتی تێدا دروست دەکرا. |
| سالیانە | ئەم باجەیە ساڵی جارێك وەردەگیرێت، لە پێش تەنزیمات بەشێك لە فەرمانبەران و بەکارهێنراوان بەرامبەر بە ئەرکەکەیان، ساڵی جارێك کرێیان پێ دراوە. |
| سەدارەت (صدارت) | شوێنی کاری سەدری ئەعزەم و پلەکەیەتی. |
| سەدارەتپەناهی | پەیوەندی بە سەدری ئەعزەمەوە هەیە، واتە ئاماژەیە بۆ سەدری ئەعزەم. |
| سەدری ئەعزەم (صدر اعظم) | پلەکەی وەکو سەرۆک وەزیرانی ئێستا بووە، یاخود وەکیلی پاشا بووە. |
| سەر عەسکەر (سر عسکر) | سەر وشەیەکی فارسیە بە واتای سەر دێت، سەر عەسکەر بە واتاکانی ئێستا بە مانای سوپا سالار، سەر لەشکر، سەرکردەی سوپا، قوماندان دێت. |
| سەر کاتیب (سر کاتب) | سەرۆک یاخود یەکەم نووسەر. |
| سەعادەت (سعادت) | واتە خۆشی. |
| سەفەربەرلیك (سفربرلك) | بەم کەسانە ووتراوە کە خۆیان ئامادە کردووە، تا بچنە شەر یاخود بۆ چوونە شەر لە ئامادەباشی دابوونە. |
| سەلاملك (سلاملك) | لە کۆشکە گەورەکاندا بەم ژوورە دەوترا کە بۆ پێشوازی کردن لە میوانان تەرخان کرابوو. |
| سوریچی | ئەم پیاوەیە سەرپەرشتی ئاژەڵە بارهەڵگرەکان یاخود بارگیرەکان دەکات، واتە کرێچیە، وەکو خزمەت بەکرێ گیراوە، تا بارگیرەکان بە رێگا ببات. |
| سیپاهی (سپاهی) | ئەم سەربازە سوارەیە خاوەنی زەوی کشتوکاڵییە، لە لەشکری عوسمانی کۆندا چینێک سەربازی سوارە هەبوو، لە بەرامبەر ئەم دە یەکە (عشر) کە لە زەوی کشتوکاڵی وەریاندەگرت لەگەڵ ئەم ئاژەڵانەی کە خۆیان بەخێویان دەکرد، بەشداری جەنگیان دەکرد، بەڵام کەلوپەلی جەنگی لەلایەن دەوڵەتەوە پێی دەدرا. |
| سیپاهیدار (سپاهدار) | گەورەترین سەرباز، سەر عەسکەر. |
| سیلاحشۆر (سلاحشور) | واتە پیاوی چەکدار، ئەم پیاوانە بوونە لە چەك هەڵگرتن و بەکارهێنانی شارەزاییەکی تەواویان هەبووە، لە جەنگدا بە چەك شەڕیان کردووە. |
| شاهنشاه | گەورەترین پاشا یا شا، واتە پاشای پاشایان یاخود شای شایان. |
| شەهبەندەر (شهبندر) | بە واتای باڵیۆز دێت، لە سەردەمی مەحمودی دووەم، بۆ پاراستنی بازرگانە موسڵمانەکانی ناوەخۆ، لە نێوان خۆیان کەسێکیان هەڵدەبژارد، تا هەر ناکۆکی و لێك تێنەگەیشتنێك هەبێت چارەسەری بکات. |
| شورای دەوڵەت بە زمانی عوسمانی (شورای دولت) | پێش ئەم دامەزراوەیە، ئەنجومەنی واڵا کارەکانی ئەنجام دەدا، دوای هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی واڵا، لە ساڵی ١٨٦٨ شورای دەوڵەت دامەزرا، جۆری کارەکەی لە کاری کارگێڕی پێک دەهات، ئەرکەکەشی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشە کارگێڕییەکان و دەرکردنی یاسای گونجاو بوو، ئەم دامەزراوەیە تا ساڵی ١٩٢٢ بەردەوام بوو. |

| | |
|---|---|
| چاوش | وشەیەکی تورکیە، لە رووی سەربازییەوە سەربازی پلە بچووکە، ئەمڕۆش بە پلەی پاسەوان دێت. |
| چەڵتوك (چلتوك) | برنج. |
| ڤۆیڤۆدە | لە سەردەمی عوسمانیەکاندا فەرمانبەرێک بووە سەر بە خەزینە، ئەم داهاتانەی رێک دەخست کە لەلایەن خانم، ئەفەندی، سەدری ئەعزەم، وەزیر، بەگی بەگان و بەگی سانجەقەکانەوە دەهات، هەروەها ئەمانە ئەرکی پاراستنی ئاسایش و رێکخستنی شوێنە تایبەتیەکانیان پێ درا بوو، لە بەڕێوەبردندا پیاوی بەهێز بوون، بۆیە ناوە ناوە کێشەیان بۆ دەوڵەتی عوسمانی دروست دەکرد. |
| عولوفە (علوفە) | ئەم زاراوەیە بەم سەربازانە دەوترا، کە سێ مانگ جارێک مووچەیان وەردەگرت. |
| فەریق (فریق) | واتە تاقم، تیپ، دوو لایەن، کۆمەڵە خەڵکێکی زۆر، بە پلەی سەربازیش دێت، لە چینی سەربازی لە دوای موشیر دەهات، ئەویش گەورەترین پلەی سەربازی بوو. |
| فرقە | دەستە، کۆمەڵ. |
| قەپوچوقدار (قپوچوقدار) | ئەم فەرمانبەرانە بوون کە لە بابی عالی ویلایەت، لە خزمەتی قەپوکەتهودا دابوون و هەندێک داواکاری والییان جێبەجێ دەکرد. |
| قەپوچی باشی | بەڕێوەبەری ئەم چینەیە، کە لە بەردەم دەرگای کۆشک وەستاون. |
| قەپوکەتهودا (قپوکتهودا) | قەپوکەتهودا خزمەتکاری بەر دەرگا بوو. |
| قەساس (قصاص) | سزای شەرعی بکوژی کوژراو و بریندارکاری بریندارکراوەکەیە، بۆ میراتی کوژراو داوای قەساس دەکەن. |
| قپوچی باشی (قپوچی باشی) | قەپوچی بە دەرگای فەرمانگە و شوێنە فەرمییەکانی دەوڵەت دەوترا، کە خەڵک بۆ ئیشوکارەکانیان لەم دەرگایە دەچوونە ژوورەوە و دەهاتنە دەرەوە، بێگومان ئەم دەرگایانەش بەرپرس و سەرۆکیان هەبووە، جگە لەمە قەپوچی باشیش پلەیەک بووە، دراوەتە فەرمانبەرانی دەوڵەت، بۆ نموونە ریکابی هومایۆنی قەپوچی باشی (رکاب هومایونی قپوچی باشی). |
| قۆڵ ئاغا (قول اغا) | بە واتای قۆڵ، لێرەش قۆڵی ئاغا یەکسانە بە ئەفسەری قۆڵی تابور، یا خود یاریدەدەری بینباشی، قۆڵی راست و چەپی ئاغا. |
| قولی | قول؛ ئەم پیاوەیە بۆ ئەرك جێبەجێ کردن دەکردرێت، هەرچی قولی؛ ئەم فەرمانبەرەیە بۆ چاودێری کردنی سەربازانی دوژمن و سەرپەرشتی کردنی زەوی و زار ئەرکی پێدەدرێت. |
| قوماندان | قوماندان سەرۆک یاخود بەرپرسی ئەفسەر دەکات، وەکو قوماندانی تابور، قوماندانی لەشکر، قوماندانی ئاڵای، قوماندانی ژاندارمە. |
| قۆناغ (قوناغ) | قۆناغ واتە مەنزل، لەسەر رێگا بۆ گەشتیاران و کاروانچیان دروست دەکرا، تا تێدا بحەسێنەوە و بخەون، هەروەها بۆ دەستنیشانکردنی دووری شوێنێک دەیانووت سێ قۆناغ یاخود چوار قۆناغ دوورە، واتە چەند قۆناغ لە نێوان ئەم دوو ناوچەیە هەبووایە هەژمار دەکرا، جگە لەمە بە کۆشکی پاشا و گەورەکان دەوترا قۆناغ یا قۆناق. فەرمانگەی حکوومەتیش پێی وتراوە قۆناغ وەکو قۆناغی حکومەت، کە هۆبەیەک لە هۆبەکانی فەرمانگەی فەرمی حکومەت پێی دەوترا قۆناغی حکومەت. |
| قیە | دەکاتە گرانی ٤٠٠ درهەم، بۆ دە یەکیش بە واتای کیلۆ دێت، کە ١٠٠٠ گرام دەکات. |
| کەتهودا (کتهودا) | واتە خزمەتکار ئەوانەی پلەکەیان لە فەرمانبەر نزمتر بوو، پێیان دەوترا خزمەتکار. |
| کەلەك (کلك) | ئەم پارچە دارانەن کە بە ئاو ئەستوور کراون و لە پاڵ یەکتر بە داو بەیەکتریەوە بەستراونەتەوە و تەختەیەکیان لێ پێکهێنراوە، لە رووبارەکانی جەزیرە بە تایبەتی لە دیجلە بۆ گواستنەوەی مرۆڤ و کەلوپەل بەکار هاتووە، ئەم کەلەکە بە گوێرەی گەورەییەکەی بۆ بەرێوەبردنی ٢ تا ٦ پیاوی پێویستە. دوای تەواو بوونی گەشتەکە بە تایبەتی لە سەر رووباری دیجلە تا دەگاتە بەغداد بەشی دارەکانی کەلەکەکە زۆر جار بە نرخێکی هەرزان دەفرۆشرا، هەروەها قازانجی راستەقینەی کەلەکچیەکان ئەم کرێیە بووە، کە لە کاروانچیەکان وەریاندەگرت. ئەم کەلەکچیانە لەسەر رووباری دیجلە تا خوارەوە کەرستەی بیناکاری و دانەوێڵە و باری گرانیشیان بار دەکرد. لە جەنگی جیهانی یەکەم سەربازیشیان پێ گوازراوەتەوە. |

| | |
|---|---|
| کیل | کیل، بۆ پێوانی دانەوێڵە بەکارهاتووە. |
| گاردیان | فەرمانبەری گرتووخانە. |
| مەشروتیەت (مشروطیت) | مەشروت واتە مەرجدار کە پەیوەستە بە مەرجەکانەوە، مەشروتەش لەلایەن یەکەم خاوەنیەوە بە مەرجی نەفرۆشتن بۆ میراتگرەکانی بەجێی هێشتووە، ئەویش وەکو خانوو، زەوی کشتوکاڵی، نەخۆشخانە، مزگەوت، هەرچی مەشروتیەتە ئەوا ئەم حوکمدارە دەگرێتەوە کە لە ژێر دەسەڵاتی سەرۆکایەتیە. |
| مەمالیکی مەحروسەی شاهانە (ممالیکی محروسە شاهانە) | وڵاتی عوسمانی. |
| مەمالیك (ممالك) | وڵاتەکان، مەملەکەتەکان، خاکی وڵاتێك. |
| مەملوک (مملوک) | کەسێک پارەی هەبێت، یاخود بەندە، کۆیلە. |
| مەنزل | لە بنەڕەتدا وشەیەکی عەرەبیە، بە زۆر مانا دێت، ئەوەی لە زمانی عوسمانیدا پێویستە بە مانای کۆشک، شوێنی کوشک، سەرە ڕێگای یەک ڕۆژ دێت، یاخود بە مانای دووری نێوان دوو کۆشک دەکات، تاتارەکان لە کاتی بردنی پۆستە بۆ ناوچەکانی تر، لەم مەنزیلانە هاتوونەتە خوارەوە و حەساونەتەوە، هەروەها ئەسپیان گۆڕیوەتەوە، یاخود شەویان لەوێ بەسەر بردووە. |
| موشیر (مشیر) | بە مانای ئاماژە پێکردن دێت، لەلایەکی تر لە چینی سەربازی یەکسانە بە وەزارەت، کە گەورەترین پلەی سەربازییە، بۆ نموونە موشیری لەشکر، موشیری تۆپخانە. |
| موعەججەلە (معجلە) | موڵکی میریە و لە وەقف دیارە، هەر لە وەقف مامەڵەی بۆ دەکرێت، کە پارەکەی پێش وەختە دەدرێت. واتە بە شێوەی بەگایەتی و وەرگرتنی پارەی پێشەکی لەلایەن ئاوقافەوە دەبێت. |
| موقاتەعە (مقاطعە) | ئەم زەویانە بوونەن، کە خاوەنداریەتی بۆ دەوڵەت یاخود وەقفەکان بووە، بە شێوەی ڕێککەوتن و بە کرێ دراوەتە کەسی تایبەت و دامەزراوەکان، جگە لەمەش بڕی پارەکە دیاری دەکرا و ئەم پارەیەش ڕاستەوخۆ دەچووە خەزینەی دەوڵەت. |
| میعمارباشی (معمارباشی) (سەرۆکی بیناسازی) | سەرۆکی بیناسازی، کاری سەرپەرشتیکردنی بیناسازی، هەروەها لە پیشەکەی خەریکی دابەشکردن و ڕێکخستنی کارەکەی بووە. |
| نازر (ناظر) | لە بینین هاتووە، واتە سەیرکردن، کە لە هەموو شوێنێک ئامادە و سەیرکەرە، ئەرکەکەشی بەڕێوەبردن و بەڕێکردنی کاروبارەکانە، وەکو نازری دارایی. |
| نەزارەت (نظارت) | لە زاراوەی بینین هاتووە؛ واتە چاودێری کردن و بینینی دەورووبەر. لەلایەکی تر بە مانای سەرۆکایەتی و بەڕێوەبردنی کاروبارەکان دێت. لەم سەردەمەدا بە مانای وەزارەت دێت. |
| هومایۆن (همایون) | پاشا. |
| وەکالەتپەناهی (وکالتپناهی) | پیشەی سەدری ئەعزەم، ئەم کارەیە کە پەیوەندی بە سەدری ئەعزەمەوە هەیە، یەکسانە بە سەرۆکی بریکار. |
| یوزباشی | لە بنەڕەتدا بە مانای ١٠٠ کەس دێت، لە ڕووی سەربازییەوە ئەم ئەفسەرە دەگرێتەوە کە قۆماندانیەتی بلۆکێک دەکات لە ١٠٠ سەرباز پێکهاتوون، بۆ نموونە یوزباشی سوارە، یوزباشی پیادە، یوزباشی ژاندارمە، یوزباشی ڕەدیف. |
| یوک | یوک بە مانای بار دێت، هەڵگرتنی بار ئینجا چ لەلایەن مرۆڤەوە بێت یاخود ئاژەڵ وەکو بارگیر و ئەسپ و گوێدرێژ، لەلایەکی تر بە مانایەکی تریش دێت، کە یەک یوک دەکاتە بڕی ٥٠٠ هەزار قوروش. |

# كـۆد و ووشــەی رەســەنــی كـۆدەكــان


| | | |
|---|---|---|
| A.AMD. | Bab-i Âsafî<br>Âmedî Kalemi | بابی عەسافی |
| A.DVN. | Sadaret<br>Divan Kalemi Evrakı | سەدارەت، كاغەزەكانی دیوانی قەڵەم |
| A.E.I. ABDÜLHAMİD. | Ali Emiri Tasnifi I. Abdülhamid | پۆلینكردنی میری عەلی، عەبدولحەمیدی یەكەم |
| A.E.III. OSMAN. | Ali Emiri Tasnifi III. Osman | پۆلینكردنی میری عەلی، عوسمانی سێیەم |
| A.E.III.AHMED. | Ali Emiri Tasnifi III. Ahmed | پۆلینكردنی میری عەلی، ئەحمەدی سێیەم |
| A.E.III.MUSTAFA. | Ali Emiri III. Mustafa | پۆلینكردنی میری عەلی، مستەفای سێیەم |
| A.MKT. | Sadaret<br>Mektubi Kalemi | سەدارەت، قەڵەمی تۆمار |
| A.MKT.DV. | Sadaret<br>Mektubi Kalemi Deavî | سەدارەت، دیوانی قەڵەمی تۆمار |
| A.MKT.MHM. | Sadaret<br>Mektubi Kalemi Mühimme | سەدارەت، قەڵەمی تۆمارە گرنگەكان |
| A.MKT.MİTM. | B.E.O. Sadaret Evrakı | بابی عالی، كاغەزەكانی سەدارەت |
| A.MKT.MVL. | Sadaret<br>Mektubi Kalemi Meclis-i Vala | سەدارەت، قەڵەمی تۆماری ئەنجوومەنی والا |

| | | |
|---|---|---|
| A.MKT.NZD. | Sadaret<br>Mektubi Kalemi Nezaret Ve Devair | سەدارەت، قەڵەمی تۆماری نەزارەت و دیوان |
| A.MKT.UM . | Sadaret<br>Mektubi Kalemi Umum Vilayet | سەدارەت، قەڵەمی تۆماری گشت ویلایەتەکان |
| BEO. | Babıali Evrak Odası | کاغەزەکانی ژووری بابی عالی |
| C.AS. | Cevdet<br>Tasnifi Askeriye | جەودەت، پۆلینکردنی سەربازی |
| C.EV. | Cevdet<br>Evkaf | جەودەت، ئاوقاف |
| C.NF. | Cevdet<br>Nafia | جەودەت، نافیە |
| C.T. | Cevdet<br>Timar | جەودەت، تیمار |
| DH.EUM.EMN. | Dâhiliye Nezareti<br>Emniyet-i Umumiye Müdüriyet Şubesi | نەزارەتی ناوەخۆ، یەکەی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیەتی گشتی |
| DH.EUM.MKT. | Dâhiliye Nezareti<br>Emniyet-i Umumiye Müdüriyeti Posta Mecmuası | نەزارەتی ناوەخۆ، بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵەی پۆستەی ئەمنیەتی گشتی |
| DH.I.UM.EK. | Dâhiliye Nezareti<br>İrade-iUmummiye Ekleri | نەزارەتی ناوەخۆ، پاشکۆی فەرمانی گشتی |
| DH.ID. | Dâhiliye Nezareti İrade | نەزارەتی ناوەخۆ، فەرمان |

| | | |
|---|---|---|
| DH.MB.HPS. | Dâhiliye Nezareti<br>Meban-i Emiriye-Hapishâneler | نەزارەتی ناوەخۆ، بینایەکانی میری-گرتووخانەکان |
| DH.MB.HPS.M. | Dâhiliye Nezareti<br>Meban-i Emiriye Hapishâneler Müdüriyeti | نەزارەتی ناوەخۆ، بەڕێوەبەرایەتی گرتووخانەکانی بینایەی میری |
| DH.MKT. | Dâhiliye Nezareti<br>Mektubi Kalemi | نەزارەتی ناوەخۆ، قەڵەمی تۆمار |
| DH.ŞFR. | Dâhiliye Nezareti<br>Şifre Kalemi | نەزارەتی ناوەخۆ، قەڵەمی شیفرە |
| DH.SN.THR. | Dâhiliye Nezareti<br>Sicill-i Nüfus idare-i umumiyesi tahrirât Kalemi | نەزارەتی ناوەخۆ، تۆماری ناسنامە، فەرمانی گشتی قەڵەمی تۆمارکردن |
| DH.TMIK. M. | Dâhiliye Nezareti<br>Tesr-i Muamelat Ve Islahat Komisyonu Muamela | نەزارەتی ناوەخۆ، مامەڵەی قۆمیسیۆنی چاکسازی و مامەڵەی بەپەلە |
| DH.TMIK.S. | Dâhiliye Nezareti<br>Tesrî-i Muamelat ve Islahat Komisyonu | نەزارەتی ناوەخۆ، قۆمیسیۆنی چاکسازی و مامەڵەی بەپەلە |
| DH.UMVM. | Dâhiliye Nezareti<br>Umur-i Mahalliyye Ve Vilayat Müdürlüğü Kataloğu | نەزارەتی ناوەخۆ، کاروباری دارایی و کەتەلۆگی بەڕێوەبەرایەتی ویلایەت |
| HR.MKT. | Hariciye Nezareti<br>Mektubi Kalemi Evrakı | نەزارەتی دەرەوە، کاغەزەکانی قەڵەمی تۆمار |


| | | |
|---|---|---|
| HR.SYS. | Hariciye Nezareti<br>Tahrirat-ı Hariciye Odası | نەزارەتی دەرەوە، ژووری<br>تۆماری دەرەوە |
| I.AS. | Irade Askeri | فەرمانی سەربازی |
| İ.DH. | Irade Dâhiliye | فەرمانی ناوەخۆ |
| I.DUIT. | Irade Dosya Usulü Iradeler Tasnifî | ڕێگاکانی فەرمانی دۆسیە،<br>پۆلینکردنی فەرمان |
| I.HB. | Irade Harbiye | فەرمانی جەنگی |
| I.HUS. | Irade Hususi | فەرمانی تایبەتی |
| İ.ML. | Irade Maliye | فەرمانی دارایی |
| İ.MMS. | Irade Meclis-i Mahsus | فەرمانی ئەنجوومەنی تایبەت |
| I.MVL. | Irade Meclis-i Vâlâ | فەرمانی ئەنجوومەنی والا |
| I. ŞD. | Irade Şura-yı Devlet | فەرمانی شورای دەوڵەت |
| İ.TAL. | Irade Taltifat | فەرمانی ڕێزگرتن و بەخشین |
| İE.EV. | Ibnulemin Tasnifi Evkaf (Vakıf) | پۆلینکردنی وەقفی<br>ئیبنولئەمین |
| MF.MKT. | Maarif Mektubi Kalemi | قەڵەمی تۆماری مەعاریف |
| MV. | Meclis-i Vükela<br>Meclis-i Vükela Matbataları | ئەنجوومەنی بریکارەکان،<br>چاپکراوەکانی ئەنجوومەنی<br>بریکارەکان |

| | | |
|---|---|---|
| MVL. | Meclisi Vâlâ | ئەنجوومەنی والا |
| MVL. | Meclis-i Vâlâ<br>Meclis-i Vâlâ Evrakı | ئەنجوومەنی والا، کاغەزەکانی ئەنجوومەنی والا |
| Ş.D. | Şura-yı Devlet Evrak | کاغەزەکانی شورای دەوڵەت |
| Y.A.HUS. | Yıldız<br>Sadâret Hususi | ئەستێرە، تایبەت بە سەدارەت |
| Y.MTV. | Yıldız<br>Mütenevvi Maruzât Evrakı | ئەستێرە، کاغەزی داواکاریە وون بووەکان |
| Y.PRK. AZJ | Yıldız<br>Perakende, Arzuhâl ve Jurnaller Kataloğu | ئەستێرە، نارێك، کەتەلۆگی داواکاری و ژورنال |
| Y.PRK.ASK. | Yıldız<br>Tasnifi Perakende Evrakı Askeri Maruzat | ئەستێرە، پۆلینکردنی نارێکی کاغەزەکانی داواکاری سەربازی |
| Y.PRK.DH. | Evrakı Dâhiliye Nezareti Maruzatı | کاغەزەکانی داواکاری نەزارەتی ناوەخۆ |
| Y.PRK.PT. | Yıldız<br>Perakende Posta ve Telgraf | ئەستێرە، پۆستە و تەلەگرافی نارێك |
| Y.PRK.SH. | Yıldız<br>Tasnifi Perakende Evrakı Sıhhıye Nezareti Maruzatı | ئەستێرە، پۆلینکردنی کاغەزی داواکاریە نارێکەکانی نەزارەتی تەندروستی |
| Y.PRK.UM. | Evrakı Umum Vilayetler Tahriratı | کاغەزی گشتی، تۆماری ویلایەتەکان |


OSMANLI ARŞİVİ
MVL
8 | 15 | 3


MVL.00008.00019.003

| MVL | 00008.00019 | 10 ڕەمەزان 1262 (1 ئەیلوول 1846) |
| --- | --- | --- |
| ڕاگەیەندراوی بەندەمانە<br>ئەمجارە نووسراوێکی جەنابی پاشا والی موسڵ هاتووە و تێدا ڕوون بۆتەوە، ئەم سەربازە شاهانەی بۆ سەر ڕەسول پاشا قائیمقامی سانجەقەکانی ڕەواندز و حەریر ڕۆیشتووە، لەلایەن جەنابی شاهەنشا ڕوون کراوەتەوە کە هەندێك قەڵای سانجەقی حەریر بە چ شێوەیەك جێگیر کراوە و تەواو کراوە، بە تۆمار کردنی نووسراو لەسەر فەرمانی پەیوەندیداری وەکالەت هاوپێچ پێشکەش کراوە، لەم بابەتەدا بڕیار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە. | | |





MVL.00374.00071.004

| MVL | 00374.00071 | 14 ڕەبیعی کۆتایی 1263 (1 نیسان 1847) |
| --- | --- | --- |
| جەنابی میری میرانی ئاغای بەڕێز<br>لە میرەکانی ڕەواندز سلێمان بەگ بە سەنەدی ڕاست و دروست مولك لە سەر ناوی بووە و تا ئەمڕۆش بە ناوی ئەوە و لە ژێر دەستییەتی، بۆ ئیدارە کردن و جێگیر کردنی ئەم مولکانە وەکو جاران هاتۆتە ئەم لایە و داوای کردۆتەوە، هەر چەندە سەنەدەکانی ئەملاکی ناوهاتوو شایەنی نارەزایی بووە، بەڵام تا ئێستا بەڕێوەی بردووە، بەم بارودۆخە با هەر لە ژێر دەستی بمێنێتەوە و پێویست بە نارەزایی ناکات، نووسراو کراوە. | | |




A.}AMD.00021.00058.001


| A.AMD | 00021.00058 | 17 زیلحیجە 1266 (24 تشرینی یەکەم 1850) |
|---|---|---|
| نووسراوی سەدری ئەعزەم<br>بە فەرمانی جەنابی نازری دارایی راپۆرت پێشکەش کراوە، لە خەواجەکان عومەر خلوسی ئەفەندی بە مووچەی ٢٢٥٠ قوروش لە باش کیتابەتی قائیمقامیەتی رواندز و عیزەت ئەفەندی بە ١٠٠٠ قوروش لە تەحریراتی کیتابەت دادەمەزرێن، ئەگەرچی لە خەزینە جێبەجێ دەکرێت، بەڵام لەم بابەتەدا بریار و فەرمانی جەنابی پاشا چی بێت بە گوێرەی ئەو کار دەکرێت. | | |


i.MVL 184/5523 3

İ.MVL.00184


| 27 زیلقەعدە 1266 (4 تشرینی یەکەم 1850) | 00184.005523 | İ.MVL |
| --- | --- | --- |

جەنابی میهرەبانی ئەفەندم
لەسەر فەرمانی ئەنجوومەنی والا مەزبەتە پێشکەش کراوە و تێدا هاتووە حیلمی پاشا لە قائیمقامی ڕەواندز دامەزراوە، مووچەی قائیمقامیەتی ناوهاتوو لە مووچەی کراوە ٥٠٠٠ قوروش بە بەرزکردنەوە ١٧٥٠٠ قوروش دابین بکرێت، خەرجی ڕێگاش ٢٥٠٠٠ قوروش دابین بکرێت، ئەگەرچی نووسراو کراوە بەڵام لەم بابەتەدا بریار و فەرمانی جەنابی تاجدار چی بێت جێبەجێ دەکرێت، نووسراو کراوە ئەفەندم.


T.C. BAŞBAKANLIK OSMANLI ARŞİVİ DAİRE BAŞKANLIĞI (BOA)
OSMANLI ARŞİVİ
A.} AMD
27 42


A.}AMD.00027.00042.001

<table>
<tr><td>A.AMD</td><td>00027.00042</td><td>27 سەفەر 1267 (1 کانوونی دووەم 1851)</td></tr>
<tr><td colspan="3">نووسراوی سەدری ئەعزەم<br>راغب پاشا لە قائیمقامیەتی رەواندز دامەزراوە، لەگەڵ نەزارەتی دەرەوەی شکۆدار گفتوگۆ کراوە، ڕێنمایی رەشنووسی پاشا دراوەتە قەڵەم، لەگەڵ مەزبەتەی بە واژووی ئەنجوومەنی والا بەیەکەوە دراوەتە جەنابی پاشا، رەشنووسی ناوهاتوو و ئەحکامەکانی هەر چییەك بێت بە بریار و فەرمانی جەنابی شاهەنشا چی بێت جێبەجێ دەکرێت، بە راگەیاندنی نووسراو کراوە.</td></tr>
</table>





A.}MKT.MHM.00039.00011.001

<table>
<tr><td>A.MKT.MHM</td><td>00039.00011</td><td>12 موحەڕرەم 1268 (7 تشرینی دووەم 1851)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ قائیمقامیەتی والی شارەزوور<br>بەهۆی چەتەکانی عەشیرەتی خۆشناو، هێزی سەربازی بۆ سانجەقی ڕەواندز ڕەوان کراوە، تا ئاسایش و ئەمنیەتی ناوچەکە بپارێزن، نووسراویش بۆ ئەم مەبەستە هاتووە، دوای ئەمەش نووسراوی جەنابی پاشا ڕاگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، بە تێروانین لە ئاماژەکانەوە ئامادەکاری کراوە و سوودی هەبووە، زیانەکانی چەتەکان بە ئاسانی کۆتایی هاتووە، تا جەنابی والی پاشا دەگاتە شوێنەکە ئاوا بەم شێوەیە ئاسایش بەرقەرار بکرێت و بپارێزرێت.</td></tr>
</table>




İ.MVL.00242

<table>
<tr><td>İ.MVL</td><td>00242.008711</td><td>23 شەوال 1268 (10 ئاب 1852)</td></tr>
<tr><td colspan="3">جەنابی میهرەبانی ئەفەندم<br>ڕسوماتی گومرگی سەنجەقەکانی سلێمانی و ڕەواندز لە ئەنجوومەنی واڵا دراوەتە قەڵەم لەگەڵ ڕاپۆرتی نەزارەتی دارایی شکۆدار و مەزبەتەی ئەنجوومەنی ژمێریاری بەرز کراوەتەوە و بە گوێرەی ناوەڕۆکی مەزبەتەکە سانجەقەکانی ناوهاتوو کەوتوونەتە سەر سنووری ئێران، ئەم داهاتەی گوازراوەتەوە بۆ ئێران و ئەم کەلوپەلەی لەوبەر دێت ڕەسمی گومرگ وەردەگیرێت، بۆ ئەمەش فەرمانبەری تایبەتی دەست پاك دابمەزرێن و دەفتەری گومرگ ڕەوان بکرێت، لە ساڵی ١٢٦٩ ەوە بە شێوەیەکی یەکلایی کەرەوە حەواڵە کراوە، دووبارە ڕووداوی گومرگ نوێ بۆتەوە، فەرمانی عالی بۆ جەنابی پاشا والی شارەزوور ڕەوان کراوە و پارچەیەك نووسراوی مۆرکراوی گومرگ ڕەوان کراوە، ئەگەرچی نووسراو بۆ نەزارەتی ناوهاتوو ڕەوان کراوە، بەڵام لەم بابەتەدا بڕیار و فەرمانی جەنابی پاشا بە فەرمانی پاشا چ بفەرمووێت جێبەجێ دەکرێت، نووسراو کراوە ئەفەندم.</td></tr>
</table>





İ.DH.00242

| İ.DH | 00242.014714 | 5 موحەررەم 1268 (31 تشرینی یەکەم 1851) |
|---|---|---|
| جەنابی میهرەبانی ئەفەندم<br>قائیمقام راغب پاشا والی ئەیالەتی شارەزوور ئامۆژگاری چەتەکانی عەشیرەتی خۆشناوی دراوسێی سانجەقی ڕەواندزی کردووە، بەڵام ئەمانە گوێرایەڵ نەبوونە، ناردنی هێزی سەربازی بۆ ناوچەکە ئاسان بووە و ئاسایش بەرقەرار بووە، نووسراوی هاوپێچ پێشکەشی عالی کراوە، جەنابی پاشا بریار و فەرمان دەربکات، تا ئاسایشی ناوچەکە هەمیشە بەردەوام بێت، نووسراو کراوە ئەفەندم. | | |





A.}MKT.MHM.00057.00066.001

| A.MKT.MHM | 00057.00066 | 1 زیلحیجە 1269 (5 ئەیلوول 1853) |
|---|---|---|
| لایەنی عالی جەنابی ڕاوێژکار بۆ نەزارەتی دارایی شکۆدار<br>سەر لە نوێ بابەتی گومرگ لە سانجەقی ڕەواندز نوێ بۆتەوە، لەسەر هەندێك ووتەش لەلایەن والی شارەزوور جەنابی پایەبەرزی پاشا نووسراو و هاوپێچ هاتووە، لەسەر فەرمانی پەیوەندیداری نەزارەتی واڵای پایەبەرز هاوپێچ ڕەوان کراوە، بۆ جێبەجێ کردنی کارەکە بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە. | | |




| İ.MVL | 00251.009242 | 24 موحەرەم 1269 (7 تشرینی دووەم 1852) |
| --- | --- | --- |


جەنابی میهرەبانی ئەفەندم
ڕاپۆرت و پوختەی ئەنجوومەنی واڵا و نەزارەتی دارایی شکۆدار بەیەکەوە بۆ عالی بەرز کراوەتەوە، ئەم مەزبەتەی پێشکەش کراوە تێدا روون بۆتەوە، داهاتی قەزایەکانی سانجەقی ڕەواندز و حەریر سەر بە ئەیالەتی شارەزوور کە ناویان هاتووە، بە گوێرەی ڕاپۆرتی خۆجێی لە ئەیلوولی ١٢٦٧ تا کۆتایی ١٢٦٨، بری ٦٩٥ کیسە و ١٣٠ و نیو قوروش شوێنگرەوەی دیاریکراو و ٣١١٥ عولبە گەنم و جۆ و چەڵتوك دراوەتە داواکراوان هەروەها کەلوپەلی گشتی لە ڕاپۆرتی ناوهاتوو نیشان دراوە کە چۆن ڕێك بخرێت، بەڵام لەم بابەتەدا بریار و فەرمانی جەنابی پاشا چی بێت جێبەجێ دەکرێت و دەدرێتە نەزارەتی ناوهاتوو، بە ڕاگەیاندنی نووسراو کراوە ئەفەندم.


OSMANLI ARSIVI DAIRE BASKANLIGI

İ. MVL. 254/9432

İ.MVL. 00254


| İ.MVL | 00254.009432 | 23 سەفەر 1269 (6 كانوونی یەكەم 1852) |
| --- | --- | --- |
| جەنابی میهرەبانی ئەفەندم<br>نووسراو لە ئەنجوومەنی والا دراوەتە قەڵەم لەگەڵ ڕاپۆرتی نەزارەتی دارایی و مەزبەتەی ئەنجوومەنی ژمێریاری پێشکەش کراوە تا بۆ عالی بەرز بکرێتەوە، لە مەزبەتەکە هاتووە، بەڕێوەبەر و کاتیبی سانجەقی ڕەواندز لەگەڵ قەزای دیرە حەریر دوور خراونەتەوە، بۆیە حاجی محەمەد ئاغا بە مووچەی ٥٠٠ قوروش وەکو بەڕێوەبەر و حەسەن ئەفەندی بە مووچەی ٢٠٠ قوروش وەکو کاتیب دامەزراون، بە پەسەند کردنی ئەرکەکەیان مووچەکانی باسکراو لە مارتی ١٢٦٨ هەژمار بکرێت، بە نەزارەتی ناوهاتوو ڕاگەیەندراوە، بەڵام لەم بابەتەدا جەنابی ملوکانە بە فەرمانی پاشا چ بفەرمووێت جێبەجێ دەکرێت، بە ڕاگەیاندنی نووسراو کراوە ئەفەندم. | | |




İ.MVL.00268

| İ.MVL | 00268.010293 | 24 جەمادی کۆتایی 1269 (4 نیسان 1853) |
| --- | --- | --- |


جەنابی میهرەبانی ئەفەندم
نووسراوی ئەنجوومەنی واڵا و ڕاپۆرتی نەزارەتی دارایی شکۆدار و مەزبەتەی ئامادەکراو پێشکەشی جەنابی پاشا دەکرێت، بە گوێرەی مەزبەتەکە قەزاکانی باڵەك و سیدەکانی سەر بە سانجەقی ڕەواندز ستراتیژیە، بۆ هەر یەکەیان بەڕێوەبەرێك دامەزرێت، باجیش خراونەتە سەر شانی دانیشتوان، لە مێژووی دەست نیشان کراودا بە دابین کردنی ٢٥٠ قوروش مووچە بۆ هەر یەکە لە حاجی دەروێش ئاغا لە قەزای باڵەك و قاسم ئاغا لە قەزای سیدەکان وەکو بەڕێوەبەر دامەزرێن، نووسراو بۆ نەزارەتی ناوهاتوو ڕەوان کراوە تا لە خەزینە ڕێك بخرێت، بەڵام جەنابی ملوکانە بە فەرمانی پاشا چ بفەرمووێت جێبەجێ دەکرێت، بە ڕاگەیاندنی نووسراو کراوە ئەفەندم.



İ.MVL.00296

| İ.MVL | 00296.012013 | 9 جەمادی یەکەم 1270 (7 شوبات 1854) |
| --- | --- | --- |

جەنابی میهرەبانی ئەفەندم
نووسراو لە ئەنجوومەنی والا دراوەتە قەڵەم لەگەڵ راپۆرتی نەزارەتی دارایی مەزبەتە راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، تا بۆ جەنابی پاشا بەرز بکرێتەوە، بە گوێرەی مەزبەتەکە حاجی محەمەد ئاغا بەرێوەبەری قەزای دیرە حەریر سەر بە سانجەقی رەواندز لە ئەرکەکەی بووردراوە و لە کارەکەی دوورخراوەتەوە، لە شوێن ئەو لە ١٥ ئەیلولەوە بە مووچەی ٥٠٠ قوروش ئەحمەد ئاغا خانەدانی هەولێر بە وەکالەت دامەزراوە، ئەرکەکەشی بە گونجاو زانراوە، بە گوێرەی راپۆرت نووسراو بۆ ناوچەکە رەوان کراوە، بۆ ئەوەی لە خەزینە رێك بخرێت نووسراو لە نەزارەتی ناوهاتوو کراوە، بەڵام جەنابی پاشا بریار و فەرمان چی بێت جێبەجێ دەکرێت، بە راگەیاندنی نووسراو کراوە ئەفەندم.





İ.MVL.00298

| İ.MVL | 00298.012093 | 27 جەمادی یەکەم 1270 (25 شوبات 1854) |
|---|---|---|


جەنابی میهرەبانی ئەفەندم

لەسەر راپۆرتی نەزارەتی دارایی شکۆدار لە ئەنجوومەنی والا دراوەتە قەڵەم، بۆ فەرمانی جەنابی ملوکانە مەزبەتە راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، بە گوێرەی مەزبەتەکە بەڕێوەبەری قەزای سیدەکانی سەر بە سانجەقی ڕەواندز دوور خراوەتەوە و بووردراوە، بە وەکالەت مەعروف ئاغا بە مووچەی ٢٥٠ قوروش دامەزراوە، ئەرکەکەشی بە گونجاو زانراوە، بە ئاماژەی جەنابی والی شارەزوور نووسراو بۆ نەزارەتی ناوهاتوو کراوە، تا لە خەزینە جێبەجێ بکرێت، لەم بابەتەدا جەنابی شاهەنشا بریار و فەرمانی چی بێت جێبەجێ دەکرێت، بە راگەیاندنی نووسراو کراوە ئەفەندم.



İ.MVL.00308

<table>
<tr><td>18 رەمەزان 1270 (14 حوزەیران 1854)</td><td>00308.012745</td><td>İ.MVL</td></tr>
<tr><td colspan="3">جەنابی میهرەبانی ئەفەندم<br>بۆ دەرچوونی فەرمانی جەنابی جیهاندار مەزبەتەی نەزارەتی دارایی شکۆدار لەگەڵ راپۆرت رادەگەیەندرێت و پێشکەش دەکرێت، هاوپێچیش لە ئەنجوومەنی واڵا نووسراوەتەوە، بە گوێرەی نووسراوەکان لە کاتی ئیمساك و ئیفتاری رۆژانی رەمەزان ئەم تۆپانەی لە سانجەقی رەواندز دەتەقێنرێن بری ٤٥ و نیو باروت خەرج کراوە، بەڵام لە سنووری نیزام دەرچووە و بە زیادە خەرج کراوە، باروتی تۆپەکان گەورەیە و بەهاکەی گرانترە، بە گشتی هەشت یەك هەژمار کراوە، بۆ ئەوەی دووبارە نەبێتەوە لەمەودوا لە لیوای ناوهاتوو هەموو ساڵ لە مانگی رەمەزانی شەریف و جەژندا بری باروتەکە مۆڵەتی پێ بدرێت، بۆ جێبەجێ کردنی نووسراو بۆ نەزارەتی ناوهاتوو کراوە، بەڵام لەم بابەتەدا جەنابی پاشا بە بریار و فەرمان چ بفەرمووێت جێبەجێ بکرێت، بە راگەیاندنی نووسراو کراوە ئەفەندم.</td></tr>
</table>



OSMANLI ARŞİVİ DAİRE BAŞKANLIĞI (C)

İ.MVL. 308/12752

| İ.MVL | 00308.012752 | 19 رەمەزان 1270 (15 حوزەیران 1854) |
| --- | --- | --- |


جەنابی میهرەبانی ئەفەندم

لەسەر فەرمانی نازری دارایی جەنابی پاشا راپۆرت راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، هاوپێچ لە ئەنجوومەنی والا نووسراوەتەوە، بەرێوەبەری قەزای باڵەك سەر بە رەواندز بووردراوە و دوور خراوەتەوە، لە شوێن ئەو قاسم ئاغا بە ٢٥٠ قوروش مووچە دامەزراوە، بە ئاماژەی یاسای خۆجێی لە خەزینە نووسراو بۆ جەنابی نازری ناوهاتوو بەرز کراوەتەوە، تا کارەکە جێبەجێ بکرێت،بەڵام لەم بابەتەدا جەنابی ملوکانەی هومایۆن بریار و فەرمانی چی بێت جێبەجێ دەکرێت، بە راگەیاندنی نووسراو کراوە ئەفەندم.




İ.MVL.00310

<table>
<tr><td>İ.MVL</td><td>00310.012926</td><td>21 شەوال 1270 (17 تەمموز 1854)</td></tr>
<tr><td colspan="3">جەنابی میهرەبانی ئەفەندم<br>نووسراوی ئەنجوومەنی واڵا دراوەتە قەڵەم، ڕاپۆرتی نەزارەتی دارایی شکۆدار و مەزبەتەی ئەنجوومەنی ژمێریاری بەیەکەوە ڕاگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، تا بدرێتە جەنابی پاشا، بە گوێرەی مەزبەتە دەردەکەوێت لە قائیمقامیەتی ڕەواندز بری ٤٢٠٠ قوروش بۆ بەهای جلەکانی موختاری عەشیرەت و کوردەکان هەژمار کراوە، دوای مۆڵەت و دوای خەرج نەکردنی خەرجیەکە، نووسراو بۆ نەزارەتی ناوهاتوو کراوە، بەڵام جەنابی شاهنشا بریار و فەرمانی چی بێت جێبەجێ دەکرێت، دوای ڕاگەیاندنی نووسراو کراوە ئەفەندم.</td></tr>
</table>





A.}MKT.DV.00082.00037.001

<table>
<tr><td>A.MKT.DV</td><td>00082.00037</td><td>24 زیلقەعدە 1271 (8 ئاب 1855)</td></tr>
<tr><td colspan="3">جەنابی راوێژکاری سەر عەسکەر<br>نرخی داهاتی ئەم زەخیرەی لەلای سادق ئاغایە وەرگیراوە، بەڵام لەلایەن بینباشی سەربازی نیزامیەی شاهانە مستەفا ئەفەندی کاتیبی ناسنامەی رەواندز سەرپێچی کراوە، ئەم ئیعلامەی لە ئەنجوومەنی بازرگانی رێکخراوە و نێردراوە، بۆ رێکخستنی داهاتەکە و وەرگرتنی هیممەت بکرێت.</td></tr>
</table>





A.}MKT.NZD.00133.00075.001

<table>
<tr><td>A.MKT.NZD</td><td>00133.00075</td><td>29 جەمادی یەکەم 1271 (17 شوبات 1855)</td></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی دارایی<br>قائیمقامی ڕەواندز میری میرانی پاشا کە لە قائیمقامیەتی دیوانیە بووە، مانگانە مووچەکەی ١٠٠٠٠ قوروش بووە و مووچەی ١٥ مانگی وەرنەگرتووە، بە کۆکراوەیی بۆتە ١٥٠٠٠٠ قوروش، ناوبراو داوای کردووە پارەکەی پێ بدرێت، نووسراوەکە هاتووە و لە ئەنجوومەنی والا پێی دەدرێت، خوێندنەوە بۆ ئاماژەی دەوڵەت کراوە، نووسراوی ناوهاتوو ڕەوان کراوە.</td></tr>
</table>





A.}MKT.NZD.00159.00021.001

| A.MKT.NZD | 00159.00021 | 3 زیلحیجە 1271 (17 ئاب 1855) |
|---|---|---|
| نەزارەتی دارایی شکۆدار<br>زانای رەواندز جەرجیس ئەفەندی بژێوی ئابووری خراپە، لەبەر ئەوەی دوو کتێبی نووسیوە، مووچەیەکی گونجاوی بۆ دابین بکرێت، لەسەر بریاری ئەنجوومەنی والا جەنابی پاشا بە فەرمانی پاشا رەزامەندی نیشان داوە و لە ٢٧ شەوال ١٢٧١ بە سەروو راگەیەندراوە، ناوبراو شایستەیە و یەکێکە لە زاناکان، بۆیە کارەکە جێبەجێ بکرێت. | | |





| İ.MVL | 00334.014393 | 17 شەوال 1271 (3 تەمموز 1855) |
|---|---|---|

جەنابی میهرەبانی ئەفەندم
نووسراو لە ئەنجوومەنی والا دراوەتە قەڵەم لەگەڵ راپۆرتی نەزارەتی دارایی شکۆدار مەزبەتە راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە تا بدرێتە جەنابی پاشا، لە ناوەرۆکی مەزبەتەکە دەردەکەوێت، ١٧ خانە لە خانەدان و بەگزادەکانی قەزای ئۆشنی سەر بە سنووری سانجەقی ڕەواندز ملکەچی خۆیان بۆ حکوومەتی عوسمانی راگەیاندووە و بە هاتنیان لە گوندەکانی ڕەواندز نیشتەجێ بوونە، هەروەها بۆ دوورخستنەوەی کێشەی حاجی حوسێن بەگ و میر سوڵتان و سەید بەگ و عەبدوڵڵا خان بەهای ئەم گەنم و جۆیەی دەدرێت بە ١٧٠٧ و نیو قوروش هەژمار کراوە، نووسراو بۆ نەزارەتی ناوهاتوو نێردراوە، بەڵام لەم بابەتەدا بریار و فەرمانی جەنابی پاشا چی بێت جێبەجێ دەکرێت، بە راگەیاندنی نووسراو کراوە ئەفەندم.




İ.MVL.00335

<table>
<tr><td>İ.MVL</td><td>00335.014459</td><td>4 زیلقەعدە 1271 (19 تەمموز 1855)</td></tr>
<tr><td colspan="3">جەنابی میهرەبانی ئەفەندم<br>نووسراو لە ئەنجوومەنی والا دراوەتە قەڵەم لەگەڵ راپۆرتی نەزارەتی دارایی شکۆدار و مەزبەتەی ئەنجوومەنی ژمێریاری راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە تا بدرێتە عالی، لە مەزبەتەکە روون بۆتەوە عەبدولقادر ئەفەندي کاتیبی فارسی سانجەقی رەواندز و عەتا ئەفەندی هاوەڵی لەگەڵ قاسم ئاغا بەرێوەبەری قەزای باڵەك بووردراون، ئەحمەد نادر ئاغا بەرێوەبەری قەزای حەریر و مەعروف ئاغا بەرێوەبەری قەزای سیدەکان لە ئەرکەکەیان سەرکەوتوو نەبوونە، بۆیە گۆرینەوەیان پێویستە، محەمەد ئەفەندی لە شوێنی عەبدولقادر ئەفەندی و عەتا ئەفەندی لە شوێنی عەلی ئەفەندی و ئەحمەد ئاغا لە شوێنی ئەحمەد نادر ئاغا و سلێمان ئاغا لە شوێنی قاسم ئاغا و مەردان ئاغا لە شوێنی مەعروف ئاغا بە مووچەی پێشوویان دادەمەزرێن، حاڵی حازر بە گرنگ نەزانراوە بەرێوەبەر لە قەزای سیدەکان جێگیر بکرێت، بۆیە موراد ئاغا لە جۆلەمێرگ جێگیر بکرێت، نووسراو بۆ نەزارەتی ناوهاتوو کراوە تا جێبەجێ بکرێت، لەم بابەتەدا جەنابی ملوکانە بە فەرمانی پاشا چ بفەرمووێت جێبەجێ بکرێت، بە راگەیاندنی نووسراو کراوە ئەفەندم.</td></tr>
</table>





A.}MKT.MHM.00084.00018.001

| A.MKT.MHM | 00084.00018 | 13 جەمادی کۆتایی 1272 (20 شوبات 1856) |
|---|---|---|
| لە لایەنی جەنابی ڕاێژکار بۆ جەنابی کەتهودا حەقی بەگ نازری خەزینەی تایبەتی شاهانە<br>موتەسەرفی موسڵ میری میران جەنابی پاشا قائیمقامی ڕەواندزی ڕادەستی ڕاغب پاشا کردووە و بۆ ئەم لایەنەی ناردووە، لە بارەی ئەم کەلوپەلانەی کە وون بووە، بە تەواوەتی ڕەتی کردۆتەوە، بۆ ئەمەش دوو پارچە نووسراو و مەزبەتەیەك ڕەوان کراوە، کەلوپەلی ناوهاتوو دەست بە دەست دراوە، وەکو خۆی یاخود بە شوێنگرەوە یاخود شەرعەن بدرێتەوە، بە گوێرەی نامەی جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت لەلایەن عەلی بەگ ئەفەندی زاوای ناوبراو داوا کراوەتەوە، نووسراوی ناوهاتوو دراوەتە جەنابی عالی و پێشکەشی کراوە، بڕیار و فەرمانی عالی ڕاگەیەندراوە و ئاماژەی پێکراوە، هیممەت بکرێت ئەفەندم. | | |





A.}MKT.MHM.00094.00016.001

<table>
<tr><td>A.MKT.MHM</td><td>00094.00016</td><td>16 سەفەر 1272 (28 تشرینی یەکەم 1855)</td></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی دارایی شکۆدار<br>بە نازناوی کەتهودا عیززەت ئەفەندی بە وەکالەت لە قائیمقامیەتی رەواندز دامەزراوە، بۆ رێکخستنی خەرجی لە فەرمانگەی خەرجی نووسراوی موتەسەرفی موسڵ هاتووە، نووسراوی والی شارەزوور لەگەڵ دەفتەر بەیەکەوە بۆ واڵا بەرز کراوەتەوە، بۆ جێبەجێ کردنی هیممەت بکرێت.</td></tr>
</table>





A.}MKT.NZD.00169.00048.001

<table dir="rtl">
<tr><td>A.MKT.NZD</td><td>00169.00048</td><td>22 سەفەر 1272 (3 تشرینی دووەم 1855)</td></tr>
<tr><td colspan="3">موشیرەتی تۆپخانەی عامیرە<br>ماوەیەک پێش ئێستا موراد ئەفەندی پزیشکی موسڵ مانگانە بە موچەی ۱۰۰۰ قوروش مۆڵەتی وەرگرتووە و چۆتە دەرسەعادەت، لەم ماوەیەدا لەوێش نەخۆشی زیادی کردووە، بۆیە لەگەڵ پزیشکەکانی کەرەنتینەی موسڵ ئامادە بووە، بەڵام بەم دواییە گوازراوەتەوە ڕەواندز، ئەسعەد ئەفەندی بە مووچەی ناوهاتوو لە موسڵ دابمەزرێت و لە شوێن ئەویش موراد ئەفەندی دابمەزرێت، مەزبەتە لە ئەنجوومەنی موسڵ هاتووە و دراوەتە ئەنجوومەنی والا، بە گفتوگۆکردن لەگەڵ نەزارەتی مەکتەبی پزیشکی خوێندنەوەی بۆ بکرێت و جێبەجێ بکرێت، مەزبەتەی ناوهاتوو هاوپێچ بۆ عالی ڕەوان کراوە، فەرمانی ئەفەندیمانە.</td></tr>
</table>





A.}MKT.NZD.00178.00096.001

| **A.MKT.NZD** | 00178.00096 | **5 ڕەجەب 1272 (12 مارت 1856)** |
|---|---|---|
| نەزارەتی دارایی<br>لەوانەیە میری میران ڕاغب پاشا قائیمقامی پێشووی ڕەواندز لە قائیمقامیەتێك دابمەزرێت، بۆیە زانیاری ڕەوان بکرێت ئاخۆ قەرز یا شتێکی لەسەرە یاخود نییە، بە لێکۆڵینەوە ئاماژەی پێ بکرێت، لە ئەنجوومەنی والا ئاماژەی پێکراوە و بە والاش ڕابگەیەندرێت، بە پەلە لێکۆڵینەوە بکرێت و ئاماژەی پێ بکرێت. | | |





A.}MKT.NZD.00182.00077.001

| A.MKT.NZD | 000182.00077 | 16 شەعبان 1272 (22 نیسان 1856) |
|---|---|---|
| ڕاگەیەندراوی بەندەمانە<br>تۆفیق ئەفەندی باش کاتیبی دارایی سانجەقی ڕەواندز کارەکانی بە باشی بەڕێوە بردووە، پلەکەی بۆ خەواجە بەرز بۆتەوە، بەمەش خۆشحاڵ بووە، ئەم مەزبەتەی هاتووە لەگەڵ تەحریرات پێشکەش کراوە، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە. | | |





| İ.DH | 00329.021444 | 23 موحەررەم 1272 (5 تشرینی یەکەم 1855) |
| --- | --- | --- |

جەنابی میهرەبانی ئەفەندم
باش موختاری ناحیەی باڵەك سەر بە سانجەقی ڕەواندز ماوەیەکە بۆ ئێران ڕایکردووە، بەڵام چەند ڕۆژ پێش ئێستا ملکەچی خۆی ڕاگەیاندوە، بۆ دڵنیاییش میر عەزیز هێنراوە و بە ووتەی ئەو لە سەرەتای ئۆغستۆسی ١٢٧١ بری ٧٥٠ قوروش مووچەی بۆ دابین بکرێت، جەنابی پاشا والی شارەزوور نووسراو هاتووە و بۆ شاهەنشا بەرز کراوەتەوە و ڕاگەیەندراوە، بۆ میری ناوهاتوو بە میهرەبانی جەنابی ملوکانە برە مووچە دیاری کراوەکە لە پارەی لیوای ناوهاتوو دابین بکرێت، بۆ جێبەجێ کردنی لە وەڵامی جەنابی والی ناوهاتوو بە نەزارەتی دارایی شکۆدار ڕاگەیەندراوە، لەم بابەتدا بریار و فەرمانی جەنابی شەهریار چی بێت جێبەجێ دەکرێت، نووسراو کراوە ئەفەندم.




A.}MKT.MHM.00098.00034.001


<table dir="rtl">
<tr><td>A.MKT.MHM</td><td>00098.00034</td><td>16 موحەررەم 1273 (16 ئەیلوول 1856)</td></tr>
<tr><td colspan="3">جەنابی والی شارەزوور<br>ڕەفعەت پاشا قائیمقامی ڕەواندز ئەرکەکەی بە شێوەیەکی ڕێکوپێك و جوان ئەنجام دراوە، بۆ بەرز کردنەوەی پلەکەی نووسراو هاتووە، لەگەڵ مەزبەتە ڕوون بۆتەوە، ئەگەرچی لە سایەی جەنابی پاشا هیممەت کراوە، بەڵام ئێستا کاتی ئەوە نییە پێویستە ووردبین بین لەم کارە.</td></tr>
</table>


T.C. BASBAKANLIK OSMANLI ARSIVI DAIRE BASKANLIGI (BOA)

OSMANLI ARŞİVİ
A.} MKT.MHM
101 | 74


A.}MKT.MHM.00101.00074.001

<table>
<tr><td>A.MKT.MHM</td><td>00101.00074</td><td>17 ڕەبیعی یەکەم 1273 (15 تشرینی دووەم 1856)</td></tr>
<tr><td colspan="3">قائیمقامیەتیڕەواندز<br>لــە شــارۆچکەی ڕەوانــدز ئــاو نییــە، بۆیــە دانیشــتوان و نیشــتەجێ بــووان تووشــی تەنگانەیــی بوونەتــەوە، بــۆ ئــەوەی کۆتایــی بــەم تەنگانەییــە بهێنرێــت، لــە چیاکانــی دەورووبــەر بــە دووری ٥ کاتژمێــری ئــاو بهێنرێــت، لــە نــاو شــارۆچکەکە ســەرچاوەیەکی ئــاو و بــۆ پــەروەردەی منــداڵان لــە شــارۆچکەی ناوهاتــوو و تەنیشــت جامیــع مەکتەبێــك و شــوێنی دەســت نوێــژ شوشــتن دروســت کــراوە، بــۆ خەرجــی ئەمانــەش لەلایــەن ئێــوەوە ڕێکخــراوە و خــەرج کــراوە، بــەم نووسراوانــەی کــە هاتــووە جەنابتــان بــە ووتــەی ئێــوە خۆتــان خەرجــی دەکــەن، ئــەم هەڵوێســتەتان لەلایــەن جەنابــی پاشــاوە جێگــەی ڕێــز و پاداشــتە.</td></tr>
</table>




HR.MKT.00173.00098.003

<table>
<tr><th>HR.MKT</th><th>00173.00098</th><th>13 ڕەمەزان 1273 (7 مایس 1857)</th></tr>
<tr><td colspan="3">بە مەبەستی ئەنجامدانی بازرگانی، براکەم خەواجە میکائیل چۆتە گوندی مەم خەیلانی ناحیەی باڵەك سەر بە سانجەقی ڕەواندز، بەڵام شەو بە بڕی ٥٠٠٠ قوروش کەلوپەلمان دزراوە، ئەوەی فەوتاوە بە لایەنی حکوومەت ڕاگەیەندراوە، قائیمقامیش بە زووترین کات فەرمانبەری تایبەتی دامەزراندوە و دزەکانی دۆزیوەتەوە و دوای ئەمەش بڕی ٥٠٠٠ قوروش کەلوپەلەکانمان ڕادەست کراوە، ئاقچەیەك لە کەلوپەلەکانمان کەمی نەکردووە و گشتی ڕادەستی ئێمە کراوەتەوە، ئەم نووسراوەم تۆمار کرد و پێشکەشم کرد ئەفەندم.<br>مۆری عەبدە حەننا<br>بەندە خەواجە حەننا موسڵی دانیشتووی ڕەواند</td></tr>
</table>



T.C. BASBAKANLIK OSMANLI ARSIVI DAIRE BASKANLIGI (BOA)

OSMANLI ARŞİVİ
HR.MKT
177 | 60

HR.MKT.00177.00060.001


| HR.MKT | 00177.00060 | 19 جەمادی کۆتایی 1273 (14 شوبات 1857) |
|---|---|---|

نووسراوی سەدری ئەعزەم بۆ قائیمقامیەتی رەواندز
محەمەد عەلی رەواندزی لە کاتی دەست نیشانی کردنی سنووری ئێران کار و خزمەتە باشەکانی دیار بووە، لە سندوقی دارایی رەواندز مانگانە ٣٠٠ قوروش مووچەی بۆ دابین بکرێت، ئەمجارە بریار و فەرمانی هومایۆنی جەنابی پاشا جێبەجێ بکرێت، لە بارەی دابین کردنی مووچەی ٣٠٠ قوروش بە فەرمانی پاشا لە سندوقی دارایی هیممەت بکرێت.





A.}MKT.NZD.00197.00067.001

| A.MKT.NZD | 00197.00067 | 15 سەفەر 1273 (15 تشرینی یەکەم 1856) |
|---|---|---|
| نامە بۆ ژووری جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت<br>لەسەر فەرمانی پاشای شاهانە میری میران تۆفان پاشا قائیمقامی سانجەقی سینوپ دوور خراوەتەوە و لە شوێن ئەو قائیمقامی ڕەواندز میری میران ڕاغب پاشا دامەزرێت، ئەمجارە بۆ ئەوەی بزانرێت ئاخۆ لە لیوای ناوهاتوو قائیمقام دامەزرا، بە فەرمان هەواڵ و زانیاری دراوەتە ژووری موشیری جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت. | | |




A.}MKT.UM.00280.00054.001

| A.MKT.UM | 00280.00054 | 5 رەمەزان 1273 (29 نیسان 1857) |
| --- | --- | --- |
| جەنابی والی شارەزوور<br>لەبەر ئەوەی جەرجیس سەبری ئەفەندی لە زاناکانی رەواندز و تەریقەتی عالی نەقشبەندی منداڵی زۆرە و خواردن و خواردنەوەی کەمە، بۆیە تووشی تەنگانەیی بۆتەوە، داواکاری بەرز کردۆتەوە و داوای مووچەیەکی ١٠٠ قوروشی دەکات، خۆشی لە زاناکانە و شایەنی میهرەبانیە، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی کارەکە. | | |



T.C. BASBAKANLIK OSMANLI ARSIVI DAIRE BASKANLIGI (BOA)

OSMANLI ARŞİVİ
A.) MKT.MHM
119 | 91

A.}MKT.MHM.00119.00091.001


| | | |
|---|---|---|
| A.MKT.MHM | 00119.00091 | 23 ڕەبیعی یەکەم 1274 (11 تشرینی دووەم 1857) |

قائیمقامی ڕەواندز
لە بارەی جێگیر کردن و دووپاتکردنەوەی نووسراوی دروست هاتووە، بەم شێوەیە دڵسۆزی بەرچاوە و بە هیممەت کردن رادەگەیەندرێت و بۆ پرس کردنیش نووسراو کراوە.




A.}MKT.MHM.00124.00030.001

| A.MKT.MHM | 00124.00030 | 27 جەمادی یەکەم 1274 (13 کانوونی دووەم 1858) |
|---|---|---|
| قائیمقامیەتیرەواندز<br>قەپوکەتهوداکەتـان مەجیـد بـەگ مـردووە، بۆیـە خزمەتەکـە دراوەتـە عیـززەت ئەفەنـدی لـە قەڵەمـی ناوەخـۆ. | | |


T.C. BASBAKANLIK OSMANLI ARSIVI DAIRE BASKANLIGI (BOA)

4


OSMANLI ARŞİVİ

A.} DVN

| | | |
|---|---|---|
| 128 | 91 | |


A.}DVN.00128.00091.001

| | | |
|---|---|---|
| 26 جەمادی یەکەم 1274 (12 کانوونی دووەم 1858) | 00128.00091 | **A.DVN** |
| پوختەی فەرمانبەری قەپوکەتهودایەتی بۆ قائیمقامی ڕەواندز عیززەت بەگ ڕەوان کراوە. | | |




A.}MKT.NZD.00249.00093.001

<table>
<tr><td>A.MKT.NZD</td><td>00249.00093</td><td>27 زیلقەعدە 1274 (9 تەمموز 1858)</td></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی ئاوقافی هومایۆنی شکۆدار<br>لە ڕەواندز هەندێك شوێنی تەکیەی شێخ عەبدولغەفور ئەفەندی پۆست نشینی دەرگای نەقشبەندی وێران بووە، داواکاری بەرز کردۆتەوە تا نۆژەن بکرێتەوە، لەسەر فەرمانی پاشا نووسراو بەرز کراوەتەوە، لەم بابەتەدا رای ئەفەندیمانە.</td></tr>
</table>


T.C. BASBAKANLIK OSMANLI ARSIVI DAIRE BASKANLIGI (BOA)
OSMANLI ARŞİVİ
A.} MKT.UM
305 | 50


A.}MKT.UM.00305.00050.001

| A.MKT.UM | 00305.00050 | 4 جەمادی کۆتایی 1274 (20 کانوونی دووەم 1858) |
| --- | --- | --- |

قائیمقامی ڕەواندز


لــە قەپوکەتهوداکانــە و ماوەیــەك پێــش ئێســتا باوکــی کۆچــی دوایــی کــردووە، بــری ٧٥٠ قــوروش مووچــەی بــۆ کەتهــودا یوســف ئاغــازادە مەجیــد بــەگ دابیــن کــراوە و حــەوت مانــگ و نیــو کاری کــردووە، بۆتــە ٥٢٥ قــوروش، کەچــی پێــش وەرگرتنــی مــردووە، بۆیــە مووچــەی ناوهاتــوو بــە تەواوەتــی خــەرج بکرێــت، بــۆ ئــەم مەبەســتەش بەپەلــە ڕێــك بخرێــت و هیممــەت بکرێــت لــە جێبەجــێ کردنــی مامەڵەکــە.

لە خەلیفەکانی مەکتوبی دەرەوە بەندە یوسف بەگ.





A.}MKT.MHM.00140.00055.001

| A.MKT.MHM | 00140.00055 | 11 سەفەر 1275 (20 ئەیلوول 1858) |
| --- | --- | --- |
| بۆ نەزارەتی دارایی شکۆدار<br>بـۆ ئـەرك وەرگرتـن لـە سـانجەقی رەوانـدز بەرائەتـی شـەریفە لـە دەسـتی چەنـد زانـا و والـی پێشـوو دایـە و لەسـەر گۆرینـە، ئەگەرچـی سـەرەتا نێـردراوە بـەڵام تـا ئێسـتا نەگەیشـتوونەتە دەسـت، بـۆ جێبەجـێ کردنـی کارەکـە دەفتـەر لـە ئەنجوومەنـی رەوانـدز هاتـووە، لەگـەڵ مەزبەتـە بەیەکـەوە بـە نووسـینی فارسـی رەوان دەکرێـت، بـە ناردنـی بـە گوێـرەی نیـزام هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی کارەکـە. | | |





A.}MKT.MHM.00140.00072.001

<table>
<tr><td>A.MKT.MHM</td><td>00140.00072</td><td>17 سەفەر 1275 (26 ئەیلوول 1858)</td></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی دارایی شكۆدار<br>دە یـەك و رسـوماتی سـاڵی ٧٣ی سـانجەقی ڕەوانـدز نەهاتووە، دەفتەر حەواڵـە ڕەوان بكرێت و موزایەدەی سـاڵی ٧٤ ڕێـك دەخرێـت، لـە وەڵامدا نـووسراوی قائیمقامیەتی لیـوای ناوهاتوو هاتووە و لەسـەر فەرمانی سـەروو ڕەوان كراوە.</td></tr>
</table>




A.}MKT.MHM.00148.00001.001

<table>
<tr><td>A.MKT.MHM</td><td>00148.00001</td><td>26 ڕەبیعی کۆتایی 1275 (3 کانوونی یەکەم 1858)</td></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی دارایی شکۆدار<br>لە بارەی بەڕێوەبەرایەتیەکانی قەزا، تەحریرات ڕەوان کراوە و لە ئەنجوومەنی ڕەواندز مەزبەتە هاتووە، لەگەڵ دەفتەر و پۆستەکان بەیەکەوە بۆ واڵا بەرز دەکرێتەوە.</td></tr>
</table>





A.}MKT.MHM.00157.00063.001

| | | |
|---|---|---|
| A.MKT.MHM | 00157.00063 | 28 شەوال 1275 (31 مایس 1859) |


جەنابی والی بەغداد
لــە بــارەی ڕەفعــەت پاشــا قائیمقامــی ڕەوانــدز مەزبەتــەی لاری نەبــوون ڕەوان کــراوە، هەروەهــا پاشــای ناوهاتــوو لــە ئەرکەکەیــدا خزمەتــی باشــی کــردووە، بۆیــە عالــی لێــی ڕازیــە و خوازیــاری ئــەم جــۆرە کەســانەیە، نــووسراو هاتــووە، مەزبەتــەی ناوهاتــوو بــۆ پاشــای ناوهاتــوو بــاس کــراوە، فەرمــان ئەفەنــدم.

قائیمقامی ڕەواندز
لەلایــەن خەڵکــەوە مەزبەتــە هاتــووە و ڕەزامەنــدی خۆیــان بــۆ کارەکانــی ڕاگەیانــدووە، ئەمجــارە لەلایــەن جەنابــی پاشــای والــی بەغدادیــش بــە نــووسراو ئامــاژەی پێکراوە، ڕێکخســتن و هــەوڵ و بوێری جموجوڵــی بــاش و بەرژەوەندی ناوبــراو بــۆ ئــەرك گونجــاوە، بۆیــە لــە بەڕێوەبردنــی ئەرکەکــەی بــۆ جەنابــی ملوکانــە دوعــای خێــر بکرێــت.





A.}MKT.MHM.00158.00055.001

<table>
<tr><td>A.MKT.MHM</td><td>00158.00055</td><td>10 زیلقەعدە 1275 (11 حوزەیران 1859)</td></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی دارایی شکۆدار و جەنابی والی بەغداد<br>ئەحمەد حەمدی ئەفەندی نائیبی ڕەواندز بەهۆی کارە باشەکانی وەکو پاداشت مووچەیەکی دیاریکراو بۆی براوەتەوە، لەلایەن جەنابی پاشای والی بەغداد بە نووسراو کۆتایی بە مامەڵەکە هاتووە، بە تێروانین لە ئاماژەی بڕیارەکە ئەفەندی ناوهاتوو لە خانەدانی کۆنی ئەوێ و زاناکانە، بۆ جێبەجێ کردنی کاری حکوومەت شەو و ڕۆژ خزمەتی کردووە و هەوڵی داوە، هەر کارێکی پێ سپێردرابێت بە ڕێکوپێك و دڵسۆزیەوە ئەنجامی داوە، بۆیە شایەنی میهرەبانیە، لە پارەی بەغداد سەر لە نوێ ٥٠٠ قوروش مووچەی بۆ ببڕێتەوە، بە بڕیار و فەرمانی جەنابی پاشا ڕەزامەندی بفەرمووێت، چۆنیەتی کارەکەش لەلایەن جەنابی والی ناوهاتوو ڕاگەیەندراوە، بە فەرمانی پاشا خەزینە کارەکە جێبەجێ بکات.</td></tr>
</table>





A.}MKT.MHM.00160.00072.001

| A.MKT.MHM | 00160.00072 | 19 زیلحیجە 1275 (20 تەمموز 1859) |
| --- | --- | --- |
| نەزارەتی دارایی شکۆدار و نەزارەتی مەعاریفی گشتی شکۆدار<br>لە زاناکانی ڕەواندز جەرجیس ئەفەندی ریسالەیەکی لە بارەی بارودۆخی هونەر و ئیستیعارە نووسیوە و بەرزی کردۆتەوە، هەروەها خودی خۆی ماوەیەکە لە دەرسەعادەتە بەمەش زیاتر تووشی قەرزاری بۆتەوە، بۆیە ئەمجارە دەیەوێت بگەڕێتەوە مەملەکەتی خۆی، جەنابی ملوکانە قەرز و خەرجیەکەی بۆ ڕێك بخات و ٥٠٠٠ قوروشی پێ بدرێت، بۆ ئەم مەبەستە بە فەرمانی جەنابی پاشا نووسراو دراوەتە خەزینەی شکۆدار هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی کارەکە. | | |





A.}MKT.NZD.00274.00057.001

| A.MKT.NZD | 00274.00057 | 8 جەمادی کۆتایی 1275 (13 کانوونی دووەم 1859) |
| --- | --- | --- |
| نەزارەتی دارایی شکۆدار<br>بەهۆی کارە باش و خزمەتەکانی محەمەد ئەمین ئاغا خانەدانی سانجەقی ڕەواندز، ناوبراو داواکاری بەرز کردۆتەوە و داوای کردووە برە مووچەیەکی بۆ ببڕێتەوە، لەگەڵ ئەوراق و نووسراوەکان هاوپێچ پێشکەش کراوە، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی. | | |




A.}MKT.UM.00323.00034.001


<table>
<tr><td>A.MKT.UM</td><td>00323.00034</td><td>17 موحەڕڕەم 1275 (27 ئاب 1858)</td></tr>
<tr><td colspan="3">والی بەغداد<br>بەهـۆی کارە بـاش و خزمەتـە باشـەکانی ئەحمـەد حەمـدی ئەفەنـدی نائیبـی ڕەوانـدز، نـووسراو هاتـووە تـا مووچەیەکـی گونجـاوی بـۆ ببڕێتـەوە، لەگـەڵ مەزبەتـەی ئەنجوومەنـی ڕەوانـدز و نووسراوێـك بـۆ ئەنجوومەنـی والا بـەرز کراوەتـەوە، ئامـاژەی پێکـراوە ناوبـراوی ئەفەنـدی شـایەنی میهرەبانیـە، بـەڵام دابیـن کردنـی پێچەوانـەی نیزامـە، بۆیـە ئەگـەر بێتـو مووچەیـەك بـێ خـاوەن بمێنێتـەوە، ئـەم کاتـە مووچەیەکـی گونجـاوی بـۆ دابیـن دەکرێـت، بـە بەرزکردنـەوەی نـووسراو فەرمـان بـۆ ئەفەندیمانـە.</td></tr>
</table>




A.}MKT.UM.00325.00050.001


| A.MKT.UM | 00325.00050 | 3 سەفەر 1275 (12 ئەیلوول 1858) |
| --- | --- | --- |

والی بەغداد
ڕەفعەت پاشا قائیمقامی ڕەواندز لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکەکەی، موتەسەرفی شارەزوور هیچ ئاسانکاری و هاوکاریەکی نەکردووە، بۆیە داواکاری بەرز کردۆتەوە و داوای کردووە لە شوێنێکی گونجاو گۆرینەوەی پێ بکرێت، هاوپێچ مەزبەتەی ئەنجوومەنی والا ڕەوان کراوە، بە تێروانین لە ئاماژەی قائیمقامی ناوهاتوو بە گونجاو زانراوە لێکۆڵینەوە لە بابەتەکە بکرێت، نووسراو و مەزبەتەکەش بۆ سەروو بەرز کراوەتەوە، بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە کارەکە جێبەجێ بکرێت، فەرمان بۆ ئەفەندیمانە.




A.}MKT.UM.00329.00047.001


| A.MKT.UM | 00329.00047 | 9 ڕەبیعی یەکەم 1275 (17 تشرینی یەکەم 1858) |
|---|---|---|
| موتەسەرفی شارەزوور و قائیمقامەکانی ڕەواندز و سلێمانی<br>ئەمجارە مودەریس خەلیل خاڵس ئەفەندی نائیبی قەزاکانی شارەزوور و کەرکووك و ڕەواندز و کفری و سلێمانی هاتۆتە ئـەم لایەنـە، خۆشی شـایەنی ڕێزگرتنە، بەهۆی ئەرکەکەیەوە پێویسـتە هـاوکاری بکرێت، هیممەت بکرێـت لە کارەکە. | | |


T.C. BASBAKANLIK OSMANLI ARSIVI DAIRE BASKANLIGI (BOA)

OSMANLI ARŞİVİ
A.} MKT.UM
355 | 18 | 2


A.}MKT.UM.00355.00018.002

<table>
<tr><td>A.MKT.UM</td><td>00355.00018</td><td>24 زیلقەعدە 1275 (25 حوزەیران 1859)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بڕیارنامەی سەدری ئەعزەم بۆ موتەسەرفی شارەزوور و قائیمقامی ڕەواندز<br>لە زاناکان حاجی ئەبوبەکر ئەفەندی ئەمجارە بۆ ڕێکخستنی هەندێك کار بۆ لایەکەی تر ڕۆیشتووە، خۆشی شایەنی ڕێزگرتن و بایەخدانە، ئەفەندی ناوبراو کە گەیشتە ئەوێ ڕێزی لێ بگیرێت و کاروبارەکانی ئاسان بکرێت، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی کارەکە.</td></tr>
</table>





İ.DH.00432

<table>
<tr><th>İ.DH</th><th>00432.028611</th><th>26 شەوال 1275 (29 مایس 1859)</th></tr>
<tr><td colspan="3">جەنابی میهرەبانی ئەفەندم<br>ئەحمەد حەمدی ئەفەندی نائیبی ڕەواندز خزمەتی باشی کردووە و بۆ دابین کردنی بڕە مووچەیەکی گونجاو نووسراوی جەنابی پاشا والی بەغداد ڕەوان کراوە، بە تێروانین لە وێنەی ئاماژەکە ئەفەندی ناوبراو لە خانەدانی کۆن و زاناکانی ناوچەکەیە، هەر کاتێك حکوومەت ئەرکی هەبێت بە شەو و ڕۆژ کار دەکات و ئەرکەکە جێبەجێ دەکات، بۆیە شایستەی ڕێزگرتنە، سەر لە نوێ لە پارەی بەغداد ٥٠٠ قووروش مووچە بۆ ناوبراو دابین بکرێت، بە جەنابی والی ناوهاتوو و نەزارەتی دارایی شکۆدار ڕاگەیەندراوە، بڕیار و فەرمان هەر چییەك بێت جێبەجێ دەکرێت، نووسراو کراوە ئەفەندم.</td></tr>
</table>




A.}MKT.MHM.00035.00021.001


| A.MKT.MHM | 00035.00021 | 10 شەوال 1276 (1 مایس 1860) |
|---|---|---|
| لە جەنابی ڕاوێژکار بۆ جەنابی نازری دارایی<br>لە سانجەقی ڕەواندز ڕەسمی گومرگ وەردەگیرێت، لەلایەن قائیمقامی ناوهاتووش تەحریرات هاتووە و بۆ نەزارەتی والا ڕەوان کراوە، بڕیار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە. | | |




A.}MKT.MHM.00161.00074.001

| 10 موحەررەم 1276 (9 ئاب 1859) | 00161.00074 | **A.MKT.MHM** |
|---|---|---|


قائیمقامی پێشووی ڕەواندز ڕاغب پاشا
بە هۆی کار و خزمەتە باشەکانی محەمەد ئەمین ئاغا لە خانەدانی ڕەواندز، داواکاری دابین کردنی مووچە و پاداشت کردنی بەرز کراوەتەوە، گفتوگۆی جەنابی دەرویش پاشا ئەندامی ئەنجوومەنی واڵا لەگەڵ نووسراو و ئەوراقەکان بۆ بەرێزتان بەرز کراوەتەوە، بە تێروانین لە وەڵامی ناوبراو لەم بابەتەدا، ئەم زانیارییەی کە هەتانە هیممەت بکرێت لە ڕاگەیاندنی، هەروەها ئەوراقەکانیش ڕەوان بکرێتەوە.




A.}MKT.MHM.00163.00075.001


| A.MKT.MHM | 00163.00075 | 24 موحەرەم 1276 (23 ئاب 1859) |
|---|---|---|

نەزارەتی مەعاریفی گشتی شکۆدار
لە عولەماکانی ڕەواندز ڕەسول حەسەن ئەفەندی کتێبی بە ناوی (تشريح الافلاك و رساله اثبات واجب)ی نووسیوە، بۆیە بە پێویست زانراوە پاداشت بکرێت، نووسراوی جەنابی تەحسین بەگ ئەفەندی لەگەڵ مەزبەتەی سەروو دەرچووە، هەروەها پەرتوکی ناوهاتوو بەرز کراوەتەوە، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی کارەکە.





A.}MKT.MHM.00168.00055.001

| A.MKT.MHM | 00168.00055 | 28 ڕەبیعی یەکەم 1276 (25 تشرینی یەکەم 1859) |
|---|---|---|
| قائیمقامی ڕەواندز<br>کارگێڕیەکەی حەواڵەی ئێوە کراوە، لە بارەی کاروباری سەربازی و داهات و تایبەتمەندییەکانی دیکەی ناوچەکان نووسراوی ئێوە هاتووە و تێدا روون بۆتەوە، دڵسۆزی ئێوە جێگەی ڕێزە و خزمەتە باشەکانت جێگەی پاداشت کردنن، لەگەڵ ڕاگەیاندنی جێبەجێ دەکرێت و لە کاروباری ئەرکەکانت زیاتر بێت و بەردەوام بن. | | |





A.} MKT.MHM.00178.00054.001

<table>
<tr><td>A.MKT.MHM</td><td>00178.00054</td><td>12 شەعبان 1276 (5 مارت 1860)</td></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی دارایی شکۆدار<br>عەبدولرەسول موستی ئەفەندی لە زاناکانی ڕەواندز و خاوەنی زانست دەیەوێت بگەڕێتەوە مەملەکەتی خۆی، ناوبراو لە خەزینەی دارایی شکۆدار ٥٠٠٠ قوروش خەرجی ڕێگای بۆ خەرج بکرێت، بۆ ئەمەش بە فەرمانی جەنابی پاشا ڕەزامەندی نیشان دراوە، هیممەت بکرێت لە خەرج کردنی بڕە خەرجی دیاریکراو و پێی بدرێت.</td></tr>
</table>





A.}MKT.MHM.00185.00050.003

| | | |
|---|---|---|
| **A.MKT.MHM** | 00185.00050 | **9 سەفەر 1276 (7 ئەیلوول 1859)** |
| لــە خانەکانــی ئێــران فەرەجوڵــڵا میــرزا مــاوەی گەشــتەکەی تــەواو بــووە، دەیەوێــت مــاوەی مۆڵەتەکــەی بــۆ دوو مانگــی تــر درێــژ بکاتــەوە، بریــار و فەرمــان بــۆ جەنابــی ئــەم کەســەیە کــە فەرمانــی بەدەســتەوەیە.<br>مۆری عەبدە ڕەفعەت ئەحمەد | | |





A.}MKT.NZD.00305.00006.002

<table>
<tr><th>A.MKT.NZD</th><th>00305.00006</th><th>20 ڕەجەب 1276 (12 شوبات 1860)</th></tr>
<tr><td colspan="3">نازری دارایی<br>تەهـا ئەفەنـدی موفتـی پێشـووی ڕەوانـدز لەگـەڵ کوڕێکی خەریکە لـە گەرەکێك نیشـتەجێ دەبێت، لە ٨ شـوباتەوە بـۆ مـاوەی دوو مانـگ ڕۆژانـە ١٠ قـوروش بـۆ خۆراکـی ڕۆژانـەی دابین کـراوە، بۆ جێبەجێ کردنی هیممـەت بکرێت.</td></tr>
</table>


T.C. BAŞBAKANLIK OSMANLI ARŞİVİ DAİRE BAŞKANLIĞI (BOA)
OSMANLI ARŞİVİ
MVL
317 | 34 | 1


MVL.00317.00034.001

<table>
<tr><td>MVL</td><td>00317.00034</td><td>28 ڕەبیعی یەکەم 1276 (25 تشرینی یەکەم 1859)</td></tr>
<tr><td colspan="3">لـە دانیشـتوانی ڕەوانـدز و شـێخەکانی تەریقەتـی نەقشـبەندی عەبدولغەفـور ئەفەنـدی بـۆ دوعـا کـردن هاتۆتـە دەرسـەعادەت، لەبـەر ئـەوەی هـەژارە، لەگـەڵ کوڕەکـەی لـە میوانخانەیـەك دابنرێت و بۆ مـاوەی ٢ مانگیـش ڕۆژانە ١٠ قوروشـی پـێ بدرێـت تـا خـۆراك بـۆ خـۆی دابیـن بـکات، هـەر بـۆ ئـەم مەبەسـتە ناوبـراو و کوڕەکـەی ڕەوانـی میوانخانـەی محەمـەد بـەگ بکرێـت، بریـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمانـی بـە دەسـتەوەیە.<br>مۆری عەبدە ئەحمەد ڕەفعەت</td></tr>
</table>




A.}MKT.UM.00409.00062.001


<table dir="rtl">
<tr><th>A.MKT.UM</th><th>00409.00062</th><th>19 زیلقەعدە 1276 (8 حوزەیران 1860)</th></tr>
<tr><td colspan="3">قائیمقامیەتی‌ڕەواندز<br>محەمـەد ئەمیـن ئاغـا لـە خانەدانـی ڕەوانـدز داواکاری بـەرز کردۆتـەوە، بـە گوێـرەی داواکاریەکـە بـە سـەنەد محەمـەد خانــی ئەفەنـدی ٥٢٠٠٠ قوروشــی لەســەرە و لــە دانــەوەی ســەرپێچی کــردووە، بــۆ وەرگرتنــەوەی بـڕە پـارەی باسـکراو بـە شـەرع و ئەنجوومـەن خوێندنـەوەی بـۆ کـراوە و لـە بـارەی دانـەوەی هیممـەت بکرێـت.</td></tr>
</table>





İ.DH.00452

| İ.DH | 00452.029900 | 14 ڕەجب 1276 (6 شوبات 1860) |
| --- | --- | --- |

پایەی ڕاوێژکاری سەدارەتی پیرۆزی شکۆدار
جەنابی میهرەبانی ئەفەندم
عەبدولرەسول موستی ئەفەندی لە زانا و دانیشتوانی ڕەواندز دوو کتابی نووسیوە و پێشکەشی ئەنجوومەنی مەعاریفی کردووە، ئەویش پێشکەشی بابی عالی کردووە، ئەگەر چی ناوبراو داوای کردووە مانگانە لە پارەی ناوەخۆ بڕێك مووچەی بۆ دابین بکرێت، بەڵام ئەمجارە ناوبراو دەگەڕێتەوە مەملەکەتی خۆی داوای کردووە خەرجی ڕێگای بۆ خەرج بکرێت، ناونیشانی کتێبەکەی بە ناوی (عنوان الشرف) و ناوەرۆکەکەی بە زمانی عەرەبی و پەراوێزەکانی بە زمانی تورکی و فارسی نووسراوە، ئەم کتێبەی بۆ سەروو بەرز کراوەتەوە، دەریدەخات ناوبراو خاوەنی زانست و زانیارییە، بۆیە شایەنی ڕێزگرتن و بەزەیی هاتنەوەیە، لەم بابەتەدا بڕیار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.





A.}MKT.DV.00187.00032.001




A.}MKT.DV.00187.00032.002


| A.MKT.DV | 00187.00032 | 6 شەوال 1277 (17 نیسان 1861) |
|---|---|---|
| جەنابی موتەسەرفی شارەزوور تەقیەددین پاشا<br>داواکاریەك لەلایەن زێرنگر پەناتورین بەرز کراوەتەوە، تێدا ئاماژەی پێکراوە پێش ٦ ساڵ لەمەوبەر ڕەفعەت پاشا بە سەنەد ٤١٦٠ قوروش زێری لێکڕیوە، لە دانەوەی پارەکە غەدری لێکراوە، لە ڕاستییدا برە پارەی ناوهاتوو بۆتە قەرز بۆیە لە دانەوەی پارەکە ئاگادار کردنەوە بدرێت. | | |

| A.MKT.DV | 00187.00032 | 7 شەوال 1277 (18 نیسان 1861) |
|---|---|---|
| ڕاگەیەندراوی بەندەمانە<br>پێش ٦ ساڵ لەمەوبەر قائیمقامی ڕەواندز ڕەفعەت پاشا لە بەندەکەی ٤١٦٠ قوروش زێری کڕیوە، چەند جارێك بە سەنەد داوای پارەکەم کردووە، کەچی ناوبراو نەیداوە، بەمەش غەدرم لێ دەکرێت، بە میهرەبانی جەنابی پەیوەندیداری وەکالەت کەسێکی وەکو ئێمە غەدری لێ نەکرێت، بۆ وەرگرتنی پارەکە جەنابی پاشای موتەسەرفی شارەزوور بە بریارنامەی سەدری ئەعزەم بفەرمووێت، لە هەر حاڵەتێك بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.<br>لە پیشەگەرانی زێرنگران بەندە بیاتور | | |





A.}MKT.MHM.00189.00097.001

| | | |
|---|---|---|
| **A.MKT.MHM** | 00189.00097 | **12 موحەڕرەم 1277 (31 تەمموز 1860)** |
| نەزارەتی دارایی شکۆدار<br>لە شار ئەملاکی میری هەیە و لە بارەی فرۆشتنی ئەم مولکانە پێشووتر ئاماژەی پێکراوە، دوو پارچە نووسراوی قائیمقامی ڕەواندز هاتووە، بە فەرمانی والا هاوپێچ ڕەوان کراوە، بە ڕاگەیاندنیشی نووسراو کراوە. | | |





A.}MKT.MHM.00190.00005.001

| A.MKT.MHM | 00190.00005 | 12 موحەررەم 1277 (31 تەمموز 1860) |
|---|---|---|
| نەزارەتی دارایی شکۆدار<br>لە بارەی دەستکەوتنی باجی دە یەکی ساڵی ٧٦، وەڵامی نووسراوی پێشوو رەوان کراوە و نووسراو لەلایەن قائیمقام رەفعەت پاشاش هاتووە، هەروەها لەسەر فەرمانی واڵا هاوپێچ پێشکەش کراوە. | | |




A.}MKT.MHM.00193.00075.001



A.}MKT.MHM.00193.00075.002


| 5 سەفەر 1277 (23 ئاب 1860) | 00193.00075 | A.MKT.MHM |
|---|---|---|
| ئەگەرچی ماوەی مۆڵەتی تەها ئەفەندی موفتی پێشووی ڕەواندز تەواو بووە، بەڵام هێشتا کارەکەی تەواو نەبووە، بۆ ئەوەی مانگێکی تریش ماوەکەی درێژ بکاتەوە، بڕیار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.<br>مۆری عەبدە ئەحمەد ڕەفعەت | | |

| 14 سەفەر 1277 (1 ئەیلوول 1860) | 00193.00075 | A.MKT.MHM |
|---|---|---|
| نەزارەتی دارایی شکۆدار<br>بەهۆی گەشت کردنی تەها ئەفەندی موفتی پێشووی ڕەواندز، مانگێك لە مۆڵەتەکەی درێژ بکرێتەوە. | | |





A.}MKT.MHM.00196.00045.001

| A.MKT.MHM | 00196.00045 | 11 ڕەبیعی یەکەم 1277 (27 ئەیلوول 1860) |
|---|---|---|
| قائیمقامی ڕەواندز<br>ماوەیەکە لە نێوان هەندێك عەشیرەتەکانی سەر سنووری سانجەقی ڕەواندز ناکۆکی دروست بووە، بەڵام ڕێگری کراوە و چاکسازی لە نێوانیان ئەنجام دراوە، لە مەزبەتەی هاتوو ئەم بابەتە ڕوون بۆتەوە، بە ڕاگەیاندنی جەنابی جیهانشا باسکراوە کە لە نێوان عەشیرەتەکانی ناوهاتوو ناکۆکی دروست بوو و لەلایەن هیممەتکەران چاکسازی کراوە، لەمەودوا لەم ئەرکانەی کە وەریدەگرن بە فەرمانی عالی دەبێت. | | |




A.}MKT.MHM.00198.00049.001


<table>
<tr><td>A.MKT.MHM</td><td>00198.00049</td><td>9 ڕەبیعی کۆتایی 1277 (25 تشرینی یەکەم 1860)</td></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی دارایی شکۆدار<br>لە بارەی کۆکردنەوە و ناردنی باجی دە یەك، وەڵامی ئاماژەی پێشوو ڕەوان کراوە، هەروەها لە ئەنجوومەنی شارەزوور و ڕەواندز دوو پارچە مەزبەتە و نووسراوی موتەسەرفی موسڵ هاتووە، لەسەر فەرمانی سەدری ئەعزەم هاوپێچ ڕەوان کراوە.</td></tr>
</table>




A.}MKT.MHM.00200.00074.001


| A.MKT.MHM | 00200.00074 | 11 جەمادی یەکەم 1277 (25 تشرینی دووەم 1860) |
| --- | --- | --- |

جەنابی والی بەغداد
بەهۆی مەزاج و هەستیاری لیوای ناوهاتوو گونجاو نییە سەعید پاشا قائیمقامی سانجەقی دیوانیە بمێنێتەوە، هەروەها قائیمقامی ڕەواندز ڕەفعەت پاشا بە نیازە گۆڕینەوەی پێ بکرێت، سەعید پاشا لە ڕەواندز و ڕەفعەت پاشا لە دیوانیە گۆڕینەوەیان پێ بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش تەحریرات بەرز کراوەتەوە، سەعید پاشا بەهۆی مەسەلەی مەزاجیەوە گۆڕینی هیچ سوودێکی نابێت، دەبێ واز لەم مەزاجەی بێنێت و گواستنەوەی بۆ ئێرە هیچ گونجاو نابێت، بۆ باشتر کردنی کارەکە و چاککردنەوەی بارودۆخەکە لە لایەنی والا داواکراوە ئامۆژگاری پێویست بدرێتە ناوبراو.





A.}MKT.MHM.00201.00043.001

<table>
<tr><td>A.MKT.MHM</td><td>00201.00043</td><td>18 جەمادی یەکەم 1277 (2 کانوونی یەکەم 1860)</td></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی دارایی<br>تەها ئەفەندی موفتی پێشووی ڕەواندز بە ئارەزووی خۆی لە گەرەکێك نیشتەجێ دەبێت و ڕۆژانە ٢٠ قوروشی بۆ خەرج کراوە، هەروەها ماوەی مۆڵەتی ناوبراو تەواو بووە، لە ئەنجوومەنی والا جێگیر کراوە کە دوو مانگی تر مۆڵەتی پێ بدرێت.</td></tr>
</table>





A.}MKT.MHM.00204.00091.001

| A.MKT.MHM | 00204.00091 | 24 جەمادی کۆتایی 1277 (7 کانوونی دووەم 1861) |
|---|---|---|
| نازری دارایی<br>مـاوەی دیاریکـراوی تەهـا ئەفەنـدی موفتـی پێشـووی ڕەوانـدز تـەواو بـووە، بـڕە پـارەی ڕۆژانــەی کـە ٢٠ قوروشــە بـۆ خۆراکـی ناوبـراو تەرخـان کـراوە، دوو مانگـی دیکـە بـۆی درێـژ کراوەتـەوە، جێبەجـێ بکرێـت. | | |


T.C. BASBAKANLIK OSMANLI ARSIVI DAIRE BASKANLIGI (BOA)
OSMANLI ARŞIVI
A.} MKT.MHM
221 | 79


A.}MKT.MHM.00221.00079.001

<table>
<tr><td>A.MKT.MHM</td><td>00221.00079</td><td>30 زیلقەعدە 1277 (9 حوزەیران 1861)</td></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی دارایی شکۆدار<br>لە زاناکانی ڕەواندز پیر محەمەد ئەفەندی مردووە، مووچەکەی و برە گەنمەکەی کە بێ خاوەن ماوەتەوە، باوکی داوای کردووە، لەسەر فەرمانی واڵا بەرز کراوەتەوە، بە میهرەبانی پاشا برە مووچەیەکی گونجاو بۆ ناوبراو دابین بکرێت.</td></tr>
</table>




A.}MKT.MHM.00223.00029.001

<table dir="rtl">
<tr><td>A.MKT.MHM</td><td>00223.00029</td><td>15 زیلحیجه 1277 (24 حوزەیران 1861)</td></tr>
<tr><td colspan="3">جەنابی تەقیەددین پاشا موتەسەرفی شارەزوور<br>لەسەر دەستگیر کردن و دادگایی کردنی جەنابی ئیسماعیل پاشا و هاوبەشانی نووسراو لە سەرەتایی زیلقەعدەوە لە قائیمقامی رەواندز رەفعەت پاشا هاتووە و هاوپێچ بەرز کراوەتەوە، بە لێکۆڵینەوە لە بەراییەکان ئاماژەی پێ بکرێت و هیممەت بکرێت.</td></tr>
</table>





A.}MKT.NZD.00324.00075.001

| A.MKT.NZD | 00324.00075 | 27 سەفەر 1277 (14 ئەیلوول 1860) |
|---|---|---|
| ئەگەرچی ماوەی گەشتەکەی قوجە بەگ زادە یەحیا بەگ خانەدانی ڕەواندز تەواو بووە، بەڵام لەبەر هەندێك بەرژەوەندی هێشتا ئەنجامەکەی دەست نەکەوتووە، بۆ ئەوەی مانگێکی تر مۆڵەتەکەی درێژ بکرێتەوە، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بە دەستەوەیە.<br>مۆری عەبدە ئەحمەد ڕەفعەت | | |




A.}MKT.NZD.00331.00073.001

| A.MKT.NZD | 00331.00073 | 4 جەمادی یەکەم 1277 (18 تشرینی دووەم 1860) |
| --- | --- | --- |
| نەزارەتی دارایی شکۆدار<br>لە خانەدانی ڕەواندز باوکی یەحیا بەگ ڕۆژانە و ساڵیانەی وەرگرتووە، دوای مردنی باوکی، یەحیا بەگ داوای کردووە ڕۆژانەکە و ساڵیانەکەی باوکی کە بێ خاوەن ماوەتەوە بۆ ئەو دابین بکرێت، یاخود لە بەرامبەر ئەوەدا مووچەیەکی بۆ ببڕێتەوە، لەم داواکاریەی کە بەرزی کردۆتەوە لەگەڵ نووسراو بۆ والا بەرز دەکرێتەوە، بە تێڕوانین لە وێنەی داواکاریەکە هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی. | | |



T.C. BASBAKANLIK OSMANLI ARSIVI DAIRE BASKANLIGI (BOA)

مالیه نظارت جلیله سنه

OSMANLI ARŞİVİ
A.} MKT.NZD
346 59 1


A.}MKT.NZD.00346.00059.001

<table dir="rtl">
<tr><td>A.MKT.<br>NZD</td><td>00346.00059</td><td>9 رەمەزان 1277 (21 مارت 1861)</td></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی دارایی شکۆدار<br>لەم رۆژانەدا تەها ئەفەندی موفتی پێشووی رەواندز بە نیازە بگەرێتەوە مەملەکەت، ئەم رۆژانەی لە سەرەتای مارت تا کۆتایی رەمەزانی شەریف لە خەزینەی شکۆدار دابین کراوە بە شێوەی خەرجی رێگا بۆی دابین بکرێت، بۆ جێبەجێ کردنی نووسراو کراوە.</td></tr>
</table>





A.}MKT.NZD.00351.00100.001

| A.MKT.NZD | 00351.00100 | 1 زیلقەعدە 1277 (11 مایس 1861) |
|---|---|---|
| نەزارەتی دارایی شکۆدار<br>لە بنەماڵەی پاك، محەمەد پیر ئەفەندی دانیشتوی گوندی شیمان سەر بە سانجەقی رەواندز دووچاری تەنگانەیی بۆتەوە، داوای کردووە برێك مووچەی گونجاوی بۆ ببڕێتەوە، داواکاریەکە لەگەڵ نووسراو بۆ واڵا بەرز کراوەتەوە.<br><br>لەگەڵ داواکاری غالب بەگ ئەفەندی نامەی ژووری دەرەوە. | | |


T.C. BAŞBAKANLIK OSMANLI ARŞİVİ DAİRE BAŞKANLIĞI (BOA)
OSMANLI ARŞİVİ
A.} MKT.NZD
355 65

A.}MKT.NZD.00355.00065.001


<table>
<tr><td>A.MKT.NZD</td><td>00355.00065</td><td>30 زیلقەعدە 1277 (9 حوزەیران 1861)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی ئاوقافی هومایۆنی شکۆدار<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>داواکاری لەلایەن زانای ڕەواندز پیر محەمەد ئەفەندی بەرز کراوەتەوە داوای کردووە ئەم برە مووچەی و گەنمەی لە عەلی باوکی ماوەتەوە، بۆ ناوبراو دابین بکرێت، داواکاریەکە بەرز کراوەتەوە، ناوبراو شایەنی ڕێزگرتن و میهرەبانیە، هیممەت بکرێت لە خەرج کردنی مووچەیەکی گونجاو بۆ ئەفەندی ناوبراو، لەم بابەتەدا بریار بۆ ئەفەندیمانە.</td></tr>
</table>


T.C. BAŞBAKANLIK OSMANLI ARŞIVI DAIRE BAŞKANLIĞI (BOA)

OSMANLI ARŞİVİ
A.} MKT.NZD
356 | 62

A.}MKT.NZD.00356.00062.001


| A.MKT.NZD | 00356.00062 | 18 زیلحیجە 1277 (27 حوزەیران 1861) |
| --- | --- | --- |
| نەزارەتی دارایی شکۆدار<br>لە عومەر ئەفەندی شارەزووری ٥٠٠ قوروش مووچە ماوەتەوە، داواکاریش لەلایەن زانای ڕەواندز پیر محەمەد ئەفەندی بەرز کراوەتەوە و داوای کردووە، ئەم بابەتە بۆ والآ بەرز کراوەتەوە و شایەنی میهرەبانی و بەزەییە، هیممەت بکرێت تا بڕە مووچەی ناوهاتوو دابین بکرێت. | | |




İ.DH.00462


| İ.DH | 00462.030757 | 3 ڕەبیعی یەکەم 1277 (19 ئەیلوول 1860) |
| --- | --- | --- |

جەنابی بەمیهرەبانی ئەفەندم
ماوەیەکە لەسەر سنووری سانجەقی ڕەواندز لە نێوان عەشیرەتەکاندا ناکۆکی دروست بووە، ئەم ناکۆکیە چۆن قەدەغەکراوە و ڕێگەی لێگیراوە و چاکسازی کراوە لە مەزبەتە باسکراوە، لەگەڵ هاوپێچ بۆ عالی بەرز کراوەتەوە، بە ڕاگەیاندن و پێشکەش کردنی بریار و فەرمان بۆ جەنابی ملوکانەیە، بەم وەڵامنامەیەی کە ڕەوان دەکرێت نووسراو کراوە ئەفەندم.





A.}MKT.MVL.00141.00074.001

| A.MKT.MVL | 00141.00074 | 20 شەعبان 1278 (20 شوبات 1862) |
|---|---|---|
| جەنابی کامل پاشا والی کوردستان و نەزارەتی دارایی شکۆدار<br>کەنعـان پاشـا قائیمقامـی سـەعرد لـە قائیمقامیەتی رەوانـدز دامـەزراوە، بۆیە لە قائیمقامیەتی سـەعرد بـە مووچەی دابینکـراو عوسـمان پاشـا لە سـەربازی شـاهانە میری لیوای خانەنشـین کـراو دامەزرێـت، بە فەرمانی پاشـای جەنابی پاشـا فەرموویەتـی، بـە گوێـرەی ئەمە جێبەجـێ بکرێت.لە خەزینەی شـاهانە هیممەت بکرێت لـە جێبەجێ کردنی. | | |





A.}DVN.00173.00068.001

| A.DVN | 00173.00068 | 28 جەمادی یەکەم 1278 (1 کانوونی یەکەم 1861) |
| --- | --- | --- |
| ١٥٠٠<br>تەنیا هەزار و پێنج سەد قوروشە<br>ئـەم کاتـەی کـە کەپوکەتهـودا بـووم، جەنابـی ڕەفعـەت پاشـا قائیمقامـی ڕەوانـدز دەسـتیوەرداوەتە مووچەکـەم، بـە هەژمـار کـردن کەتهـودای والـی پێشـووی بەغـداد جەنابـی مسـتەفا پاشـا بـە نـاوی جەنابـی بەکـر پاشـا ١٥٠٠ قوروشـی لـە ناوبـراو بـردووە، ئـەم هەواڵـە ڕاگەیەنـدراوە و ڕەوان کـراوە.<br>سولی محەمەد | | |




A.}DVN.00173.00069.001


| A.DVN | 00173.00069 | 28 جەمادی یەکەم 1278 (1 کانوونی یەکەم 1861) |
|---|---|---|
| جەنابی رەفعەت پاشا قائیمقامی رەواندز مووچەکەمی هەژمار کردووە و دەستیوەرداوەتە مووچەکەم، لەلایەن کەتهودای والی بەغدادی پێشوو جەنابی پایەبەرز مستەفا پاشا بە ناوی جەنابی بەکر پاشا هەژمار کراوە و روون بۆتەوە ناوبراو ٨٠٠ قوروشی بردووە، ئەم هەواڵە پێتان راگەیەندراوە. ئەلسەیدئەحمەد | | |




A.}DVN.00183.00037.001

| A.DVN | 00183.00037 | 29 زیلحیجه 1278 (27 حوزەیران 1862) |
|---|---|---|


لەلایــەن بەندەتــان ســەنەدێکی زۆر لــە بــەسرا و زەنگئابــاد و حیللــە و هەولێــر و بەڕێوەبەرایەتــی ئاوقافــی ئەیالەتــی بەغــداد دۆزراوەتــەوە، ئــەم شــوێنانەی کــە مــن لێــی جێگیــر بوومــە و خزمەتــم کــردووە، جێگــەی ڕەزامەنــدی دانیشــتوانەکەی بــووە، لەگــەڵ ئەمــەش ســەنەدێکی زۆریشــم لــەلای جەنابــی موشــیرەتەکان دۆزیوەتــەوە، کەچــی پاداشــت نەکــراووم، نــووسراو بــەرز کراوەتــەوە تــا ئێســتا هیــچ ئەنجامێکــی نەبــووە، چەنــد ساڵێکیشــە لــە دەرســەعادەت تووشــی تەنگانەیــی بۆمەتــەوە، حاڵــی حازریــش ڕەفعــەت پاشــا قائیمقامــی ڕەوانــدز ســەر بــە ئەیالەتــی شــارەزوور ســەرپێچیەکانی ئاشــکرا کــراوە، بۆیــە گۆرینــەوەی دروســتە، بــە تــکا و میهرەبانیــەوە و بەزەییتــان بــە مەغــدوری بەندەتــان بێتــەوە، ئەرکــی قائیمقامیەتــی ڕەوانــدز بدەنــە مــن، بەمــەش لــە ســەفالەت ڕزگارم دەبێــت، بــە هــەر شــێوەیەك بێــت بڕیــار و فەرمــان بــۆ جەنابــی ئــەم کەســەیە کــە فەرمانــی بەدەســتەوەیە.
بەندە خورشید سەر لیوای روکابی شاهانە


T.C. BASBAKANLIK OSMANLI ARSIVI DAIRE BASKANLIGI (BOA)

OSMANLI ARŞİVİ
A.}MKT.DV
214 | 86

A.}MKT.DV.00214.00086.001


| A.MKT.DV | 00214.00086 | 29 جەمادی کۆتایی 1278 (1 کانوونی دووەم 1862) |
|---|---|---|
| | | قائیمقامی ڕەواندز ڕەفعەت پاشا<br>ئـوم گـوڵ خاتـوون لـە ئێـوە گلەیـی هەیـە، بـۆ وەرگرتنـی ئـەم کـرێ و خەرجییـە، داواکاری بـۆ جەنابـی ملوکانـە بـەرز کردۆتـەوە، ئایـا ناوبـراو بـە ڕاسـتی مافـی وەرگرتنـی هەیـە؟، ئەگـەر هەیـە بـۆی خـەرج بکرێـت و بـێ دەنـگ بکرێـت، بـۆ گەڕانـەوەی داواکاری ناوهاتـووش نـووسراو بکرێـت. |


T.C. BASBAKANLIK OSMANLI ARSIVI DAIRE BASKANLIGI (BOA)

OSMANLI ARŞİVİ
A.} MKT.NZD
367 | 59 | 1


A.}MKT.NZD.00367.00059.001

<table>
<tr><td>A.MKT.NZD</td><td>00367.00059</td><td>16 ڕەبیعی یەکەم 1278 (21 ئەیلوول 1861)</td></tr>
<tr><td colspan="3">نارزی دارایی<br>یەحیا ئەفەندی خانەدانی ڕەواندز خەریکە لە ناوچەی دیلە دیکە نیشتەجێ دەکرێت، لە سەرەتای ئەم مانگەوە بۆ ماوەی ٢ مانگ ڕۆژانە ١٥ قوروشی پێ بدرێت، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی مامەڵەکە.</td></tr>
</table>





A.}MKT.NZD.00368.00055.001

| A.MKT.NZD | 00368.00055 | 22 ڕەبیعی یەکەم 1278 (27 ئەیلوول 1861) |
|---|---|---|
| نەزارەتی مەعاریفی گشتی شکۆدار<br>قوجە بەگزادە یەحیا بەگ لە خانەدانی سانجەقی ڕەواندز و لەسەر تەریقەتی خالدیەی نەقشبەندی داواکاری بەرز کراوەتەوە، داوای بەزەیی و هاوکاری سەرووی کردووە، بەهۆی ئەم بەرگەی کە دایناوە، مێژووی بەرگەکە و پۆستە بەیەکەوە بەرز کراوەتەوە، خوێندنەوەی بۆ بکرێت و بە گوێرەی ئەو کارەکە جێبەجێ بکرێت. | | |





A.}MKT.NZD.00392.00031.001

| A.MKT.NZD | 00392.00031 | 8 ڕەجەب 1278 (9 کانوونی دووەم 1862) |
| --- | --- | --- |
| نەزارەتی دارایی شکۆدار<br>لە بارەی دابین کردنی مووچە بۆ یەحیا ئەفەندی خانەدانی ڕەواندز نووسراو بەرز کراوەتەوە، ئاماژەی پێکراوە جێبەجێ بکرێت. | | |




A.}MKT.NZD.00395.00040.001

| A.MKT.NZD | 00395.00040 | 26 ڕەجەب 1278 (27 کانوونی دووەم 1862) |
|---|---|---|
| نەزارەتی دارایی شکۆدار<br>بە هۆی تەنگانەیی یەحیا بەگ خانەدانی ڕەواندز، لە مووچەی عەبدولباقی ئەفەندی کە مردووە بڕێکی بۆ دابین بکرێت، ئەم داواکاریەی بەرز کراوەتەوە، بە گوێرەی نیزام کارەکە جێبەجێ بکرێت. | | |





A.}MKT.NZD.00399.00090.001

| A.MKT.NZD | 00399.00090 | 14 شەعبان 1278 (14 شوبات 1862) |
|---|---|---|


لە لایەنی جەنابی عالی راوێژکار بۆ جەنابی زیوەر ئەفەندی

لـە بـارەی خەرج کردنی خەرجی رێگای عەبدولرەسـول مسـتی ئەفەنـدی زانای رەواندز ئـاگاداری رەوان کراوە، لەسـەر نووسراوی عالیش بۆ خەرج کردنی ٥٠٠٠ قوروش لە خەزینەی دارایی شـكۆدار فەرمانی پاشـای جەنابی پاشـا دەرچووە و رەوانـەی نەزارەتـی دارایـی شـكۆدار كـراوە، بریـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئەم کەسـەیە کـە فەرمانی بەدەسـتەوەیە.





A.}MKT.UM.00512.00077.001

| A.MKT.UM | 00512.00077 | 29 ڕەبیعی کۆتایی 1278 (3 تشرینی دووەم 1861) |
|---|---|---|
| ڕەفعەت پاشا قائیمقامی ڕەواندز<br>لەبەر خراپی بژێوی ژیانی، حاجی یوسف ئەفەندی دانیشتوی ڕەواندز، داواکاری بەرز کردۆتەوە و داوای کردووە مووچەیەکی گونجاوی بۆ دابین بکرێت، هەر کاتێك مووچەیەك لەوێ بێ خاوەن بێ، بۆ ناوبراو دابین بکرێت، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی مامەڵەکە. | | |





A.}MKT.UM.00524.00018.001

| A.MKT.UM | 00524.00018 | 8 جەمادی کۆتایی 1278 (11 کانوونی یەکەم 1861) |
| --- | --- | --- |
| جەنابی نامق پاشا والی بەغداد<br>عەبدولقادر کەمالی ئەفەندی باش کاتیبی دارایی سانجەقی ڕەواندز لە ئەرکەکەیدا جێگەی شایەدی دانە، بۆیە پلەکەی بۆ چوارەم پلە بەرز بکرێتەوە، لە ئەنجوومەنی لیوای ناوهاتوو مەزبەتە هاتووە، لە بابەتەکە ڕوون دەبێتەوە خەریکە جێبەجێ دەکرێت. | | |


T.C. BASBAKANLIK OSMANLI ARSIVI DAIRE BASKANLIGI (BOA)
OSMANLI ARŞİVİ
A.} MKT.UM
554 | 55


A.} MKT.UM.00554.00055.001

<table>
<tr><td>A.MKT.<br>UM</td><td>00554.00055</td><td>14 شەوال 1278 (14 نیسان 1862)</td></tr>
<tr><td colspan="3">کەنعان پاشا قائیمقامی ڕەواندز<br>بەهۆی کار و ئەرکەکەی لە قائیمقامیەتی ڕەواندز، نووسراوی جەنابی پاشا هاتووە تا سوپاس بکرێت، وەڵامی ئەم نووسراوە بدرێتەوە کە ڕەوان کراوە.</td></tr>
</table>





A.}MKT.UM.00558.00033.001

<table dir="rtl">
<tr><td>A.MKT.UM</td><td>00558.00033</td><td>25 شەوال 1278 (25 نیسان 1862)</td></tr>
<tr><td colspan="3">پایەی سەدارەتی پیرۆزی شکۆدار<br>ڕاگەیەندراوی بەندە<br>بە فەرمانی پاشا لە قائیمقامیەتی سانجەقی ڕەواندز ئەرکم پێدراوە، بۆ ئەوەی بە پەلە بچمە سەر ئەرکەکەم، تەلەگرافنامەی پاشای جەنابی پەیوەندیداری وەکالەت بڕیار و فەرمان دەرچووە، ئەمە میهرەبانی و بەزەیی پەیوەندیداری سەدارەتە پێم دراوە، لەم بابەتەدا بڕیار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.<br>بەندە قائیمقامی لیوای ڕەواندز<br>مۆری سەید عومەر فەوزی</td></tr>
</table>





A.}MKT.UM.00567.00004.001

| A.MKT.UM | 00567.00004 | 21 زیلقەعدە 1278 (20 مایس 1862) |
| --- | --- | --- |
| قائیمقامی رەواندز<br>جەنابی پاشا نووسراوی سوپاس و ڕێزی بۆ قائیمقامیەتی رەواندز ناردووە، بە راگەیاندنی وەڵام بدرێتەوە. | | |




A.}MKT.MHM.00263.00018.002

<table dir="rtl">
<tr><th>A.MKT.MHM</th><th>00263.00018</th><th>22 زیلقەعدە 1279 (11 مایس 1863)</th></tr>
<tr><td colspan="3">لایەنی عالی جەنابی راوێژکار بۆ عەزیز ئەفەندی ژمێریاری خەرجی<br>رەفعەت پاشا قائیمقامی پێشووی رەواندز بە تەواوبوونی دادگاییەکەی تا مێژووی دابرانەکەی ئاخۆ ئەم مووچەی بۆی دابین کراوە، بە تەواوەتی وەریگرتووە و پێویستە وەریبگرێت؟، خشتەی ئەم مووچانەش لە شوێن خۆیدا هاتووە و بە ووردبینی کردنی لەگەڵ پارچەیەك پۆستە رێکبخرێت، بە پەلە بۆ لایەنی بەندەمان رەوان بکرێت، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەفەندیمانە.</td></tr>
</table>




İ.MVL.00484

| İ.MVL | 00484.021927 | 16 زیلقەعدە 1279 (5 مایس 1863) |
|---|---|---|


جەنابی میهرەبانی ئەفەندم

لە مەزبەتەی راگەیەندراوی ئەنجوومەنی والا روون دەبێتەوە مووچە و ساڵیانەی تەها ئەفەندی موفتی رەواندز بێ خاوەن ماوەتەوە، مانگانە مووچە و ساڵیانەکەی ١٥٠ قوروش و تەغارێك گەنم بۆ کوڕەکانی ئەحمەد ئەفەندی و محەمەد ئەفەندی دابین بکرێت، واتە دوو تەغار گەنم و ٩٠٠ قوروش ساڵیانە لە خەزینە رێك بخرێت، نووسراو بۆ نەزارەتی دارایی شکۆدار نێردراوە، لەم بابەتەدا بریار و فەرمانی جەنابی ملوکانە چی بێت جێبەجێ دەکرێت، بە راگەیاندنی نووسراو کراوە ئەفەندم.





A.}MKT.UM.00607.00006.002

| A.MKT.UM | 00607.00006 | 6 ڕەبیعی کۆتایی 1279 (1 تشرینی یەکەم 1862) |
|---|---|---|
| عومەر پاشا قائیمقامی ڕەواندز<br>ئامینە خانم داواکاری بەرز کردۆتەوە، تێدا هاتووە هاوسەرەکەی عومەر ئەفەندی پزیشکی کەرەنتینە بووە و لە گەرەکێکی ڕەواندز بە ناوی رایت دانیشتوە، ئێستا چۆتە لایەکی تر و ٣ ساڵ پێش ئێستا کوڕە تەمەن ٢ ساڵانەکەی بەبێ نەفەقە و بە تەنیا بەجێ هێشتووە، تا ئێستا یەك ئاقچە مووچەی بۆ دابین نەکردووە، بژێوی ژیانیان باش نییە، بۆیە داوای کردووە بە گوێرەی شەرع مووچەیەکی بۆ ببڕێتەوە و ناوبراو ئاگادار بکرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە نووسراو بکرێت. | | |




A.}MKT.MHM.00278.00009.001


| A.MKT.MHM | 00278.00009 | 10 ڕەبیعی کۆتایی 1280 (٢٤ ئەیلوول ١٨٦٣) |
|---|---|---|
| نەزارەتی دارایی شکۆدار<br>عەبدولقادر ئەفەندی زانای ڕەواندز لە بەڕێوەبردنی داهاتی گوندی وەزان ساختەیی ئەنجام داوە، بۆ گەڕانەوەی داهاتی دە یەکی ئەم گوندە ئامارە ڕەوان کراوە و لە وەڵامدا جەنابی پاشای والی بەغداد نووسراوی ڕەوان کردووە، بە تێڕوانین لە ئاماژەی بابەتەکە بڕیار بۆ ئەفەندیمانە. | | |



MVL.00415.00087.001


| MVL | 00415.00087 | 14 رەبیعی یەکەم 1280 (29 ئاب 1863) |
|---|---|---|

راگەیەندراوی بەندەمانە
لەبەر ئەوەی زانا و مودەریس و نەوەی بنەماڵەی پاکی جەنابی بیلال حەبەشی سانجەقی رەواندز منداڵێکی زۆری هەیە و بژێوی ئابووری خراپە، ماوەی دوو ساڵە لە ئەستانەی عالی لە شوێنێك دەخەوێت و پەرێشانی و سەرگەردان بووە، بە خۆم بە دوعا و پارانەوە و کاری خێرخوازی سەرقاڵم، تەها ئەفەندی زانای رەواندز لەمەوپێش مردووە، مووچەکەی ٣٠٠ قوروش بێ خاوەن ماوەتەوە، بە میهرەبانی و بەزەیی جەنابی پاشا مووچەی ناوبراو بدرێتە من، لە هەر حاڵەتێکدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەفەندیمانە.
داواکار رەسول مودەریس





A.}MKT.UM.00805.00043.001

| A.MKT.UM | 00805.00043 | 21 ڕەبیعی کۆتایی 1281 (23 ئەیلوول 1864) |
|---|---|---|
| بۆ لایەنی واڵای والی بەغداد<br>تۆفیق ئەفەندی باش کاتیبی دارایی سانجەقی ڕەواندز مردووە، بۆ هەتیوەکانی ناوبراو لە سندوقی دارایی ئاقچە ڕەوان بکرێت، لەگەڵ ئەمەش بە فرۆشتنی خانوەکەیان داهاتی هەشت یەکی ناردووە، ئەم وەسیەتەی فاتیمە خان داویەتی داواکاریەکەی هاوپێچ ڕەوان کراوە، بە شەرعی شەریف و زانیاری ئەنجوومەن دوای لێکۆڵینەوە جێبەجێ بکرێت، فەرمانی ئەفەندیمانە. | | |





İ.MVL.00574

| İ.MVL | 00574.025781 | 5 سەفەر 1284 (8 حوزەیران 1867) |
|---|---|---|
| جەنابی میهرەبانی ئەفەندم<br>مەزبەتـەی ڕاگەیەنـدراوی ئەنجوومەنـی والا ڕوون بۆتـەوە، لـە نـاو سـانجەقی ڕەوانـدز میـر و موختـارەکان و هەندێـك سـەرۆك عەشـیرەتەکان جلـی ڕێزیـان پـێ دراوە، نرخـی جلـەکان بـە کۆکراوەیـی ٦٧٦٣ قـوروش لـە خەزینە هەژمـار کـراوە، بـۆ دابیـن کردنـی و خـەرج کردنـی نـووسراو بـۆ نەزارەتـی دارایـی شـکۆدار کـراوە، لـەم بابەتـەدا بریـار و فەرمانـی جەنابـی پاشا هـەر چییـەك بێـت جێبەجـێ دەکرێـت، بـە ڕاگەیاندنـی نـووسراو کـراوە ئەفەنـدم. | | |





İ.ŞD.00005

| İ.SD | 00005.000281 | 27 موحەڕرەم 1285 (20 مایس 1868) |
| --- | --- | --- |
| تەلەگرافنامە<br>لە بەغداد بۆ ئوسکودار<br>جەنابی پیرۆزی سەدارەت<br>بە هەڵبژاردنی یونس بەگ قەپوچی باشی دەرگای عالی و ئەندامی ئەنجوومەنی موسڵ لە قائیمقامیەتی ڕەواندز دامەزرێت، بە فەرمانی پاشا ڕەزامەندی دەدرێت، فەرمانی ئەفەندیمانە.<br>محەمەد تەقیەددین والی ویلایەتی بەغداد | | |





A.}MKT.MHM.00406.00009.001

<table>
<tr><th>A.MKT.MHM</th><th>00406.00009</th><th>5 موحەررەم 1285 (28 نیسان 1868)</th></tr>
<tr><td colspan="3">لایەنی واڵای سەر عەسکەر<br>لەلایەن محەمەد ئەمین ئەفەندی خانەدانی ڕەواندز تەلەگرافنامە هاتووە، ڕاست و دروستی بارودۆخ و ووتە و دەستەواژەی ئەم پیاوە لە بابی عالی دیار نییە، زانیاری ناوبراو خوێندنەوەی بۆ بکرێت و تەلەگرافنامەکە ڕەوان بکرێتەوە و فەرمان بۆ ئەفەندیمانە.</td></tr>
</table>





A.}MKT.MHM.00422.00008.001

| A.MKT.MHM | 00422.00008 | 11 جەمادی کۆتایی 1285 (30 ئاب 1868) |
|---|---|---|
| نەزارەتی مەعاریفی گشتی شکۆدار<br>لە قائیمقامیەتی ڕەواندز مەکتەبی روشدیە دروست کراوە، ئەوەی پێویستە لە ریسالە و پەرتوک ڕەوان بکرێت، لە ویلایەتی بەغداد نووسراو ڕەوان کراوە لەگەڵ هاوپێچ بۆ واڵا بەرز کراوەتەوە، نووسراوی ناوهاتوو ڕەوان بکرێتەوە و هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی کارەکە. | | |





A.}MKT.MHM.00423.00087.001

| 27 جەمادی کۆتایی 1285 (15 تشرینی یەکەم 1868) | 00423.00087 | A.MKT.MHM |
|---|---|---|
| نەزارەتی مەعاریفی گشتی شکۆدار<br>لە سانجەقی ڕەواندز مەکتەبی ڕوشدیە دروست کراوە و خەتیب زادە ئیبراهیم ئەفەندی بە موعەلیمی دووەم هەڵبژێردراوە، لە بارەی دەست بە کار بوونی نووسراو لە ویلایەتی بەغداد ڕەوان کراوە، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی. | | |




A.}MKT.MHM.00427.00010.004

<table>
<tr><td>A.MKT.MHM</td><td>00427.00010</td><td>29 جەمادی یەکەم 1285 (17 ئەیلوول 1868)</td></tr>
<tr><td colspan="3">پایەی جەنابی پیرۆزی سەدارەت<br>ژمارە ٦٥<br>ڕاگەیەندراوی بەندەمانە<br>لە سانجەقی ڕەواندز مەکتەبی ڕوشدیە دروست کراوە، لە فەرمانگەی مەعاریفی گشتی نامە و پەرتوك و موعەلیم هەڵبژێردرێت و ڕەوان بکرێت، لە ڕۆژانی رابردوو ڕاگەیەندرا بوو کە مەکتەبی ناوهاتوو موعەلیمی دووەم بە ناوی خەتیب زادە ئیبراهیم ئەفەندی دامەزرێت، بۆ ئەم مەبەستەش مەزبەتەی ناوهاتوو و دەستوخەتی ناوهاتوو هاوپێچ پێشکەش کراوە، هەر کە پەیوەندیداری وەکالەت ڕەزامەندی نیشان دا، کارەکە جێبەجێ دەکرێت، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بە دەستەوەیە.<br>مۆری والی ویلایەتی بەغداد سەید محەمەد تەقیەددین</td></tr>
</table>


T.C. BASBAKANLIK OSMANLI ARSIVI DAIRE BASKANLIGI (BOA)
OSMANLI ARŞİVİ
A.} MKT.MHM
437 | 86

A.}MKT.MHM.00437.00086.001

| A.MKT.MHM | 00437.00086 | 24 زیلقەعدە 1285 (8 مارت 1869) |
| --- | --- | --- |
| نەزارەتی دارایی شکۆدار<br>قـەزای دیـرە کـە سـەر بـە قائیمقامیەتـی رەوانـدزە دەبەسـترێتەوە بـە قائیمقامیەتـی قـەزای هەولێـر، لـە ویلایەتـی بەغـداد نـووسراو هاتـووە، لـە خەزینـە کارەکـە جێبەجـێ بکرێـت. | | |




ŞD.02148.00025.002

| ŞD | 02148.00025 | 27 سەفەر 1288 (18 مایس 1871) |
|---|---|---|


ژمارە ٢٦

نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار

جەنابی میهرەبانی ئەفەندم


بە بڕیاری شورای دەوڵەت نووسراوی پەیوەندیداری نەزارەت لە مێژووی ٢٢ موحەررەم ١٢٨٨ ژمارە ٦ هاتووە، لەلایەنی موسڵ و ڕەواندز سەر بە ویلایەتی بەغداد عەشیرەتی هەرکی هەموو ساڵ بۆ گەرمیان دەچنە سانجەقی وان و زوڵم و سەرپێچی ئەنجام دەدەن، چەندین گوند وێران دەکەن و دانیشتوان پەرشوبڵاو دەکەنەوە، بۆ پاراستنی دانیشتوان و قەدەغەکردنی ئەم جۆرە سەرپێچیانە لە هەردوولا ئامادەکاری پێویست ئەنجام بدرێت، بۆ جێبەجێ کردنی قوماندانی فرقەی سەربازیەی موسڵ میری لیوا ئەحمەد پاشا لەگەڵ موتەسەرفی موسڵ پەیوەندییان کردووە، ڕێگە نەدرێت عەشیرەتی هەرکی و سورجی و ئەرتوش بچنە لایەنی وان و ئێران، لە قەزای عەمادیە سەر بە موسڵ پردەکەی بگیرێت، بۆ ئەم دوو خاڵە لە چوار بلۆك تابورێکی سەربازی نیزامی ڕەوان بکرێت، بۆ ئەمەش لەشکری چوارەمی هومایۆن سەرباز ڕەوان دەکات، ئەم تەلەگرافنامەیەی لە موشیرەتی لەشکری ناوهاتووی شکۆدار وەرگیراوە و ئاماژەی پێکراوە، ئەم ماوەیە دوادەکەون ئەوەی ڕێکخراوە لە سەرباز هەر ئێستا ڕەوان بکرێتە ئەم خاڵانەی کە ئاماژەی پێکراوە و ئەم سەربازانەی لە لەشکری چوارەم دێت ڕوو بکەنە سنووری هەکاری، هەروەها پردی ڕەواندز لەگەڵ گەرووی هەفتیان بۆتە دەروازەی تێپەڕبوونی ئەم عەشیرەتانە، ئەویش بگیرێت و لەم گەرمیانانە نیشتەجێ بکرێن تووشی پەرێشانی و دەردەسەری نەبنەوە، لەم ناوچانە هەر شوێنێك ئەوان دەیانەوێت تێدا نیشتەجێ بن و مەروماڵاتەکانیان بلەوەڕێنن، بۆ ئەمەش لەگەڵ موتەسەرفی شارەزوور و موشیرەتی ناوهاتوو ڕاگەیەندراوە، ڕێگەش نەدراوە عەشیرەتەکان لێرە بپەڕنەوە، لەم بابەتەدا بڕیار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.

مۆری مدحەت والی ویلایەتی بەغداد




ŞD.00261.00012.003


<table>
<tr><td>ŞD</td><td>00261.00012</td><td>2 جەمادی یەکەم 1292 (6 حوزەیران 1875)</td></tr>
<tr><td colspan="3">پوختەی بابەتەکە<br>سەبارەت بە باجی گوندەکانی سلان و زیوە و باپشتیانی سەر بە قەزای ڕەواندز، برەکەی لە میراتی مردوو بەکر بەگ دەردەهێنرێن، تۆمار بکرێت.</td></tr>
</table>



İ.ŞD.00030


| 13 موحەڕرەم 1293 (9 شوبات 1876) | 00030.001439 | İ.ŞD |
|---|---|---|

جەنابی میهرەبانی ئەفەندم
لـە خانەدانـی ڕەوانـدز بەکـر بـەگ مـردووە، بـە دوای ٣٦٦١٠ قـوروش پاشـماوەی باجـی ڕەژێ دەگەڕێـن، لەسـەر ئامـاژەی نەزارەتـی دارایـی شـکۆدار مەزبەتـە لـە شـورای دەوڵـەت دراوەتـە قەڵـەم لەگـەڵ هاوپێـچ ڕاگەیەنـدراوە و پێشـکەش کـراوە، بـە تێروانیـن لـە ناوەڕۆکـی بابەتەکـە دەردەکەوێـت نزیکـەی ٣٦٠٠٠ قـوروش بـاج و تەکالیفـی بـوردراوی حکوومـەت لـەلای ناوبـراو بـووە، دواتریـش لـەلای میریـەوە ئـەم گوندانـەی جێگیـر کـراوە، تا سـاڵی ١٢٧٩ باجـی ٧ سـاڵی لەسـەرە، ئەگەرچـی داواکـراوە، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی لـەم باجـە بـوردراوە وەرگرتنـی هیـچ مانایەکـی نییـە، لـە بـارەی کۆتایـی هاتـن بـە بابەتەکـە نـووسراو بـۆ نەزارەتـی ناوهاتـوو کـراوە، لـەم بابەتـەدا جەنابـی جیهانـدار بـە بڕیـار و فەرمـان چـی بفەرمووێـت جێبەجـێ دەکرێـت، بـە ڕاگەیاندنـی نـووسراو کـراوە ئەفەنـدم.





MF.MKT.00045.00142.001

| MF.MKT | 00045.00142 | 25 زیلحیجە 1293 (11 کانوونی دووەم 1877) |
| --- | --- | --- |
| ویلایەتی بەغدادی شکۆدار<br>تەلەگرافنامە لەلایەن موعەلیمی مەکتەبی روشدیەی ڕەواندز هاتووە، لە نووسراوەکانیان دەرکەوتووە مووچەکانیان وەرنەگرتووە و تووشی تەنگانەیی بوونەوتەوە، ئەگەر بکرێت مووچەکانیان بدرێت، نووسراو بۆ پەیوەندیداری ویلایەت کراوە، کارەکە جێبەجێ بکرێت. | | |



MF.MKT.00059.00116.001


<table>
<tr><td>MF.MKT</td><td>00059.00116</td><td>21 موحەررەم 1296 (15 کانوونی دووەم 1879)</td></tr>
<tr><td colspan="3">ویلایەتی بەغدادی شکۆدار<br>دامەزراندنی مەکتەبی روشدیەی رەواندزی ویلایەتی شکۆدار گەیشتە ٩ ساڵ، کەچی ژمارەی قوتابیانی لە ٨ قوتابی زیاتر نەبووە، هەروەها لە مەکتەبی ناوهاتوو پێویستە ٤ پۆل هەبێت، کەچی ٢ پۆل هەیە، لە خشتەکەی روون بۆتەوە، لە تۆمارەکانیش دەرکەوتووە تا ئێستا خشتەی تاقیکردنەوە رەوان نەکراوە، لێکۆڵینەوە بکرێت و ئاماژەی پێ بکرێت، ئەم هۆکارانە دەستەبەر بکرێن کە دەبنە هۆی زیاد کردنی قوتابی.</td></tr>
</table>




İ.DH.00821


| İ.DH | 00821.066182 | 24 سەفەر 1298 (26 کانوونی دووەم 1881) |
|---|---|---|

جەنابی میهرەبانی ئەفەندم
لە ویلایەتی موسڵ ئاماژەی پێکراوە، عوسمان ئەفەندی قائیمقامی قەزای ڕەواندز سەر بە ویلایەتی موسڵ مردووە و لە شوێنی کەسێکی گونجاو دابمەزرێت، بەم مووچەی بۆ ئەم قائیمقامیەتە دابین کراوە، ئیبراهیم بەگ بەگی ئاڵای حەلەب و قائیمقامی جیابووەوە لە ئەلبیستان دابمەزرێت، بەم ڕاگەیەندراوە ئەم مەزبەتەی لە قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران دراوەتە قەڵەم پێشکەش کراوە و ڕاگەیەندراوە، جەنابی ملوکانە بە فەرمانی پاشا چی بفەرمووێت ڕەزامەندی لەسەر دەدرێت، بە ڕاگەیاندنی نووسراو کراوە ئەفەندم.




Y.A.HUS.00178.00005.001

| Y.A.HUS | 00178.00005 | 3 ره‌جه‌ب 1301 (29 نیسان 1884) |
|---|---|---|
| له‌ نێوان ره‌واندز و خانه‌قین جۆرێك نه‌خۆشی گوماناوی سه‌ری هه‌ڵداوه‌، بۆ لێكۆڵینه‌وه‌ پزیشك لویج ره‌وانی به‌غداد كراوه‌، ئه‌م راپۆرته‌ی به‌ ته‌له‌گراف له‌وێ ره‌وان كراوه‌ و به‌ وه‌رگێرانی ره‌وانی نه‌زاره‌تی ته‌ندروستی كراوه‌، له‌سه‌ر ئه‌م نووسراوه‌ی كه‌ نه‌زاره‌تی ته‌ندروستی ره‌وانی كردووه‌، ئه‌م نه‌خۆشیه‌ له‌ قه‌زاكانی به‌دره‌ و زرباتیه‌ له‌گه‌ڵ ئه‌م قه‌بیلانه‌ی كه‌ ناویان هاتووه‌ بڵاوبۆته‌وه‌، بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌م نه‌خۆشیه‌ بۆ ناوچه‌كانی تر نه‌گوازرێته‌وه‌ و رێگه‌ی لێ بگیرێت ئاماده‌كاری پاراستن ئه‌نجام بدرێت، ئه‌مرۆ ئه‌نجوومه‌نی ته‌ندروستی كۆده‌بێته‌وه‌ و به‌ گوێره‌ی ئه‌م بریاره‌ی له‌ كۆبوونه‌وه‌كه‌ ده‌درێت رێنمایی ده‌درێته‌ موسیو لویج، هه‌روه‌ها ئه‌م شوێنانه‌ی كه‌ نه‌خۆشیه‌كه‌ی تێدا بڵاوبۆته‌وه‌ سه‌ربازی شاهانه‌ ره‌وان ده‌كرێت، ئاگاداری دراوه‌ته‌ موشیره‌تی له‌شكری شه‌شه‌می هومایۆن و سه‌رعه‌سكه‌ر، له‌م بابه‌ته‌دا ئه‌و ئاماده‌كاریانه‌ی موسیو لویج ئه‌نجامی ده‌دات، به‌په‌له‌ ئه‌نجام بدرێت و ئاگاداری دراوه‌ته‌ ویلایه‌تی به‌غداد. | | |





ŞD.00309.00014.001

| ŞD | 00309.00014 | 20 شەعبان 1303 (24 مایس 1886) |
|---|---|---|
| پوختەی ئەوراق<br>دوای مردنی ڕەسوڵ پاشا قائیمقامی پێشووی ڕەواندز، لە بەرامبەر مولکە جێگیر کراوەکانی مووچەکەی بۆ خێزانەکەی دابین بکرێت. | | |



İ.DH.01007


<table>
<tr><th>İ.DH</th><th>01007.079508</th><th>15 موحەررەم 1304 (14 تشرینی یەکەم 1886)</th></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەت<br>فەرمی<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>عوسمان شەوقی ئەفەندی قائیمقامی قەزای ڕەواندز سەر بە سانجەقی شارەزوور دەست لە کار کێشانەوەی نووسیوە، بۆیە هەڵبژێردراو لە چینی دووەم عەبدولحەلیم ئەفەندی قائیمقامی پێشووی سەروج دامەزرێت بۆ ئەمەش نووسراو کراوە، مەزبەتە لە قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران ڕێکخراوە و هاوپێچ کاغەزی وەرگێردراوی کەسێتی لەگەڵ نووسراوی نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، بریار و فەرمانی هومایۆنی جەنابی پاشا چی بێت جێبەجێ دەکرێت، نووسراو کراوە ئەفەندم.</td></tr>
</table>




DH.MKT.01370.00117.001

| DH.MKT | 01370.00117 | 8 موحەررەم 1304 (7 تشرینی یەکەم 1886) |
| --- | --- | --- |


جەنابی پایەبەرزی سەدارەت لایەنی عالی
عوسمان شەوقی ئەفەندی قائیمقامی قەزای ڕەواندز سەر بە سانجەقی شارەزور بە دەست لە کار هەڵگرتن چۆتە دەرسەعادەت، لەبەر ئەوەی قەزای ناوهاتوو لە سنووری ئێران نزیکە و گرنگیەکەی بەرچاوە، بۆیە کەسێکی لێهاتوو دابمەزرێت و ڕەوانی ناوچەکە بکرێت، لەسەر ئاماژەی ویلایەتی موسڵ لە قەزای ناوهاتوو عەبدولحەلیم ئەفەندی قائیمقامی پێشووی سەروج لە چینی دووەم دابمەزرێت، مەزبەتە لە قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران ڕێکخراوە و لەگەڵ نووسراوی وەرگێردراوی کەسێتی پێشکەش کراوە، لە جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت نووسراو کراوە و جەنابی پەیوەندیداری پایەبەرز فەرمان دەربکات.




Y.PRK.MYD.00007.00065.001


| Y.PRK.MYD | 00007.00065 | 8 زیلحیجه 1305 (16 ئاب 1888) |
|---|---|---|

وێنەی ئەم شیفرەیە کە بۆ موتەسەرفی شارەزوور ڕەوان کراوە
بـۆ ئـەم سـەربازگەیەی کـە لـە عەمادیـە نزیکـی موسـڵە، چەنـد ڕۆژ پێـش ئێسـتا ئەدهـەم پاشـا چووبـووە موسـڵ، لـە موسـڵ چـوار تابـوری پیـادە و یـەك ئـاڵای سـوارە بوونـی هەیـە و بـە چـوار ڕۆژ لـە موسـڵ دەگاتـە عەمادیـە، ئەگـەر پێویسـت بـە هێـزی زیاتـر بـکات ئـەوا لـە ڕەوانـدز و هەولێـر دوو تابـور سـەرباز ڕەوان بکرێـت، هەروەهـا ئەگـەر تەیاریـەکان و کـوردەکان هێـزی سـەربازی ببینـن واز لـە ناکۆکـی دەهێنـن، ئـەم تائیفـە کوردانـەی لـە چـواردەورن لـە دژی تەیاریـەکان دەسـتیان بـە هەواڵگـری و ڕێککەوتـن کـردووە، ئـەم هەواڵـە ڕاگەیەنـدراوە.
کەمال موتەسەرفی شارەزوور




İ.ŞD.00088

<table>
<tr><th>İ.SD</th><th>00088.005231</th><th>27 سەفەر 1305 (14 تشرینی دووەم 1887)</th></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەت<br>دیوانی هومایۆنی ئێستا<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>لەسەر ئەم ڕاپۆرتەی لە نەزارەتی دارایی شکۆدار بۆ شورای دەوڵەت ڕەوان کراوە، لە فەرمانگەی ناوەخۆ مەزبەتە ڕاگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، ڕوون بۆتەوە لە ناحیەی باڵەك سەر بە قەزای ڕەواندزی ویلایەتی موسڵ مامەڵەی باجی قەزای ناوهاتوو و شارۆچکەی کۆی سانجەق و گوندەکانی و مامەڵەی ناحیەی شەقڵاوە و قەزاکانی کۆی سانجەق بە ڕێگەی کاتیبەکانی باج بەڕێوە دەبردرێت، بە هاوەڵی کاتیبی باجی قەزای ڕەواندز ٢٥٠ قوروش و بۆ کاتیبی باجی قەزای کۆی سانجەق ٣٠٠ قوروش مووچە لە شوێنی مەبەست دابمەزرێن، لە مێژووی دەست بەکار بوونی ئەمانە، ئەم مووچەی مانگانە وەریدەگرن دەکاتە ٥٥٠ قوروش، لە بودجەی ئەم ساڵە تۆمار دەکرێت لەگەڵ ڕاگەیاندنی تۆماری باج نووسراو کراوە ئەفەندم.<br>سەدری ئەعزەم</td></tr>
</table>





A.}MKT.MHM.00493.00025.002

| A.MKT.MHM | 00493.00025 | 22 جەمادی یەکەم 1306 (24 کانوونی دووەم 1889) |
|---|---|---|
| نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>وەڵام<br>نووسراوی دەوڵەت و هاوپێچەکەی لە ئەنجوومەنی تایبەتی بریکارەکان خوێندنەوەی بۆ کراوە، ئەفەندی ناوبراو لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکەی بە توانا نییە و داوای خانەنشینی کردووە، پێویستە بژێوی ژیانی لە رووی ئابوورییەوە ڕێك بخرێت، بە لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە ناوبراو دەتوانێ سوود لە داهاتی سندوق وەربگرێت، بەڵام پێی ڕانەگەیەندراوە کە سەردانی ئەوێ بکات، بۆیە چاوخشاندنەوە بە مامەڵەکەی دەکرێت، لە وەڵام نووسراو کراوە تا بە نەزارەتی شکۆدار ڕابگەیەندرێت، بۆ جێبەجێ کردنی کارەکە و ڕاگەیاندنی نووسراو کراوە ئەفەندم.<br><br>لە بارەی عوسمان شەوقی ئەفەندی قائیمقامی پێشووی ڕەواندز. | | |





DH.MKT.01562.00064.001

| DH.MKT | 01562.00064 | 3 رەبیعی یەکەم 1306 (7 تشرینی دووەم 1888) |
|---|---|---|
| جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت لایەنی عالی<br>لە عەشیرەتەکانی رەواندزن و پێشتر خانەکانیان گواستۆتەوە بۆ ئێران، ئەمجارە لە سایەی جەنابی پاشا زیاتر لە ١٠٠ خانە گەراونەتەوە شوێنە کۆنەکانیان لە رەواندز، تەلەگرافنامە لە ویلایەتی موسڵ وەرگیراوە، بۆ جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت بەرز کراوەتەوە. | | |




DH.MKT.01965.00107.001


<table>
<tr><td>DH.MKT</td><td>01965.00107</td><td>30 زیلقەعدە 1306 (28 تەمموز 1889)</td></tr>
<tr><td colspan="3">ویلایەتی موسڵی پایەبەرز<br>لەلایەن قائیمقامی رەواندز بە هاوکاری زابیتەکان ئاژەڵی گوندەکان تاڵان کراوە، هەروەها بەهۆی سەرپێچی جۆراوجۆر سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە، بە واژووی ئەحمەد شالی تەلەگرافنامە رەوان کراوە، بە تێروانین لە بابەتەکە لێکۆڵینەوە ئەنجام بدرێت و ئەنجامەکەی رابگەیەندرێت.</td></tr>
</table>




DH.MKT.01674.00053.001


| DH.MKT | 01674.00053 | 21 ڕەبیعی کۆتایی 1307 (15 کانوونی یەکەم 1889) |
|---|---|---|

باش کیتابەتی مابەینی هومایۆنی جەنابی ملوکانەی شکۆدار
لە ١ تا ٣ی تشرینی دووەم لە ویلایەتی موسڵ تەلەگرافنامە وەرگیراوە لە ٣٠ تشرینی یەکەم لە ڕەواندز ٣ کەس بە کۆلێرا مردووە و ٢ کەسیش تووشی نەخۆشیەکە بوونە، لە ناو موسڵیش لە ٢ تشرینی دووەم ١٦ کەس تووشبوون ٥ مردووە، دیسان لەم مێژووەدا لە ڕەواندز ٢ نەخۆش هەبووە، لە ٣ تشرینی دووەمیش لە موسڵ ٨ کەس پشکنینی بۆ کراوە و ٧ مردووە.





DH.MKT.01677.00030.001

| 2 ڕەبیعی کۆتایی 1307 (26 تشرینی دووەم 1889) | 01677.00030 | DH.MKT |
|---|---|---|
| باش کیتابەتی مابەینی هومایۆنی جەنابی ملوکانەی شکۆدار<br>١١-١٢ ی ئەم مانگە لە ڕەواندز نەخۆشی سەری هەڵنەداوە، لە موسڵیش لە ماوەی ٢٤ کاتژمێر ٨ تووشبوو و ٥ مردوو هەبووە، تەلەگرافنامە لە مێژووی ١٣ تشرینی دووەم ١٣٠٥ لە ویلایەتی موسڵ وەرگیراوە. | | |




DH.MKT.01766.00111.001

<table>
<tr><td>DH.MKT</td><td>01766.00111</td><td>18 سەفەر 1308 (3 تشرینی یەکەم 1890)</td></tr>
<tr><td colspan="3">جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت لایەنی عالی<br>عەبدولحەلیم ئەفەندی قائیمقامی قەزای رەواندز گوازراوەتەوە قائیمقامیەتی سکود، لە شوێن ئەو عارف حیکمەت ئەفەندی مولازمی هەڵبژێردراوە لە چینی سێیەم و بەرێوەبەری دارایی هیندیە وەکو بریکاری قائیمقام ئەرکی هەبووە، بە دەست لە کار هەڵگرتن وازی لە ئەرکەکەی هێناوە دامەزرێت، مەزبەتە لە قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران لەگەڵ وەرەقەی وەرگێردراوی کەسێتی پێشکەشی پەیوەندیداری سەدارەت کراوە، کارەکە جێبەجێ بکرێت.</td></tr>
</table>





BEO.000034.002533.001

| BEO | 000034.002533 | 22 زیلحیجە 1309 (18 تەمموز 1892) |
| --- | --- | --- |
| نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>محەمەد ئاغا لە قائیمقامیەتی قەزای رانیەی سەر بە ویلایەتی موسڵ دامەزراوە، خۆی لە دانیشتوی قەزای کۆی سانجەقە و لەم کەسانەیە کە بە کاری چەتەیی خەریك بووە، بۆیە لە ویلایەتی بەغداد ١٥ ساڵ بە سزای سەوڵ لێدان حوکم دراوە، ئەگەر بێتو لە قائیمقامیەتی ناوهاتوو بمێنێتەوە ئەوا عەشیرەتەکان لە ملکەچی دەردەچن و لە سنووری ئێران رووبەرووی تاقمێك سەرپێچی دەبینەوە، بۆ گۆرینەوەی ناوبراو لە مەرکەزی رەواندوز تەلەگرافنامە بە واژووی سەرۆك عەشیرەتە ناوهاتووەکان هاتووە و بۆ سەروو بەرز کراوەتەوە، بە تێروانین لە بەراییەکان لێکۆڵینەوە ئەنجام بدرێت، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی. | | |





DH.MKT.01870.00003.001

<table>
<tr><td>DH.MKT</td><td>01870.00003</td><td>15 سەفەر 1309 (20 ئەیلوول 1891)</td></tr>
<tr><td colspan="3">ویلایەتی ئەدەنەی پایەبەرز<br>پێش ٤-٥ ساڵ لەمەوبەر عەزیز ئەفەندی کوڕی فەقێ ئەحمەد دانیشتوی شارۆچکەی ڕەواندز لەلای عەبدوڵڵا ئاغا لە تائیفەی هەمەوەند بووە و خزمەتکاری بووە، لە کاتی دەستگیر کردنی هەمەوەندەکان چۆتە ئەدەنە و ٣ منداڵی بچووکی بەجێ هێشتووە، ئەمانە لە بارودۆخێکی پەرێشانن، داوای کردووە ڕێگەی پێ بدرێت بگەڕێتەوە، نووسراو لە ویلایەتی موسڵ ئاماژەی پێکراوە، دوای لێکۆڵینەوە هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.</td></tr>
</table>




DH.MKT.01912.00088.001

| DH.MKT | 01912.00088 | 16 جەمادی کۆتایی 1309 (17 کانوونی دووەم 1892) |
|---|---|---|
| ئەمانەتی شاری شکۆدار<br>بـۆ نۆژەنکردنـەوەی قۆناغـی حکوومەتـی قـەزای ڕەوانـدز مەزبەتـە لـە ئەنجوومەنـی کارگێـری ویلایەتـی موسـڵ ڕەوان کـراوە و بـۆ سـەروو بـەرز کراوەتـەوە، ووردبینـی بکرێـت ئاخـۆ دەفتـەری ناوهاتـوو لەگـەڵ هونـەری بیناسـازی و بناغـەی خەرجیەکـە هاوشـێوەیە یاخـود نـا؟، ئەوراقـی ناوهاتـووش ڕەوان بکرێتـەوە. | | |





DH.MKT.00027.00020.001

<table>
<tr><td>DH.MKT</td><td>00027.00020</td><td>15 شەوال 1310 (2 مایس 1893)</td></tr>
<tr><td colspan="3">ویلایەتی موسڵی پایەبەرز<br>بەهۆی خزمەتە باشەکانی داواکاری بەرزکردۆتەوە و داوای پاداشتی کردووە، تەلەگرافنامە بە واژووی جەمیل ئەندامی ئەنجوومەنی کارگێری قەزای ڕەواندز بۆ لایەنی پەیوەندیداری سەدارەت بەرزکراوەتەوە، وێنەیەکی بۆ والا بەرز کراوەتەوە، ناوبراو تاوەکو ئێستا لە کاری گەورە بەشداری کردووە، لێکۆڵینەوە لەسەر خزمەت و هاوکاریەکانی کراوە و خوێندنەوەی بۆ کراوە، ئینجا ئاماژەی پێکراوە و ڕاگەیەندراوە.</td></tr>
</table>




DH.MKT.00053.00037.001


<table>
<tr><th>DH.MKT</th><th>00053.00037</th><th>14 زیلقەعدە 1310 (30 مایس 1893)</th></tr>
<tr><td colspan="3">جەنابی پەیوەندیداری سەدارەتی لایەنی عالی<br>بەهۆی خزمەتە باشەکانی عارف حیکمەت ئەفەندی قائیمقامی قەزای ڕەواندز سەر بە ویلایەتی موسڵ لە پلەی سێیەم بۆ پلەی دووەم بەرز دەبێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش نووسراوی ویلایەتی ناوهاتوو لە مێژووی ١٣ نیسان ١٣٠٩ دەرچووە و لەگەڵ پۆستە دراوەتە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆماری کەسێتی، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی و هاوکاری جەنابی پەیوەندیداری وەکالەتیشی پێویستە.</td></tr>
</table>




DH.MKT.00059.00001.002


| DH.MKT | 00059.00001 | 14 جەمادی یەکەم 1310 (4 کانوونی یەکەم 1892) |
|---|---|---|

ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی مەکتوب
ژمارە ١٢١
نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
دەفتەری دەرخستەی یەکەمی قۆناغی حکوومەتی قەزای ڕەواندز هاوشێوە نییە، بە گوێرەی وێنەی ئەم نووسراوەی کە لە ئەندازیارخانە ڕاگەیەندراوە کارەکە ئەنجام بدرێت، بە ئاماژەی پەیوەندیداری نەزارەت لە مێژووی ١٠ شوبات ١٣٠٧ ژمارە ١٣٩ بە موتەسەرفی شارەزوور ڕاگەیەندراوە، لەم وەڵامنامەیەی وەرگیراوە بە زانیاری ئەندازیاری سەربازی، نووسراوی ئەم دەرخستەی قۆناغی حکوومەتی ناوهاتوو کە ڕەوان کراوە، بە تێروانین لە بەراییەکانی خەرجی دروست کردنی دیارە و لە فەرمانگە ڕێکخراوە، لەگەڵ دەفتەری دەرخستە مەزبەتەی رایج و نەخشەکەی ڕەوان کراوە، لەسەر فەرمانی پەیوەندیداری نەزارەت و ووتەی ژمێریاری ویلایەت پێشکەش کراوە، لەم بابەتەدا بڕیار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.
مۆری عوسمان کوڕی محەمەد والی موسڵ





BEO.000181.013565.001

| BEO | 000181.013565 | 22 ڕەمەزان 1310 (9 نیسان 1893) |
|---|---|---|
| سەرۆکایەتی دەستەی لێکۆڵینەوەی موسڵ<br>عارف حیکمەت ئەفەندی قائیمقامی ڕەواندز لە موسڵەوە تەلەگرافنامەیەکی لە مێژووی ١٥ مارت ١٣٠٩ لە بارەی عەبدوڵلا پاشا قائیمقامی هەولێر بۆ بابی عالی ڕەوان کردووە، بە خوێندنەوەی کۆپییەیەکی و بەراییەکان، لێکۆڵینەوەیەکی بێ لایەنی ئەنجام بدرێت و ئەنجامەکەی ڕابگەیەندرێت. | | |





Y__A___HUS_.00267.00107.001

| Y.A.HUS | 00267.00107 | 24 جەمادی کۆتایی 1310 (13 کانوونی دووەم 1893) |
|---|---|---|
| بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەت<br>دیوانی هومایۆنی ئێستا<br>١٠٢٣<br>سەرەتا لە ئێران بۆ مەمالیکی شاهانە هیجرەتی کردووە و لە قەزای ڕەواندز نیشتەجێ بووە، لە فرقەی هەرکی سیدان تاقمێکی فرقەکە لە ئێران ماوەتەوە، ئەمجارە ئاگاداری دراوەتە خۆجێی تا ئاسانکاری بکات لە هاتنی ئەمانە بۆ قەزاکە و نیشتەجێ کردنیان، تەلەگرافنامەی ویلایەتی موسڵ ڕاگەیەندراوە و پێشکەش کراوە.<br>سەدری ئەعزەم و یاوەری | | |





ŞD.00342.00005.003

| ŞD | 00342.00005 | 29 موحەررەم 1310 (23 ئاب 1892) |
| --- | --- | --- |
| خشتەی پوختەی بڕی ڕێزکراوی کۆن و نوێی ناحیەی دیرە حەریر سەر بە قەزای ڕەواندزی سانجەقی شارەزوور ڕەوان کراوە. | | |





ŞD.00346.00041.002

| ŞD | 00346.00041 | 5 شەعبان 1310 (22 شوبات 1893) |
| --- | --- | --- |
| پوختەی ئەوراق<br>ئەمجارە ناحیەی برادۆست سەر بە قەزای ڕەواندزی سانجەقی شارەزوور فەرمانی تۆماری کۆتایی هاتووە، بڕی پوختەی ڕێزکراوەکانی کۆن و نوێی ڕەوان کراوە. | | |




DH.MKT.02023.00100.001

| DH.MKT | 02023.00100 | 2 جەمادی یەکەم 1310 (22 تشرینی دووەم 1892) |
|---|---|---|
| نەزارەتی دەرەوەی شکۆدار<br>٢٠ نەفەر لە دانیشتوانی بالیسانی قەزای ڕەواندز، بۆ فرۆشتنی زەخیرەکانیان بە ٦٠ ئاژەڵ بۆ لاهیجان بەڕێکەوتوون، لەسەر ڕێگا لە شوێنێك بە ناوی سەکران کچکە لەلایەن ٥٠ نەفەری چەتەی ئێرانی ئاژەڵەکانیان تاڵان کراوە و بە تفەنگی مارتینی و خەنجەر ٢ کەسیشیان بریندار کردووە، هەروەها ڕادەست کردنی عەشیرەتە ئێرانیەکانی سەر سنوور بە تفەنگی مارتینیەوە جێگەی تێروانینە، بە پێویستیش زانراوە کەلوپەلە تاڵانکراوەکان ڕادەست بکرێنەوە و چەکەکانیش کۆبکرێنەوە، تەلەگرافنامە لە ویلایەتی موسڵ هاتووە و بۆ عالی بەرز کراوەتەوە، بە تێروانین لە وێنەی ئاماژەکە هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی کارەکە و ڕاگەیاندنی ئەنجامەکەی. | | |





DH.MKT.02026.00095.001

| DH.MKT | 02026.00095 | 11 جەمادی یەکەم 1310 (1 کانوونی یەکەم 1892) |
| --- | --- | --- |


نەزارەتی تەندروستی شکۆدار

لە ناحیەی باڵەك سەر بە ڕەواندز لەگەڵ ناحیەی سەڵاحیە نەخۆشی تای کوشندە سەری هەڵداوە، ئەم ئامادەکاریانەی کە کراوە، بە تەلەگرافنامەی موتەسەرفی شارەزوور بۆ باڵا بەرز کراوەتەوە، تەلەکرافنامەی ویلایەتی موسڵ بۆ پەیوەندیداری نەزارەت ڕەوان کراوە.





İ.HUS.00015.00024.001

<table dir="rtl">
<tr><th>İ.HUS</th><th>00015.00024</th><th>5 سەفەر 1311 (18 ئاب 1893)</th></tr>
<tr><td colspan="3">کۆشکی یڵدزی هومایۆن<br>فەرمانگەی باش کیتابەت<br>٨١٨<br>لە بابەتی سەربازی کە فەرمانی بۆ هاتووە و پێی ڕاگەیەندراوە فەتاح ئەفەندی سەرۆکی دادگای بەرایی ڕەواندز بوێری کردووە بە زمانێکی ناشیرین قسەی نەشیاو بکات، بە واژووی قائیمقام قاسم قوماندانی تابوری ڕەدیفی برادۆست تەلەگرافنامە بۆ سەروو ڕەوان کراوە، لێکۆڵینەوەی پێویست ئەنجام بدرێت و لە ڕاستییدا ئەگەر بە زمانێکی ناشیرین قسەی کردبێت، دەبێ سنووری بۆ دابنرێت، جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە فەرمانی پاشا بڕیار بدات، فەرمان و بڕیار بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.<br>سورەیا جەنابی سەر کاتیبی شەهریار</td></tr>
</table>





İ.HUS.00020.00059.001

<table>
<tr><th>İ.HUS</th><th>00020.00059</th><th>21 ڕەجەب 1311 (28 کانوونی دووەم 1894)</th></tr>
<tr><td colspan="3">کۆشکی یڵدزی هومایۆن<br>فەرمانگەی باش کیتابەت<br>٥١٦٢<br>بۆ جێبەجێ کردنی فەریزەی حەج عەبدولحەلیم ئەفەندی کاتیبی کەرەنتینەی ڕەواندز داوای کردووە پێش ڕەمەزانی شەریف مۆڵەتی پێ بدرێت و بەرێ بکەوێت، لەسەر داواکاریەکەی جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە فەرمانی پاشا ڕەزامەندی داوە، بڕیار و فەرمان بۆ ئەم کەسەیە کە فەرمانی بە دەستەوەیە.<br>سورەیا جەنابی سەرکاتیبی شەهریار</td></tr>
</table>




DH.MKT.00049.00033.004

| DH.MKT | 00049.00033 | 3 جەمادی کۆتایی 1311 (12 کانوونی یەکەم 1893) |
| --- | --- | --- |
| ویلایەتی موسڵی شکۆدار<br>ئـەم بەڵگانـەی لەسـەر عـارف ئەفەنـدی قائیمقامـی قـەزای ڕەوانـدز هەیـە، دەرکەوتـووە مامەڵـەی نەگونجـاوی کـردووە و ئـەم سـکاڵایانەی لەسـەریەتی، عەبدولفەتـاح سـەرۆکی دادگای بەرایـی قـەزای ناوهاتـوو داواکاری بـە مـۆر و واژووی خـۆی بـەرز کردۆتـەوە و بـە تێروانیـن لـە بابەتەکـە لێکۆڵینـەوە بکرێـت و کارەکـە جێبەجـێ بکرێـت. | | |




DH.MKT.00146.00011.001

| DH.MKT | 00146.00011 | 27 ڕەبیعی یەکەم 1311 (8 تشرینی یەکەم 1893) |
| --- | --- | --- |
| جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت لایەنی عالی<br>هەندێك لەم خزمەتانەی سەعید بەگ خانەدانی قەزای ڕەواندز سەر بە سانجەقی کەرکووك بۆ حکوومەت کردوویەتی، جێگەی شایەدیە، شایەنی ئەوەیە لە پلەی سێیەم بۆ پلەی دووەم بەرز بکرێتەوە، نووسراوی ٢٠ مایس ١٣٠٩ ژمارە ٣٥ پایەی ویلایەتی موسڵ هاتووە و پێشکەش کراوە، مامەڵەکە ڕەزامەندی جەنابی پەیوەندیداری سەدارەتی پێویستە. | | |




DH.MKT.00187.00042.002

| DH.MKT | 00187.00042 | 14 جەمادی کۆتایی 1311 (23 کانوونی یەکەم 1893) |
|---|---|---|
| ویلایەتی موسڵی شکۆدار<br>سکاڵای لەسەر حکوومەتی ڕەواندز هەیە کە مامەڵەی نەشیاوی کردووە، داواکراوە عەشیرەت و قەبیلە لە حکوومەتی ڕەواندز دابڕێندرێت و ببەسترێنەوە بە قەزای هەولێر، لەلایەن محەمەد ئاغا سەرۆکی عەشیرەتی مامال داواکاری دراوەتە بابی عالی، داواکاریەکە دووبارە دەنێردرێتەوە، بەرابیەکانی جێگەی تێروانینە، بە لێکۆڵینەوە ڕاستییەکە ڕوون بکرێتەوە و ڕابگەیەندرێت. | | |


T.C. BAŞBAKANLIK OSMANLI ARŞİVİ DAİRE BAŞKANLIĞI (BOA)
تلغراف نامه
معارف نظارت جلیله سنه
رواندز مکتب معلمی معاشه سنداتی حقنده کی ۱۰ تشرین ثانی ۳۰۹ تاریخلی تلغرافه جوابنک اعطاسی
معارف اداره سنه معروضدر ۵ کانون اول ۳۰۹
موصل والیسی عزیز
OSMANLI ARŞİVİ
MF.MKT
191 | 9


MF.MKT.00191.00009.001

| MF.MKT | 00191.00009 | 8 جەمادی کۆتایی 1311 (17 کانوونی یەکەم 1893) |
|---|---|---|
| نەزارەتی مەعاریفی شکۆدار<br>لە بارەی سەنەدەکانی مووچەی موعەلیمی مەکتەبی ڕەواندز، بۆ وەرگرتنی وەڵامی تەلەگرافنامەی ١٥ تشرینی دووەم ١٣٠٩، بە ووتەی مەعاریف ڕاگەیەندراوە.<br>عەزیز والی موسل | | |





DH.MKT.00210.00012.001

| DH.MKT | 00210.00012 | 19 شەعبان 1311 (25 شوبات 1894) |
|---|---|---|
| ویلایەتی موسڵی شکۆدار<br>عارف ئەفەندی قائیمقامی قەزای ڕەواندز بووە و بە مۆڵەتی نەخۆشی چۆتە بەغداد، بۆ ئەم مەبەستە داواکراوە مۆڵەتەکەی ٢ مانگی تر درێژ بکرێتەوە، لەسەر نووسراوی مێژووی ١ کانوونی دووەم ١٣٠٩ ژمارە ١٧٣ جێگیر کراوە و لە نەزارەتی ژمێریاریش ڕەزامەندی دراوە. | | |




BEO.000259.019417.002


<table>
<tr><td>BEO</td><td>000259.019417</td><td>7 سەفەر 1311 (20 ئاب 1893)</td></tr>
<tr><td colspan="3">سەدارەتی پایەبەرز<br>لە ناوچەکە زانیاری لە بارەی عەبدولفەتاح ئەفەندی نائیبی ڕەواندز بە ویلایەت ڕاگەیەندراوە، بۆ ئەنجامدانی کاری بەپەلە نووسراو بۆ موتەسەرف کراوە، لە بارەی ناوبراو لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدرێت، ئەم ئەنجامەی وەردەگیرێت ڕادەگەیەندرێت.<br>عوسمان والی موسڵ</td></tr>
</table>



BEO.000286.021397.001


| BEO | 000286.021397 | 21 ڕەبیعی یەکەم 1311 (2 تشرینی یەکەم 1893) |
|---|---|---|

لایەنی واڵای سەرعەسکەر
بە نووسراوی میری ئاڵای ڕەدیفی ڕەواندز، مولازم مستەفا بەگ کاری خراپی ئەنجام داوە، بۆیە سکاڵای لەسەر بەرز کراوەتەوە، بە واژووی هەواڵگر سادق محەمەد حەیاتی داواکاری بەرز کراوەتەوە، بە تێروانین لە بابەتەکە کێشەکە چارەسەر بکرێت.




BEO.000290.021737.001

<table>
<tr><td>BEO</td><td>000290.021737</td><td>27 ڕەبیعی یەکەم 1311 (8 تشرینی یەکەم 1893)</td></tr>
<tr><td colspan="3">ویلایەتی موسڵی شکۆدار<br>بە بەرزکردنەوەی سکاڵا لە دژی موتەسەرفی کەرکووك، ناوبراو هێنراوەتە مەرکەزی لیوا و ماوەی ٢ مانگ لەوێ ماوەتەوە، سکاڵانووس دیار نەکەوتووە و ئەم کاتەی موتەسەرف وەڵامی پێشنیاری ناشەرعی نەداتەوە، ئەوا بە زوڵم دەخرێتە زیندانەوە، بۆیە بە بێ مۆڵەت بگەڕێتەوە شوێنی خۆی، لە ڕەواندز بە واژووی عەلی بەگ سەرۆکی میر یوسف تەلەگرافنامە دەرچووە، هاوپێچ بۆ سەروو ڕەوان کراوە، بەراییەکانی شایەنی ووردبوونەوەیە، بە لێکۆڵینەوە هیممەت بکرێت لە چارەسەرکردنی بابەتەکە.</td></tr>
</table>




BEO.000344.025789.001

<table dir="rtl">
<tr><td>BEO</td><td>000344.025789</td><td>8 رەجەب 1311 (15 کانوونی دووەم 1894)</td></tr>
<tr><td colspan="3">لایەنی واڵای سەرعەسکەر<br>سەرۆکی عەشیرەتی بامساڵە بۆ بەزەیی هاتنەوە لە ڕەواندز چۆتە دەرسەعادەت، بەڵام تا ئێستا داواکاریەکەی هیچ بەرهەمێکی نەبووە، بە واژوو و مۆری محەمەد کوڕی شێخ عەلی داواکاری بەرز کراوەتەوە و بۆ واڵای سەر عەسکەر ڕەوان کراوە، ناوبراو لە خزمەتی سەربازی داواکراوە و داواکاریەکەی لە ١٥ تشرینی دووەم ١٣٠٩ بۆ لایەنی پاشا ڕەوان کراوە، بە تێروانین لە بابەتەکە کارەکە جێبەجێ بکرێت، فەرمانی ئەفەندیمانە.</td></tr>
</table>


OSMANLI ARŞİVİ
BEO
349 | 26146 | 1


BEO.000349.026146.001

<table>
<tr><td>BEO</td><td>000349.026146</td><td>18 جەمادی کۆتایی 1311 (27 کانوونی یەکەم 1893)</td></tr>
<tr><td colspan="3">ویلایەتەکانی بەغداد و بەسرا<br>لە بەسرا نەخۆش کەوتووە و بۆ مەبەستی چارەسەر لە بەغدادە، مووچەی ٦ مانگی کۆبۆتەوە، بە واژووی عومەر قائیمقامی سوق تەلەگرافنامە ڕاگەیەندراوە و مووچەکەی لە سندوقی دارایی بەغداد ڕێك بخرێت، لەگەڵ ئەمەش داواکراوە ئەرکەکەی بگوازرێتەوە بۆ یەکێك لە قەزاکانی کوتولعیمارە و حیللە و ڕەواندز، بەم تێروانینە ئاماژە بە زانیاری و خوێندنەوەتان بکرێت.</td></tr>
</table>





BEO.000351.026265.001

| BEO | 000351.026265 | 22 ڕەجەب 1311 (29 کانوونی دووەم 1894) |
| --- | --- | --- |
| نەزارەتی تەندروستی شکۆدار<br>رابت عەبدولحەلیم ئەفەندی کاتیبی کەرانتینەی ڕەواندز بۆ جێبەجێ کردنی فەریزەی حەج داواکاری بەرز کردۆتەوە، پێش ڕەمەزانی شەریف مۆڵەتی چوون بۆ حیجازی پێ بدرێت، بە فەرمانی پاشای جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت نووسراوی تایبەتی مابەینی هومایۆنی باش کیتابەتی شکۆدار ڕاگەیەندراوە، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی. | | |





BEO.000359.026922.001

<table>
<tr><td>BEO</td><td>000359.026922</td><td>8 شەعبان 1311 (14 شوبات 1894)</td></tr>
<tr><td colspan="3">ویلایەتی موسڵ<br>لە بارەی لێکۆڵینەوە لە باجی ئەملاك و تەمەتتوع، لە رەواندز تەلەگرافنامەی بە واژووی عەبدوڵڵا بریکاری دانیشتوانی ناودەشت دەرچووە، کۆپیەیەکی بهێنرێت و خوێندنەوەی بۆ بکرێت، هەروەها لێکۆڵینەوەی پێویست بکرێت و ئەنجامەکەی رابگەیەندرێت.</td></tr>
</table>





BEO.000363.027214.001

| BEO | 000363.027214 | 15 شەعبان 1311 (21 شوبات 1894) |
|---|---|---|
| ویلایەتی موسڵ<br>لە ساڵی ١٣٠٣ فرقەی خولاوەی تۆماری باج سەردانی قەزاکانی سەڵاحیە و ڕەواندزیان کردووە، لە بارەی محەمەد ئەسعەد ئەفەندی کە لە ئامارەکەدا بووە، بە نووسراو لە نەزارەتی دارایی و ناوەخۆ داوای زانیاری کراوە، بەپەلە ڕەوان بکرێت. | | |




BEO.000376.028167.001

<table>
<tr><td>BEO</td><td>000376.028167</td><td>13 ڕەمەزان 1311 (20 مارت 1894)</td></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی دەرەوەی شکۆدار<br>حاجی ئیسماعیل ئاغا هاووڵاتی دەوڵەتی عالی لە ئێران خراوەتە زیندانەوە، بە گشتی ماڵ و گیانی خراوەتە مەترسی، بۆ ئەوەی لەم زوڵمانە ڕزگاریان بێت، لەسەر هەندێك ووتە و داواكاری بە واژووی هاووڵاتی عوسمانی بە ناوی قاسم و هاورێیەکی کە لە ساوج بۆلاق نیشتەجێیە، لەگەڵ مەلا محەمەد لە قەزای گوڵعەنبەر تەلەگرافنامە لە ڕەواندز هاتووە و بۆ سەروو بەرز کراوەتەوە، لێکۆڵینەوە ئەنجام بدرێت و بە گوێرەی ئەنجامەکەی دەست بە کار بکرێت، بە باڵیۆزخانەی تەهران ڕابگەیەندرێت.</td></tr>
</table>





BEO.000379.028410.001

| BEO | 000379.028410 | 21 ڕەمەزان 1311 (28 مارت 1894) |
|---|---|---|
| نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>عارف ئەفەندی قائیمقامی ڕەواندز لە دیوانیە و عەبدولعەزیز ئەفەندی قائیمقامی دیوانیە لە دەلیم و عەبدوڵلا بەگ قائیمقامی دەلیم لە ڕەواندز وەکو قائیمقام بگوازرێنەوە و دابمەزرێن، لەسەر نووسراوی ٢٩ شەعبان ١٣١١ ژمارە ٣٥٦٦ ی دەوڵەت، لە ١٨ ڕەمەزان ١٣١١ فەرمانی پاشای جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت ڕەزامەندی نیشان دراوە، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی. | | |



İ.DH.01311


<table>
<tr><td>İ.DH</td><td>01311.000073</td><td>10 ڕەمەزان 1311 (17 مارت 1894)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەت<br>دیوانی هومایۆنی ئێستا<br>٣٠٤٣<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>عارف ئەفەندی قائیمقامی قەزای ڕەواندز لە دیوانیە و عەبدولعەزیز ئەفەندی قائیمقامی دیوانیە لە دەلیم و عەبدوڵڵا بەگ فائیمقامی دەلیم لە ڕەواندز وەکو قائیمقام ئەرکەکانیان بگوازرێتەوە، لەسەر ئاماژەی ویلایەتەکانی بەغداد و موسڵ نووسراو کراوە، مەزبەتە لە قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران دەرچووە لەگەڵ نووسراوی نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، لەم بابەتەدا جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە فەرمانی پاشا چ بفەرمووێت جێبەجێ دەکرێت، نووسراو کراوە ئەفەندم.<br>سەدری ئەعزەم و یاوەری</td></tr>
</table>




İ.TAL.00075.00033.001


| İ.TAL | 00075.00033 | 7 شەوال 1312 (3 نیسان 1895) |
|---|---|---|

کۆشکی یڵدزی هومایۆن
فەرمانگەی باش کیتابەت
٩٢٢٥
ڕاگەیەنداروی بەندەمانە
حاجی بەکر بەگ قائیمقامی ئالای ١٠٢ ی ڕەواندز لە پلەی چوارەم نیشانی مەجیدی پێ دەدرێت، لەسەر ڕاگەیەنداروی سپاهیدار بریار و فەرمان لەلایەن پەیوەندیداری خەلافەت دەرچووە و زانیاری دراوەتە سەر عەسکەر، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.
جەنابی سەرکاتیبی شەهریار




DH.MKT.00280.00069.004

<table>
<tr><th>DH.MKT</th><th>00280.00069</th><th>8 جەمادی کۆتایی 1312 (7 کانوونی یەکەم 1894)</th></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی دەرەوە<br>قەڵەمی مەکتوب<br>ژمارە ٥٠٠<br>نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>حافز کوڕی شێخ محەمەد ئەفەندی لە گوندی بجیل سەر بە قەزای عەقرە هەستاوە بە هەڵگرتنی ڕوش هاوژینی ساڵح ئاغا لە گوندی ڕوقیە و بردویەتیە شارۆچکەی شنۆ سەر بە ساوجبۆلاق و لەوێ مارەی کردووە، بۆ ئەوەی ناوبراو ڕادەستی حکوومەتی قەزای ڕەواندز بکرێتەوە، تەلەگرافنامە لە ویلایەتی موسڵی شکۆدار وەرگیراوە و ڕەوان کراوە لەسەر نووسراوی مێژووی ٩ ڕەبیعی یەکەم ١٣١٢ ژمارە ١٩٦ ی نەزارەتی شکۆدار پێشووتر ئاگاداری دراوەتە باڵیۆزخانەی ئێران، لە لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە حافز لە ناو عەشیرەتی خەیلان ئێستا لە کوێستانی سەفیدریزە، ئەم ڕاپۆرتەی ڕەوان کراوە لەگەڵ وێنەی تەلەگرافنامەکە ڕەوان بکرێتەوە، بڕیار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.</td></tr>
</table>





Y.A.HUS.00313.00090.002

<table dir="rtl">
<tr><th>Y.A.HUS</th><th>00313.00090</th><th>25 جەمادی یەکەم 1312 (24 تشرینی دووەم 1894)</th></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەتی پیرۆز<br>ژووری تەلەگراف<br>تەلەگرافنامەی بە شیفرە لە ویلایەتی وان هاتووە<br>پشت بەستن بە فەرمانی پاشای جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت، بۆ لێکۆڵینەوە لە بەدرهان پاشازادە عەبدولرەزاق بەگ، پیاو رەوانی ئەم شوێنانە کراوە کە پێویستە و مەبەستە، حاڵی حازر ژورنالێك لە یەکێك لەم پیاوانە وەرگیراوە، روون بۆتەوە هەڵاتنی ناوبراو دەگەرێتەوە بۆ ١٥ رۆژ پێش ئێستا، کە لە تەبریز بە ناوی عەلی رزا بەگ و بە گۆرینی جلوبەرگی چۆتە ناوچەی مزوری سەر بە قەزای رەواندزی موسڵ، زوو زانیاری دراوەتە ویلایەتی ناوهاتوو و بۆ لێکۆڵینەوەش فەرمانبەر رەوانی ناحیەی ئەکرادی سەر بە قەزای شەمدینان کراوە، ئەنجامەکەی رادەگەیەندرێت، زانیاری راگەیەندرا فەرمان.<br>بەحری والی</td></tr>
</table>




DH.MKT.00375.00018.002

<table dir="rtl">
<tr><td>DH.MKT</td><td>00375.00018</td><td>10 شەوال 1312 (6 نیسان 1895)</td></tr>
<tr><td colspan="3">ویلایەتی موسڵ<br>قەڵەمی مەکتوب<br>ژمارە ١٢<br>نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>بەکر بەگزادە مستەفا بەگ لە خانەدانی ڕەواندز بەهۆی خزمەتەکانیەوە پاداشت کراوە و لە پلەی پێنجەم مەجیدی نیشانی پێ دراوە، بەڵام تا ئێستا پاداشتەکە نەگەیشتووە، بۆ هێنانی ئاماژە دراوەتە پەیوەندیداری نەزارەت و لەسەر داواکاری ناوبراو بە نووسراو موتەسەرفی کەرکووك ئاگادار کراوەتەوە، کارەکە جێبەجێ بکرێت، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.<br>مۆری والی موسڵ</td></tr>
</table>





<table>
<tr><td>MF.İBT</td><td>00050.000040</td><td>27 ڕەبیعی کۆتایی 1313 (17 تشرینی یەکەم 1895)</td></tr>
<tr><td colspan="3">ژمارە ١٤<br>نەزارەتی مەعاریفی شکۆدار لایەنی جەنابی عالی<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>لە ویلایەتی موسڵ ٦ وەرەقەی تاقیکردنەوە و ١٥ ژورناڵی زانیاری موعەلیمەکان و قوتابیانی مەکتەبەکانی ڕوشدیەی موسڵ و کەرکووك و سلێمانی و هەولێر و ڕەواندز و سەڵاحیە پێشکەشی جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت کراوە، لەم بابەتەدا بڕیار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.<br>بەڕێوەبەری مەعاریفی موسڵ</td></tr>
</table>




MF.MKT.00298.00044.002

<table>
<tr><td>MF.MKT</td><td>00298.00044</td><td>1 ڕەجەب 1313 (18 کانوونی یەکەم 1895)</td></tr>
<tr><td colspan="3">ویلایەتی موسڵی عالی<br>مەکتەبی دواناوەندی موسڵ بە کراوەیی ماوەتەوە، داواکراوە موعەلیمی جوگرافیا و زمانی عوسمانی دابمەزرێن، بەڵام بەڕێوەبەری مەعاریف ڕەزامەندی نیشان نەداوە، لەلایەن عەلی ئەفەندی موعەلیمی پێشووی ڕەواندز داواکاری بۆ ئەنجوومەن بەرز کراوەتەوە، ئەم موعەلیمە لەگەڵ ئەوانی تر بەیەکەوە تاقیکردنەوە بە قوتابیانی مەکتەبەکە بکەن، تاقیکردنەوەی پەسەندکراو و وەرەقەی وەرگێردراوی کەسێتیەکان ڕەوان بکرێت، لەسەر ئاماژەی واڵای پەیوەندیداری ویلایەت جێبەجێ بکرێت.</td></tr>
</table>




DH.MKT.00397.00063.001


| DH.MKT | 00397.00063 | 22 موحەررەم 1313 (15 تەمموز 1895) |
|---|---|---|
| جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت<br>روشدی ئەفەندی قائیمقامی سەلاحیە بۆ جێبەجێ کردنی فەریزەی حەج داوای مۆڵەتی کردووە، بەم راگەیەندراوە لە ١ کانوونی یەکەم ١٣١٦ تەلەگرافنامە لە ویلایەتی موسڵ لەگەڵ نووسراو پێشکەش کراوە، پەیوەندیداری وەکالەت کارەکە جێبەجێ بکات. | | |




DH.MKT.00400.00002.003


| DH.MKT | 00400.00002 | 27 موحەررەم 1313 (15 تەمموز 1895) |
| --- | --- | --- |

ویلایەتی موسڵی شکۆدار
عەبدوڵڵا بەگ قائیمقامی ڕەواندز لە ساڵی رابردووەوە داهاتی دە یەکی قەزاکەی بۆ کۆتا پلە دابەزاندووە و ئەم ساڵەش وەکو پێشووتر دەستپێشخەری کردووە بۆ هەمان مامەڵە، بەم کارەی بیری لە سوودی خەزینە نەکردۆتەوە و بە پێچەوانەوە بەرامبەر خەڵك کاری لێدان و سوکایەتی پێ کردن و چاوبرین لە ناموسی خەڵك کردووە، بە واژووی مستەفا تەلەگرافنامە لە مەرکەزی ڕەواندز هاتووە و لەگەڵ نووسراوی ٢١ حوزەیران ١٣١١ نەزارەتی شکۆدار ڕەوان کراوە، لێکۆڵینەوە لە بابەتەکە بکرێت، بە گوێرەی ئەنجامەکەی کارەکە جێبەجێ بکرێت.





MF.MKT.00360.00013.001

<table>
<tr><td>MF.MKT</td><td>00360.00013</td><td>9 ڕەمەزان 1314 (11 شوبات 1897)</td></tr>
<tr><td colspan="3">ویلایەتی موسڵ<br>قەڵەمی مەکتوب<br>ژمارە ٣١٣<br>نەزارەتی مەعاریفی شکۆدار<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>مەکتەبی روشدیەی ڕەواندز بەتاڵە و بۆ دامەزراندنی موعەلیم داواکاری بەرز کراوەتەوە، خەتی زادە محەمەد عارف ئەفەندی بە تاقیکردنەوە توانا و لێهاتوویی روون بۆتەوە، بۆیە دامەزراوە و وەرەقەی وەرگێردراوی کەسێتی پێشکەشی بریکاری بەڕێوەبەرایەتی مەعاریف کراوە، فەرمانی پەسەند کردنی ئەرکی ناوبراو ڕەوان بکرێت، ڕاگەیەندراوە، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.<br>والی موسڵ</td></tr>
</table>



BEO.000805.060360.001

<table>
<tr><td>BEO</td><td>000805.060360</td><td>21 موحەررەم 1314 (2 تەمموز 1896)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بریکاری والی موسڵ<br>تەلەگرافنامە<br>زیاتر لە ٢٠٠ خانەی خزم و نزیك لە ئێران بۆ زەوی بە مووچەی ڕەواندز هیجرەتیان کردووە، ئەوێ دەبێتە گەرمیان لە سەرمای سەخت بەبێ خانوو تا کۆتایی تەمموز لەوێ دەمێننەوە، بە واژووی کەمالەددین لە مەرکەزی ڕەواندز تەلەگرافنامە وەرگیراوە، بە میهرەبانی پەیوەندیداری خەلافەتی عەتەبەی عالیە لە بارەی کەس و ناسنامەی لێکۆڵینەوە بکرێت، ئەنجامەکەی خوێندنەوەی بۆ بکرێت و بەرز بکرێتەوە، ڕاگەیاندنی داواکراوە.</td></tr>
</table>




BEO.000833.062409.001

| BEO | 000833.062409 | 22 رەجەب 1314 (27 کانوونی یەکەم 1896) |
|---|---|---|


نەزارەتی دەرەوەی شکۆدار

عەشیرەتی فرقەی ساڵ ئەحمەدی سەر بە سورجی عوسمانی لە ناو قەزای ڕەواندز لە گەرمیانی نزیک سنوور نیشتەجێن، ١٠٠ سوارەی سەربازی ئێران هێرشیان کردۆتە سەریان، یەك نەفەر کوژراوە و ٣٥٠ سەرمەڕ تاڵان کراوە، بۆ گەراندنەوەی تاڵانکراوەکان و ئامادەکاری بەرامبەر بەم دەستدرێژیانەی ئێران لە وەکالەتی والی ویلایەتی موسڵ تەلەگرافنامە لە مێژووی ١٤ ئۆغستۆس ١٣١٢ هاتووە و بۆ دەوڵەت ڕەوان کراوە، بۆ جێبەجێ کردنی کارەکە و ڕاگەیاندنی هەروەها گەراندنەوەی تەلەگرافنامەکە هیممەت بکرێت.



BEO.000834.062495.001


<table>
<tr><td>BEO</td><td>000834.062495</td><td>22 ڕەبیعی یەکەم 1314 (31 ئاب 1896)</td></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>لەلایەن قۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی هەڵبژێردراو، بە قائیمقامی قەزای ڕەواندز هەڵبژێردراوە، بەڵام لە نووسراوی ١٧ ڕەبیعی یەکەم ١٣١٤ ژمارە ٢٣٣١ ئاماژەی پێکراوە، ئیسماعیل شەمسەددین بەگ قائیمقامی پێشووی بولانق لەم قائیمقامیەتانەی ئەرکی هەبووە، لە بەرامبەر عەشیرەتەکان کەمتەرخەم و کاری سەرپێچی کردووە و بەم هۆیەوە دوور خراوەتەوە، بە تێروانین لەم ڕاگەیەندراوە وەرگرتنی ئەم ئەرکە گونجاو نابێت، هیممەت بکرێت کەسێکی تری گونجاو بدۆزرێتەوە.</td></tr>
</table>



İ.DH.01340

| 7 جەمادی یەکەم 1314 (14 تشرینی یەکەم 1896) | 01340.000030 | İ.DH |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
دیوانی هومایۆنی ئێستا
١٥٥٦
جەنابی میهرەبانی ئەفەندم
ساڵێك لەمەوبەر عەبدوڵلا بەگ قائیمقامی قەزای ڕەواندز سەر بە ویلایەتی موسڵ دەستی لە کار کێشاوەتەوە، هەروەها بە گونجاو نەزانراوە قەزاکە بە وەکالەت بەڕێوەببردرێت، بۆیە ئەحمەد حوسامەددین ئەفەندی قائیمقامی جیابووەوە لە سوشەهیر لەسەر سوێند خواردنە، بۆ دامەزراندنی مەزبەتە لە قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران ڕێکخراوە و نووسراوی نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار ڕاگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، لەم بابەتەدا جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە فەرمانی پاشا چی بێت جێبەجێ دەکرێت، نووسراو کراوە ئەفەندم.


T.C. BAŞBAKANLIK OSMANLI ARŞIVI DAIRE BAŞKANLIĞI (BOA)

OSMANLI ARŞIVI
ŞD
2173 | 8 | 3

ŞD.02173.00008.003


<table>
<tr><td>ŞD</td><td>02173.00008</td><td>23 شەعبان 1314 (27 کانوونی دووەم 1897)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ<br>قەڵەمی مەکتوب<br>ژمارە ١١٨<br>سەرۆکایەتی شورای دەوڵەتی شکۆدار<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>وەڵامی نووسراوی مێژووی ٢١ کانوونی یەکەم ١٣١٢ی عالی، عەبدوڵڵا پاشا قائیمقامی پێشووی ڕەواندز دوورخراوەتەوە و وێنەی تەلەگرافنامەی دوورخستنەوەی لە ئەرکەکەی لەگەڵ داواکاری نامەی ناوبراو ڕەوان بکرێتەوە، لەم بابەتەدا بڕیار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.<br>نازری کاروباری ناوەخۆ</td></tr>
</table>



Y.MTV.00175.00156.001


| Y.MTV | 00175.00156 | 10 زیلقەعدە 1315 (2 نیسان 1898) |
|---|---|---|

پایەی سەرعەسکەر
قەڵەمی مەکتوب
تایبەتی
لە موشیرەتی لەشکری شەشەمی هومایۆنی شکۆدار نووسراوی ٧ شەوال ١٣١٥ هاتووە، هاووڵاتیەکی ئێران هاتۆتە قەزای رەواندز لە کاتی هاتنی تووشی چەتەکان بۆتەوە و کەلوپەلی تاڵان کراوە، چەتەکان دەستگیر دەکرێن و کەلوپەلەکانیش رادەست دەکرێنەوە، ئەم قەڵایەی چەتانەکان دروستیان کردووە وێران بکرێت و بۆ گەراندنەوەی کەلوپەلە تاڵان کراوەکانیش هێزی زابیتە پشتگیر بێت، لەسەر ئاماژەی ویلایەتی موسڵ مەفرەزەیەکی سەربازی بە قوماندانیەتی مولازمی یەکەم حەسەن ئەفەندی لە بلۆکی دووەمی تابووری چوارەمی ئێسترسوارەی ئاڵای ٤٥ چۆتە ناوچەکە، کەلوپەلە تاڵانکراوەکان بە تەواوەتی بۆ خاوەنەکەی گەرێندراوەتەوە و تاڵانچیەکەش بە ناوی چەتە شەریف رای کردووە، هەروەها ئەم قەڵایەی دروستی کردووە وێران کراوە، جگە لەمە فەقێ رەسوڵ کە هۆکاری هەڵاتنی چەتەکە بووە، دەستگیر کراوە، زانیارییەکان دراوەتە بابی عالی و نووسراو کراوە، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەفەندیمانە.
رزا سەر عەسکەر



BEO.001124.084234.001


| BEO | 001124.084234 | 22 زيلحيجه 1315 (14 مايس 1898) |
| --- | --- | --- |
| لایەنی واڵای سەرعەسکەر<br>لە بەرامبەر قائیمقامی قەزا یوزباشی رەدیفی برادۆست عەبدولوەهاب و مولازم سەعید ئاغا و حارس ئاغا مامەڵەی نەشیاویان ئەنجام داوە، ئەم سکاڵایانەی کە بەرز کراوەتەوە بە واژووی جومعە بەرێوەبەری رسوماتی رەواندز تەلەگرافنامە دەرچووە و بۆ واڵای سەرعەسکەر بەرز کراوەتەوە، بە تێروانین لە بەراییەکانی ئەنجامەکەی رابگەیەندرێت. | | |




ŞD.02173.00008.005

| ŞD | 02173.00008 | 16 سەفەر 1315 (17 تەمموز 1897) |
|---|---|---|


سەرۆکایەتی شورای دەوڵەتی شکۆدار
لە ٢٨ حوزەیران ١٣١٣ عەبدوڵڵا بەگ قائیمقامی پێشووی ڕەواندز دەستی لە کار کێشاوەتەوە، لێکۆڵینەوەی سەرەتایی ئەنجام بدرێت و لەسەر ئەنجامی لێکۆڵینەوەی دادگا هیچ شتێك روون نەبۆتەوە، لە لێکۆڵینەوەی دووەم لەلایەن ساڵح پاشا والی پێشوو فشاری خراوەتە سەر و وازی لە کارەکەی هێناوە، لە کۆتاییدا لە فەرمانگەی بنەرەتی لێکۆڵینەوە ئەنجام دراوە لە ئەوراقی سەرەتایی لە ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەت ووردبینی بۆ دەکرێت، دەرکەوتووە جیابوونەوەی هیچ راستییەکی تێدا نییە، ئەگەر بخرێتە ژێر دادگا ئەوا هیچ ئەنجامێکی نابێت، بەراییەکانی ناوهاتوو هەڵبگیرێت و ئەمەش لە ئەنجوومەنی ناوهاتوو بریاری لەسەر دراوە.
زوهدی والی موسل




İ.AS.00026.00064.001

| İ.AS | 00026.00064 | 20 شەعبان 1316 (3 کانوونی دووەم 1899) |
|---|---|---|


کۆشکی یڵدزی هومایۆن
فەرمانگەی باش کیتابەت
١٥٦٦
ڕاگەیەندراوی پەندەمانە
ئەحمەد فەزلی بەگ قائیمقامی ئاڵای ٤٢ی لەشکری شەشەمی هومایۆنی نیزامیە بۆ میری ئاڵای ١٠٢ ی ڕەدیفی ڕەواندزی لەشکری هەمایۆنی ناوهاتوو، خەیرەددین بەگ قائیمقامی ئاڵای تورغوتلی ٤٦ ی ڕەدیفی لەشکری سێی هومایۆن بۆ میری ئاڵای ١٠٠ ی ڕەدیفی سلێمانی پلەکانیان بەرز بکرێتەوە و دابمەزرێن، لەسەر ڕاگەیاندن و ئاماژەپێکردنی واڵای سپاهیدار، جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە فەرمانی پاشا ڕەزامەندی نیشان داوە، لەم بابەتەدا بڕیار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بە دەستەوەیە.




Y.MTV.00182.00136.001


| Y.MTV | 00182.00136 | 26 جەمادی یەکەم 1316 (12 تشرینی یەکەم 1898) |
| --- | --- | --- |

پایەی سەر عەسکەر
قەڵەمی مەکتوب
تایبەتی
پێشەکی بە واژووی عەبدولقادر و ڕەسول و عەبدوڵڵا و سەلیم لە مەرکەزی هەولێر تەلەگرافنامە دەرچووە، تێدا دەردەکەوێت لە قەزای ڕەواندز لەلایەن عەشیرەتی هەرکی ژمارەیەك زۆر مەڕوماڵات تاڵان کراوە، ٢ پیاویش کوژراوە، داواکراوە کەلوپەل و پارە تاڵان کراوەکان بگەڕێندرێنەوە، لەم بابەتەدا بە بریکاری موشیرەتی لەشکری شەشەمی هومایۆن بە پەیوەندی کردن و بۆ گەڕانەوەی کەلوپەلە تاڵانکراوەکان تابورە نیزامیەکەی ڕەواندز هێزێکی ٢٠٠ کەسی بە قوماندانیەتی بینباشی سەعید ئەفەندی ڕەوان دەکرێت و ڕەزامەندی نیشان دراوە لە ڕەوان کردنی، چۆنیەتیشی لە ٩ ڕەبیعی یەکەم بە عەتەبەی عالیە ڕاگەیەندراوە، ئەمجارە تەلەگرافنامەی موشیرەتی لەشکری هومایۆن لە ٢٣ ئەیلوول ١٣١٤ هاتووە، کەلوپەلە تاڵانکراوەکان کە لەلای هەرکیەکانە بە تەواوەتی گەڕێندراوەتەوە و دراوەتەوە خاوەنەکانیان، ئەوەی ماوەتەوەش لە ئێران لەلای چەند کەسێکە، بۆ ئەمەش لەگەڵ فەرمانبەرانی ئێران پەیوەندی دەکرێت و قسە دەکرێت، لەسەر ئاماژەی قوماندانیەتی فرقە، حاڵی حازر بۆ گەڕاندنەوەی کەلوپەلە تاڵانکراوەکان و کشانەوەی فەرمانبەرانی سەربازی هیچ کێشەیەك دروست نابێت، لە وەڵام بە ویلایەتی موسڵ ڕاگەیەندراوە، مەفرەزەی ناوهاتوو گەڕاوەتەوە تابورەکەی ڕەواندز ، لەسەر ئاماژەی عالی زانیاری ڕاگەیەندراوە، لەم بابەتەدا بڕیار و فەرمان بۆ جەنابی ئەفەندیمانە.
ڕزا سەرعەسکەر



BEO.001251.093779.001


| 20 شەعبان 1316 (3 کانوونی دووەم 1899) | 001251.093779 | BEO |
|---|---|---|
| نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>مەجید بەگ قائیمقامی قەزای سەڵاحیە لە شوێنی حوسامەددین بەگ قائیمقامی ڕەواندز دادەمەزرێت، حوسامەددین بەگیش لە قائیمقامیەتی حاجیا دادەمەزرێت، لەسەر نووسراوی ١٧ ڕەجەب ١٣١٦ ژمارە ٣٧٦٣ و بە بڕیاری قۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیە فەرمانی پاشای جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت لە مێژووی ١٨ شەعبان ١٣١٦ دەرچووە، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی. | | |



İ.DH.01355


| İ.DH | 01355.000061 | 25 موحەڕرەم 1316 (15 حوزەیران 1898) |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
دیوانی هومایۆنی ئێستا
٢٥٥
جەنابی میهرەبانی ئەفەندم
قائیمقامیەتی قەزای عەمادیە سەر بە ویلایەتی موسڵ بە کراوەیی ماوەتەوە، عەبدوڵڵا پاشا قائیمقامی پێشووی ڕەواندز دامەزرێت، نووسراوی نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار لەگەڵ قۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیە ڕاگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە فەرمانی پاشا چ بفەرمووێت جێبەجێ دەکرێت، نووسراو کراوە ئەفەندم.
سەدری ئەعزەم



İ.DH.01361


<table>
<tr><td>İ.DH</td><td>01361.000004</td><td>7 سەفەر 1316 (27 حوزەیران 1898)</td></tr>
<tr><td colspan="3">ویلایەتی موسڵ<br>قەڵەمی مەکتوب<br>ژمارە ٣١٩<br>موتەسەرفی کەرکووك<br>جەنابی میری میرانی ئەفەندم<br>حوسامەددین ئەفەندی قائیمقامی قەزای رەواندز پارەی دەوڵەتی خراپ بەکارهێناوە و خواردویەتی، بۆیەداواکاری لەلایەن سادق سەرۆکی پێشووی عەشیرەتی هەرکی و ١٠ کەس لە هاوەڵانی هاتووە و بە تێروانین لە بەراییەکانی هاوپێچ داواکاریەکە پێشکەش کراوە، بە لێکۆڵینەوە دەردەکەوێت، ئەنجامەکەی رابگەیەندرێت، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.<br>مۆری عەبدولوەهاب والی موسل</td></tr>
</table>




ŞD.02180.00016.045


| ŞD | 02180.00016 | 21 جەمادی کۆتایی 1316 (6 تشرینی دووەم 1898) |
|---|---|---|

ویلایەتەکانی بەغداد و موسڵ و بەسرا
سەرپەرشتیاری داد
ژمارە ٨٦٠
لایەنی والآی داواکاری گشتی ئیستیناف
جەنابی بەرێزی ئەفەندم
ئەم نووسراوانەی پەیوەستن بە مەحمود ئاغا فەرمانبەری زابیتەی قەزای ڕەواندز لەگەڵ قاسم بەگ قائیمقامی ڕەدیف خوێندنەوەی بۆ کراوە و هۆکارەکانی دەست نیشان کراون، مامەڵەی یاسایی ئەنجام بدرێت و لەگەڵ بریارنامەی ٢٨ ئەیلوول ١٣١٤ ژمارە ٢٧٥ ی نەزارەتی داد ڕەوان دەکرێتەوە، بۆ عالی ڕەوان کراوە، بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانی ئەفەندیمانە.
محەمەد حەمدی موفتی دادی بەغداد





ŞD.01131.00019.003

<table dir="rtl">
<tr><td>ŞD</td><td>01131.00019</td><td>30 ڕەمەزان 1317 (1 شوبات 1900)</td></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی کاروباری دارایی<br>ژمێریاری گشتی<br>ژمارە ٣١٤<br>سەرۆکایەتی شورای دەوڵەتی شکۆدار<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>بە پێویست زانراوە لە شەمدینان تا ڕەواندز هێڵی تەلەگراف درێژ بکرێتەوە، خەرجی دامەزراندنی بە ٢٦,٩٤٠ قوروش خەرجی و مووچە ڕێك بخرێت، بە ٣٢٣ فرەنگ و ٢١,١٢٠ قوروش بودجە زیاد بکرێت، نووسراو لە نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار بۆ شورای دەوڵەت ڕەوان کراوە، لەگەڵ ئەوراقی بەرایی خوێندنەوەی بۆ بکرێت، ئاماژەی ژمارە ٣١٤ لە ٢٠ تشرینی دووەم ١٣١٥ سەروو بەرز کراوەتەوە، بە گوێرەی ئاماژەکە هێڵی ناوهاتوو هێشتا درێژ نەکراوەتەوە، ئەم ساڵەش لە کۆتاییەکەین ماوەیەکی کەمی ماوە، بۆیە لە سەرەتایی مارتی ١٣١٦ دەست بە درێژکردنەوەی دەکرێت، داهاتی دەستکەوتنی هێڵی ناوهاتوو ئاساییە، داهات و خەرجی سەرەتایی و هەمیشەیی لەم ساڵەی نەزارەتی پۆستە و تەلەگراف تۆمار دەکرێت و لە دەفتەری موازەنەش تۆمار دەکرێت، نووسراو بۆ پەیوەندیداری سەرۆکایەتی کراوە و وتەی دارایی گشتی ژمێریاری و نووسراوی بەرایی هاوپێچ بەرز کراوەتەوە، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.<br>نازری دارایی</td></tr>
</table>





DH.MKT.02256.00127.001

<table dir="rtl">
<tr><th>DH.MKT</th><th>02256.00127</th><th>7 جەمادی کۆتایی 1317 (13 تشرینی یەکەم 1899)</th></tr>
<tr><td colspan="3">جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت لایەنی عالی<br>خزمەتە باشەکانی مەجید بەگ قائیمقامی قەزای ڕەواندز جێگەی شایەدین، بۆیە لە پلەی سێیەم نازناوی میری میرانی وەرگرتووە، نووسراوی ویلایەتی موسڵ لە مێژووی ١٧ تەممووز ١٣١٥ ژمارە ٣٨ هاتووە، لەگەڵ تۆماری کەسێتی بۆ پەیوەندیداری سەدارەت بەرز کراوەتەوە.</td></tr>
</table>



BEO.001518.113847.001


| BEO | 001518.113847 | 18 رەبیعی یەکەم 1318 (16 تەمموز 1900) |
| --- | --- | --- |
| نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>عەبدولعەزیز ئەفەندی قائیمقامی پێشووی شامیە لە قائیمقامیەتی قەزای رەواندز دامەزرێت، لەسەر نووسراوی مێژووی ٢٠ سەفەر ١٣١٨ ژمارە ١٤٤٧ و بە بریاری قۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیە، لە ١٥ رەبیعی یەکەم ١٣١٨ جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە فەرمانی پاشا رەزامەندی نیشان داوە، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی. | | |



DH.MKT.02383.00041.001

| DH.MKT | 02383.00041 | 6 ڕەمەزان 1318 (28 کانوونی یەکەم 1900) |
|---|---|---|


ویلایەتی موسڵی عالی
عەبدولعەزیز ئەفەندی لە قائیمقامی قەزای ڕەواندز دامەزراوە، لە مێژووی دەست بە کاربوونی مانگانە ٢٢٥٠ قوروش مووچەی بۆ براوەتەوە، بە گوێرەی نیزام مێژووی دەست بە کاربوونی ناوبراو و دەست لە کارکێشانەوەی لە ئەرکی پێشووی رابگەیەندرێت، تەنیا خەرجی ڕێگای نەبێت کە دەکاتە ٣٥٩٨ قوروش، لە سەدا ٥ی بۆ سندوقی بابی عالی ڕەوان دەکرێت، خەرجی ڕێگاکە ڕێك دەخرێت و خشتەی خەرجیەکە لە موازەنە تۆمار دەکرێت، بە ووتەی ژمێریاری ڕاگەیەندراوە.



DH.MKT.00565.00035.002

| DH.MKT | 00565.00035 | 18 شەوال 1319 (28 کانوونی دووەم 1902) |
| --- | --- | --- |


ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی مەکتوب
١٣٣
نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
بەرایی فەرمانبەرانی ئاماری سەرمەڕ لەلایەن عەزیز سەبری ئەفەندی قائیمقامی پێشووی ڕەواندز و ئیسماعیل ئەفەندی بەڕێوەبەری دارایی پێشوو و ئەمینی سندوقی قەزای ناوهاتوو ڕەوان کراوە، لەم بارەیەوە نووسراوی موتەسەرفی کەرکووك و چاوخشاندننامەی داواکاری گشتی ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەت ڕەوان کراوە و لە ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەت خوێندنەوەی بۆ کراوە، نووسراوەکانی لێکۆڵینەوەی دادگا بۆ پەیوەندیداری نەزارەت بەرز کراوەتەوە، نووسراوی لێکۆڵینەوەکان بە بڕیاری ئەنجوومەنی ناوهاتوو ڕەوان کراوە، لەم بابەتەدا بڕیار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.
ئەحمەد ڕەشید شەریف والی موسڵ



İ.DH.01392


| İ.DH | 01392.000027 | 3 ڕەمەزان 1319 (14 کانوونی یەکەم 1901) |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
دیوانی هومایۆنی ئێستا
٢٤٧٩
جەنابی میهرەبانی ئەفەندم
عەزیـز ئەفەنـدی قائیمقامـی قـەزای ڕەوانـدز سـەر بـە ویلایەتـی موسـڵ قسـەی نابەجێـی کـردووە، بـە دوورخستنەوەی ناوبـراو، محەمـەد شـەریف بـەگ قائیمقامـی قـەزای زاخۆ سـەر بـە ویلایەتـی ناوهاتـوو ئەرکەکەی بگوازێتـەوە، بـە نـووسراوی نەزارەتـی ناوەخـۆی شـکۆدار مەزبەتـە لـە قۆمیسـیۆنی فەرمانبەرانـی مولکیـە ڕێکخـراوە و لەگـەڵ وەرەقـەی وەرگێـردراوی کەسـێتی ڕاگەیەنـدراوە و پێشـکەش کـراوە، لـەم بابەتـەدا جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت بـە فەرمانـی پاشـا چ بفەرمووێـت جێبەجـێ دەکرێـت، نـووسراو کـراوە ئەفەنـدم.
سەدری ئەعزەم





BEO.001736.130199.004

| BEO | 001736.130199 | 2 جەمادی کۆتایی 1319 (16 ئەیلوول 1901) |
|---|---|---|
| بابی عالی<br>فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ<br>قەڵەمی مەکتوب<br>تەلەگرافنامەی نێردراوی ویلایەتی موسڵ<br>عەزیز قائیمقامی ڕەواندز پێچەوانەی دڵسۆزی و ملکەچبوون هەندێك نادڵسۆزی خۆی بە قسە و گفت دەربڕیوە، ئەوانەی ئەم قسانەیان گێراوەتەوە، لە فەرمانگەی حکوومەت دەست بەسەری کردوون و لە کاروباری ئیداری تاقمێك کاری سەرپێچی کردووە، ئەم لێکۆڵینەوەی ئەنجام دراوە لە ئەنجامەکەی دەرکەوتووە دەستی لە کار کێشاوەتەوە، ئەوراقەکانی لەسەر ووردبینی کردنە و دراوەتە بابی عالی، زانیاری ڕاگەیەندراوە فەرمان.<br>نازم والی | | |





BEO.001766.132432.001

| BEO | 001766.132432 | 7 ڕەمەزان 1319 (18 کانوونی یەکەم 1901) |
|---|---|---|
| نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>عەزیـز ئەفەنـدی قائیمقامـی قـەزای ڕەوانـدز دوور خراوەتـەوە، لـە شـوێن ئـەو محەمـەد شـەریف بـەگ قائیمقامـی قـەزای زاخـۆ دامەزرێـت، لەسـەر نـووسراوی مێـژووی ٥ تشرینـی دووەم ١٣١٧ ژمـارە ٤٠٢٥ و بڕیـاری قۆمیسـیۆنی فەرمانبەرانـی مولکیـە، لـە مێـژووی ٣ کانوونـی یەکـەم ١٣١٧ جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت بـە فەرمانـی پاشـا ڕەزامەنـدی نیشـان داوە، هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی. | | |





DH.MKT.02511.00007.001

| DH.MKT | 02511.00007 | 29 ڕەجەب 1319 (11 تشرینی دووەم 1901) |
| --- | --- | --- |
| ویلایەتی موسڵی عالی<br>عەزیــز ســەبری ئەفەنــدی قائیمقامــی قــەزای ڕەوانــدز بەهــۆی مامەڵــەی خراپــی ئیــداری و بوێــری کــردن لــە قســەی نابەجــێ، بــە واژووی بــاش مودەریــس محەمــەد ســەعید و هاوڕێکانــی ســکاڵای لەســەر تۆمــار کــراوە، بــۆ عالــی بــەرز کراوەتــەوە، بــە تێڕوانیــن لــە بابەتەکــە و بەراییەکانــی لێکۆڵینــەوە ئەنجــام بدرێــت و کێشــەکە یەکلایــی بکرێتــەوە، بریــار و فەرمــان بــۆ جەنابــی ئــەم کەســەیە کــە فەرمانــی بەدەســتەوەیە. | | |





<table>
<tr><td>MF.İBT</td><td>00126.000052</td><td>7 جەمادی کۆتایی 1320 (11 ئەیلوول 1902)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بەڕێوەبەرایەتی مەعاریفی ویلایەتی موسڵ<br>ژمارە ٤٤<br>نەزارەتی مەعاریفی گشتی شکۆدار لایەنی پاشا<br>ڕاگەیەندراوی بەندەمانە<br>سەبارەت بە تاقیکردنەوەی گشتی ساڵی خوێندنی ١٣١٧-١٣١٨ ی مەکتەبەکانی ڕوشدیەی کەرکووك و سەڵاحیە و ڕەواندز، لەلایەن موعەلیمی مەکتەبەکانی ناوهاتوو ٤ خشتە ڕەوان کراوە، ئەمجارە بە جەنابی پەیوەندیداری نەزارەت ڕاگەیەندراوە و لە هەر حاڵەتێکدا بریار و فەرمان بۆ ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.<br>بریکاری بەڕێوەبەری مەعاریفی موسڵ و بەڕێوەبەری مەکتەبی دواناوەندی</td></tr>
</table>




MF.İBT.00129

<table>
<tr><td>MF.İBT</td><td>00129.000028</td><td>19 شەعبان 1320 (21 تشرینی دووەم 1902)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بەڕێوەبەرایەتی مەعاریفی ویلایەتی موسڵ<br>ژمارە ٧٢<br>نەزارەتی مەعاریفی گشتی شکۆدار لایەنی پاشا<br>ڕاگەیەندراوی بەندەمانە<br>هەر لە کۆنەوە موعەلیمەکانی مەکتەبی ڕوشدیەی ڕەواندز و سەڵاحیە بە وەکالەت بەڕێوەبردراوە، هەر خۆشی ئەم موعەلیمانەی لەم مەکتەبانە بە وەکالەت دەست بەکار بوونە و لە مەکتەبە عالیەکان دەرنەچوونە، بۆیە ئەمانە لێهاتوو نین لە ووتنەوەی وانەی گشتی، تا لە سەروو موعەلیم دادەمەزرێت و ڕەوان دەکرێت، لە مەکتەبە ناوهاتووەکان بۆ هەر یەکە ٥٤٠ قوروش مووچەیان بۆ دابین بکرێت، لەگەڵ نیوەی و بە سیفەتی یاریدەدەر دەرچووانی مەکتەبی دواناوەندی ٢ ئەفەندی لێهاتوو و بە توانا دابمەزرێت، لە جەنابی پەیوەندیداری نەزارەت فەرمانی ٢٥ ئۆغستۆس ١٣١٨ ژمارە ٣٩ لەگەڵ داواکاریم بۆ سەروو بەرز کراوەتەوە، لەم بابەتەدا بڕیار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بە دەستەوەیە.<br>مۆری محەمەد تۆفیق بریکاری بەڕێوەبەری مەعاریفی موسڵ و بەڕێوەبەری مەکتەبی دواناوەندی</td></tr>
</table>





ŞD.00406.00003.003

| ŞD | 00406.00003 | 13 شەوال 1320 (13 کانوونی دووەم 1903) |
| --- | --- | --- |
| پوختەی ئەوراق<br>ڕەشید بەگ کوڕی ڕەسوڵ پاشا قائیمقامی پێشووی ڕەواندز مردووە، ئەم مووچەی کە بێ خاوەن ماوەتەوە بۆ کوڕەکانی نوسرەت بەگ و عوسمان بەگ و ئەدیب بەگ لەگەڵ کچەکانی نازلی خان و سەعدیە خان دابین بکرێت. | | |




DH.MKT.00553.00015.001


| DH.MKT | 00553.00015 | 28 ڕەبیعی کۆتایی 1320 (4 ئاب 1902) |
|---|---|---|
| ویلایەتی موسڵی پایەبەرز<br>شەریف ئەفەندی قائیمقامی قەزای ڕەواندز لەبەر خواردنەوە بێهۆش بووە و لە ئەرکەکەی بەردەوام نییە، لەبەر ئەم سکاڵایانە نووسراو بۆ پەیوەندیداری سەدارەت بەرز کراوەتەوە، بە تێروانین لە بەراییەکان و لێکۆڵینەوە، لە مولازمەکانی نیزامیە عەلی ئەفەندی دادەمەزرێت. | | |



DH.MKT.00802.00015.001


| DH.MKT | 00802.00015 | 10 رەمەزان 1320 (11 کانوونی یەکەم 1902) |
|---|---|---|

نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار
ماوەی ساڵێکە سەرۆکایەتی شارەوانی رەواندز بەبێ هەڵبژاردن و دامەزراندن، لەلایەن چەتە سلێمان بەگ دەستی بەسەر داگیراوە، لە بارەی گەرانەوەی فەرمانگەی شارەوانی بە فەرمان هیچ ئەنجامێکی نەبووە، هەواڵ دراوە.
مەحمود




BEO.001985.148843.004

| BEO | 001985.148843 | 11 شەوال 1320 (11 كانوونی دووەم 1903) |
|---|---|---|
| بابی عالی<br>فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ<br>وێنەی نووسراوی مێژووی ٤ ئۆغستۆس ١٣١٨ ژمارە ٧٠ی ویلایەتی موسڵە، بەهۆی نەخۆشیەکەی ناتوانێت لە ئەرکەکەی بەردەوام بێت و بۆ چارەسەر بە ناچاری روو لە دەرسەعادەت دەکات، قائیمقامیەتی رەواندز داوای بەزەیی کردووە، تەلەگرافنامەی ٢٤ تەمموز ١٣١٨ راگەیەندراوە ئەگەر داواکاری شەریف ئەفەندی دوابخرێت ئەوا داوای کردووە بگوازرێتەوە قەزایەکی نزیك دەرسەعادەت، داواکاریەکە پێشکەش کراوە، هەروەها ئەفەندی لەگەڵ کەشوهەوای ناوچەکە ئاوێتە نابێت، بۆیە بەکارهێنانی لەم ویلایەتە سوودی نابێت و بە ئاسایی بینراوە، کێشەکە چارەسەر بکرێت. | | |





İ.AS.00046.00028.001

<table>
<tr><td>İ.AS</td><td>00046.00028</td><td>19 جەمادی یەکەم 1321 (13 ئاب 1903)</td></tr>
<tr><td colspan="3">کۆشکی یڵدزی هومایۆن<br>فەرمانگەی باش کیتابەت<br>٣٦٥٧<br>ڕاگەیەندراوی بەندەمانە<br>شەوقی بەگ میری ئالای ٦٣ی ڕەدیفی تۆقادی لەشکری چواری هومایۆن نمرەیەك پلەکەی بەرز بکرێتەوە و لە قوماندانیەتی لیوای ٨ی ڕەدیفی ڕەواندزی لەشکری شەشەمی هومایۆن دابمەزرێت، لەسەر نووسراوی سەرعەسکەر جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە فەرمانی پاشا ڕەزامەندی نیشان داوە، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.</td></tr>
</table>





DH.MKT.00695.00044.002

<table dir="rtl">
<tr><td>DH.MKT</td><td>00695.00044</td><td>29 جەمادی کۆتایی 1321 (22 ئەیلوول 1903)</td></tr>
<tr><td colspan="3">ویلایەتی موسڵی پایەبەرز<br>قادر ئەفەندی وەکو فەرمانبەری ناسنامەی قەزای ڕەواندز دامەزراوە، بەڵام لە بابەتی دادوەری و کوشتن حوکم دراوە، لەم بارەیەوە هەواڵنامە لە کارگێری گشتی تۆماری ناسنامە ڕەوان کراوە، لێکۆڵینەوە بکرێت و ئەنجامەکەی ڕابگەیەندرێت، هەروەها لە قەزای ناوهاتوو بە تۆمار دەرکەوتووە جەمیل بەگ فەرمانبەری ناسنامەی قەزای ناوهاتووە، لە نووسراوی ١٥ تەمموز ١٣١٩ هۆکار و مێژووی دەست لە کار هەڵگرتنی ڕاگەیەندراوە، بەڵام تا ئێستا وەڵام نەدراوەتەوە، بۆیە بە ووتەی کارگێری ناوهاتوو بۆ دووپاتکردنەوە نووسراو کراوە.</td></tr>
</table>




DH.MKT.00701.00060.001

<table dir="rtl">
<tr><td>DH.MKT</td><td>00701.00060</td><td>6 سەفەر 1321 (4 مایس 1903)</td></tr>
<tr><td colspan="3">ویلایەتی موسڵی پایەبەرز<br>وەڵامی نووسراوی ٨ مارت ١٣١٩ ژمارە ١١ ی پەیەبەرزە، لە بارەی لێکۆڵینەوە لەگەڵ عەبدوڵلا ئەفەندی بەڕێوەبەری ناحیەی توزخورماتو، یوزباشی ئەحمەد ئەفەندی ئەرکی پێدراوە و لەگەڵ ئەم فەرمانبەرانەی کە بۆ دەرخستەی سنووری ئێران لە ڕەواندز ڕەوان کراون، بری خەرجی ڕێگای ئەمانە دیاری نەکراوە و لەبەر ئەوەی خەرجی ڕێگای ناوهاتووش دیاری نەکراوە، لە خەرجی ڕێگای ئەم ساڵەدا ڕێك دەخرێت، بە گوێرەی مامەڵەکە کارەکە جێبەجێ بکرێت، بە ووتەی ژمێریاری بری پارەکە دیاری دەکرێت، ئاماژەی پێ بکرێت و ڕابگەیەندرێت.</td></tr>
</table>





DH.MKT.00710.00026.001

<table>
<tr><th>DH.MKT</th><th>00710.00026</th><th>20 موحەڕڕەم 1321 (18 نیسان 1903)</th></tr>
<tr><td colspan="3">ویلایەتی موسڵ<br>قەڵەمی مەکتوب<br>ژمارە ٢٧<br>نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>لە حاڵی حازر کوڕی عەبدوڵڵا پاشای ڕەواندزی لە قائیمقامیەتی قەزای عەمادیە بوونی هەیە و زەرەر و زیان بە ڕەواندز دەگەیەنێت، هەمیشە هەوڵ دەدات حکوومەتی خۆجێی بخاتە ژێر دەست و دەسەڵاتی خۆی و ئەم قائیمقامانەی دادەمەزرێن ڕێگە نادات دەست بە کار بن، بەڵکو هۆکارە بۆ دەست لە کار کێشانەوە و جیابوونەوەیان، لە بارەی سەعید بەگ خاوەنی پلەی یەکەم و چینی دووەم هەموو کات لەلایەن قائیمقامەکانی ڕەواندز و موتەسەرفەکانی کەرکووك سکاڵا بەرز دەکەنەوە و داوای دوورخستنەوەی ناوبراو دەکەن، بەڵام ناوبراو خاوەنی موڵك و لە پەیوەندی خاوەنی توانا و پڕ زانیاریە، بەهۆی لێهاتوویەوە لە مەملەکەت دوور بخرێتەوە و لە مەکتوبچی ویلایەتێك یا وەکو یاریدەدەری والی دابمەزرێت، لە هەر بارودۆخێکدا بەرژەوەندی گشتی لە پێشترە، لەم بابەتەدا بڕیار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بە دەستەوەیە.<br>مۆری نوری والی موسڵ</td></tr>
</table>




DH.MKT.00755.00045.001


<table>
<tr><td>DH.MKT</td><td>00755.00045</td><td>3 جەمادی کۆتایی 1321 (27 ئاب 1903)</td></tr>
<tr><td colspan="3">ویلایەتی موسڵی پایەبەرز<br>لەبەر خزمەتەکانی پێشووی، داواکاری بە واژووی عومەر فەوزی فەرمانبەری ناسنامەی پێشووی ڕەواندز بەرز کراوەتەوە و داوای کردووە لە ناسنامەی قەزایەك دابمەزرێت، بە ووتەی کارگێری گشتی تۆماری ناسنامە بۆ والا بەرز کراوەتەوە، پشت بەستن بە وێنەی داواکاریەکە و ماددەی تایبەتی نیزامنامەی ناسنامە هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.</td></tr>
</table>



DH.MKT.00775.00060.001

| DH.MKT | 00775.00060 | 18 جەمادی كۆتایی 1321 (11 ئەیلوول 1903) |
|---|---|---|


ویلایەتی بەغداد
ژمارە ٨٧
نەزارەتی ناوەخۆی شكۆدار
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
ریمان ئاغا گاردیانی كەرەنتینەی رەواندز مردووە و مانگانە لە سندوقی دارایی ٣٠ قوروش مووچە بۆ خێزانەكەی دابین بكرێت، تا ئێستا وەڵامی نووسراوی مێژووی ٣٠ تشرینی یەكەم ١٣١٦ ژمارە ١٠٢ نەهاتووە و لەبەر خراپی بژێوی ژیانیەوە داواكاری لەلایەن ناوبراو بۆ پەیوەندیداری نەزارەت رەوان كراوە، لەسەر ئاماژە و راگەیەندراوی پێشوو ئەنجامەكەی رابگەیەندرێت، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم كەسەیە كە فەرمانی بەدەستەوەیە.
موشیری لەشكری شەشەمی هومایۆن بریكاری والی بەغداد




BEO.002065.154875.001

| BEO | 002065.154875 | 12 سەفەر 1321 (10 مایس 1903) |
|---|---|---|

نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار
بـۆ جێبەجـێ کردنـی گۆڕینـی ئەرکەکانـی عەلـی غالـب بـەگ قائیمقامـی قـەزای هندیـە و محەمـەد شـەریف بـەگ قائیمقامـی قـەزای ڕەوانـدز لەسـەر نـووسراوی مێـژووی ١١ موحـەڕڕەم ١٣٢١ ژمـارە ٥٧٣ و بڕیـاری قۆمیسـیۆنی فەرمانبەرانـی مولکیـە، لـە مێـژووی ٩ سـەفەر ١٣٢١ جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت بـە فەرمانـی پاشـا ڕەزامەنـدی نیشـان داوە، هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی.





BEO.002183.163705.001

| BEO | 002183.163705 | 7 رەجەب 1321 (29 ئەیلوول 1903) |
| --- | --- | --- |

نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار و لایەنی واڵای سەرعەسکەر


پشت بەستن بە نووسراوی تۆمارکراو، لە باڵا ئاگاداری دراوەتە لایەنی واڵای سەرعەسکەر، لە نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی کارەکە.

بە مەبەستی لێکۆڵینەوە یوزباشی ئەحمەد ئەفەندی چۆتە ناحیەی توزخورماتو، هەروەها بۆ پشکنینی سنووری ئێران ٢ فەرمانبەر چوونەتە رەواندز، خەرجی رێگای ئەمانە رێك بخرێت.




BEO.002267.169999.001


<table>
<tr><td>BEO</td><td>002267.169999</td><td>15 زیلقەعدە 1321 (2 شوبات 1904)</td></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>عەبدولعەزیز ئەفەندی قائیمقامی پێشووی قەزای ڕەواندز بە گوێرەی بڕیارنامەی تایبەت بڕی ١١٢٥ قوروش مووچەی دابڕاوانی بۆ دابین دەکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش بە بڕیاری شورای دەوڵەت جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە فەرمانی پاشا ڕەزامەندی نیشان داوە، کارەکە جێبەجێ دەکرێت، هەروەها ئاگاداری دراوەتە نەزارەتی شکۆدار تاوەکو ناوبراو لە قائیمقامیەتێك دابمەزرێنرێت، ئەمەش لە چەند نووسراوێکی شورای ناوهاتوو باس کراوە، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.</td></tr>
</table>


T.C. BAŞBAKANLIK OSMANLI ARŞİVİ DAİRE BAŞKANLIĞI (BOA)
٣٧٦
Y.A.RES
25/91
1

Y.A.RES.00125.00091.001

| Y.A.RES | 00125.00091 | 5 سەفەر 1322 (21 نیسان 1904) |
|---|---|---|


بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
دیوانی هومایۆنی ئێستا
٣٧٦
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
بە ئاماژەی ویلایەت غالب ئەفەندی قائیمقامی قەزای ڕەواندزی سەر بە ویلایەتی موسڵ لەگەڵ ئیبراهیم ئەفەندی قائیمقامی قەزای هەولێر گۆڕینەوەیان پێ دەکرێت، نووسراوی نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار و مەزبەتەی ڕێکخراوی قۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیە و نووسراوی وەرگێردراوی کەسێتی ڕاگەیەنەندراوە و پێشکەش کراوە، لەم بابەتەدا جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە فەرمانی پاشا چ بفەرموێت جێبەجێ دەکرێت، بە ڕاگەیاندنی نووسراو کراوە ئەفەندم.
سەدری ئەعزەم




DH.MKT.00849.00005.001

| DH.MKT | 00849.00005 | 21 سەفەر 1322 (7 مایس 1904) |
|---|---|---|

جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت لایەنی عالی
بەهۆی ئەرکی ئێستا و خزمەتە باشەکانی پێشووی سەلیم ئەفەندی کاتیبی تەحریراتی قەزای ڕەواندز، بە پلەیەکی گونجاو پاداشت بکرێت، لە ٢٦ شوبات ١٣١٩ مەزبەتە لە ئەنجوومەنی کارگێری قەزای ڕەواندز هاتووە، جێبەجێ کردنی دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندیداری سەدارەتی عالی.





<table>
<tr><th>İ.DH</th><th>01429.000026</th><th>13 ڕەمەزان 1322 (21 تشرینی دووەم 1904)</th></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەت<br>دیوانی هومایۆنی ئێستا<br>٢٤٧١<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>بە ئاماژەی ویلایەتی موسڵ غالب ئەفەندی قائیمقامی قەزای ڕەواندز سەر بە ویلایەتی موسڵ لەگەڵ ئیبراهیم ئەفەندی قائیمقامی قەزای هەولێر گۆڕینەوەیان پێ بکرێت، نووسراوی نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار و مەزبەتەی ڕێکخراوی قۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیە لەگەڵ وەرەقەی وەرگێردراوی کەسێتی لە مێژووی ٥ سەفەر ١٣٢٢ و ئەم نووسراوەی لە نەزارەتی ناوهاتوو هاتووە ڕاگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە بریار و فەرمانی هومایۆن چی بفەرمووێت جێبەجێ دەکرێت، نووسراو کراوە ئەفەندم.<br>سەدری ئەعزەم</td></tr>
</table>





BEO.002469.185105.001

| BEO | 002469.185105 | 15 شەوال 1322 (23 كانوونی یەكەم 1904) |
|---|---|---|
| نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>لـە نـاو ویلایەتـی موسـڵ غالب ئەفەنـدی قائیمقامی قـەزای ڕەوانـدز و ئیبراهیم ئەفەنـدی قائیمقامی قـەزای هەولێر گۆرینەوەیـان پـێ دەكرێـت، لەسـەر نـووسراوی ١٨ شـەعبان ١٣٢٢ ژمـارە ٣٧٣٣ جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت لـە مێـژووی ١٢ شـەوال ١٣٢٢ بـە فەرمانـی پاشـا ڕەزامەنـدی نیشـان داوە، هیممـەت بكرێـت لـە جێبەجـێ كردنـی. | | |




Y.A.RES.00134.00080.001

<table>
<tr><th>Y.A.RES</th><th>00134.00080</th><th>26 زیلقەعدە 1323 (22 کانوونی دووەم 1906)</th></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەت<br>دیوانی هومایۆنی ئێستا<br>٣١٥٦<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>لە بارەی درێژکردنەوەی هێڵی تەلەگراف لە مەرکەزی ڕەواندز تا رانیە، نووسراو لە سەرعەسکەری والا و نەزارەتی تەلەگراف و پۆستە هاتووە، لە ئەنجوومەنی تایبەتی بریکارەکانیش خوێندنەوەی بۆ کراوە، نووسراوەکان و مەزبەتە دراوەتە قەڵەم، بەیەکەوە راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، لە بارەی بەراییەکان جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە فەرمانی پاشا چ بفەرمووێت جێبەجێ دەکرێت، بە راگەیاندنی نووسراو کرا ئەفەندم.<br>سەدری ئەعزەم</td></tr>
</table>



MF.İBT.00170


<table>
<tr><td>MF.İBT</td><td>00170.000106</td><td>5 ڕەجەب 1323 (5 ئەیلوول 1905)</td></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی مەعاریفی گشتی لایەنی جەنابی پاشا<br>ڕاگەیەندراوی بەندەمانە<br>لــە ســەرەتای مانگــی حوزەیرانــەوە محەمــەد عەلــی کــوڕی محەمــەد ئەمیــن ئەفەنــدی دەرگەوانــی مەکتەبــی ڕوشــدیەی ڕەوانــدز کارەکــەی بەجــێ هێشــتووە و لە مێژووی ناوهاتــووەوە لە خۆجێی هەڵبژێــردراوە و نــووسراوی ٢١ حوزەیــران ١٣٢١ ژمــارە ٧ لەلایــەن موعەلیمەکــەی هاتــووە و ئامــاژەی پێکــراوە، کــە لــە شــوێنی ناوبــراو عەبدولمەجید کــوڕی مــەلا ئیبراهیــم ئەفەنــدی دامەزرێــت، بــە تۆمــار جێبەجــێ کــراوە، لــە ژمێریــاری عالــی نەزارەتــی شــکۆدار مامەڵەکــە جێبەجــێ دەکرێــت، لــەم بابەتــەدا بریــار و فەرمــان بــۆ جەنابــی ئەم کەســەیە کــە فەرمانی بەدەســتەوەیە.<br>بەڕێوەبەری مەکتەبی دواناوەندی و بەڕێوەبەرایەتی مەعاریفی موسل</td></tr>
</table>



Y.PRK.ASK.00226.00021.001

| Y.PRK.ASK | 00226.00021 | 6 زیلحیجە 1323 (11 شوبات 1906) |
|---|---|---|

پایەی سەرعەسکەر
قەڵەمی مەکتوب
تایبەتی
تابووری سێیەمی ئاڵای ٤٨ لە ڕەواندز جولەی کردووە و لە کۆتاییدا گەیشتونەتە گەرووی گلو شێخ، لە کۆتا سورانەوە ڕۆیشتنیان جێگەی قبوڵ نییە، هەروەها بۆ ئەم سەربازانەی کە لە لاهیجانن، زەخیرەی زیاد هەرگیز نەڕۆیشتووە، تابووری دووەمی ئاڵای ٤٨ لەگەڵ تابوری ناوهاتوو هاتۆتە ڕەواندز، لە گوندەکانی دەوروبەر کردنەوەی دەرگا و گەیاندنی زەخیرەی پێویست چاوەڕێ دەکرێت، لە ڕەواندز ئەرزاق وون بووە، ئەم تابورانەی دەچنە لایەنی موسڵ تا کاتێکی گونجاو پێویستە لە شوێنی گونجاوی وەکو هەولێر چاوەڕێ بکەن، قوماندانی هێزی سنوور فەریق محەمەد فازڵ پاشا ئاماژەی پێکراوە، بۆ جێبەجێ کردنی پاشای ناوهاتوو نووسراوی کردووە و لە قوماندانیەتی لەشکری شەشەمی هومایۆن لە ١٧ کانوونی دووەم ١٣٢١ تەلەگرافنامە ڕاگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.
ڕزا سەرعەسکەر




DH.MKT.01034.00058.002

| DH.MKT | 01034.00058 | 3 شەوال 1323 (1 کانوونی یەکەم 1905) |
|---|---|---|


جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت لایەنی عالی

لەسەر مردنی ئیبراهیم سدقی ئەفەندی قائیمقامی قەزای ڕەواندز سەر بە ویلایەتی موسڵ، حەسەن کازم بەگ قائیمقامی قەزای حەی سەر بە ویلایەتی بەسرا دابمەزرێت، هەر خۆی داوای گوتستنەوەی کردووە و لە دەرچووانی مەکتەبی مولکیەی شاهانەیە، ئەگەرچی گواستنەوەکەی ڕێکخراوە، بەڵام جێبەجێ کردنی دەگەرێتەوە بۆ پەیوەندیداری پایەبەرز.


İ.DH. 1438/13 /1323.Ş-13


İ.DH.01438

| İ.DH | 01438.000013 | 5 رەجەب 1323 (5 ئەیلوول 1905) |
|---|---|---|
| بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەت<br>دیوانی هومایۆنی ئێستا<br>١٩٠٦<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>لەسەر نووسراوی نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار کە ڕەوانی شورای دەوڵەت کراوە، لە فەرمانگەی دارایی دراوەتە قەڵەم و هاوپێچ مەزبەتە ڕاگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، فەرمانگەی حکوومەتی قەزای ڕەواندز سەر بە ویلایەتی موسڵ رووخاوە، بە دەرخستە پێویستی بە ٥٠٠٠ قوروشە تا نۆژەن بکرێتەوە، برە پارەی ناوهاتووش لە مووچەی ڕۆژانی بەتاڵی دەست بەسەر کراوی موتەسەرفیەتی کەرکووك و قائیمقامیەتی سەلاحیە ڕێکخراوە، لە نەزارەتی ناوهاتوو حەواڵە کراوە، لەم بابەتەدا جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە فەرمانی پاشا چ بفەرمووێت جێبەجێ دەکرێت، نووسراو کراوە ئەفەندم.<br>سەدری ئەعزەم | | |





BEO.002586.193944.001

| BEO | 002586.193944 | 25 ڕەبیعی یەکەم 1323 (30 مایس 1905) |
| --- | --- | --- |
| ویلایەتی موسڵ<br>تەلەگرافنامە<br>لە ١١ مایس ١٣٢١ بە واژووی ئامینە تەلەگرافنامە لە مەرکەزی ڕەواندز دەرچووە، وێنەیەکی وەرگیراوە و خوێندنەوەی بۆ کراوە، دوای ئەوەی لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدرێت، بە گوێرەی یاسا و بە یەکسانی کارەکە جێبەجێ بکرێت. | | |





BEO.002605.195310.001

| 17 ڕەبیعی کۆتایی 1323 (21 حوزەیران 1905) | 002605.195310 | BEO |
|---|---|---|
| لایەنی واڵای سەرعەسکەر<br>نووسراو<br>تـا ئێسـتا هاوکاری شـەش مانگی تابووری نیزامیەی ڕەوانـدز دابین کراوە، قادر ئەفەندی مولازمـی تابووری ناوهاتوو لە ناوچـەی ئەرکەکـەی سـووکایەتی بـە بەڕێوەبـەری دارایـی ڕەوانـدز کردووە، لـە دەفتـەرداری ویلایەتی موسـڵ ئاماژەی پێکـراوە، نـوسراوی نەزارەتـی دارایـی شـکۆدار لە ١٦ ڕەبیعـی کۆتایی ١٣٢٣ ژمارە ١١٨٥ بۆ سـەر عەسـکەر ڕەوان کراوە. | | |





BEO.002677.200743.001

<table>
<tr><td>BEO</td><td>002677.200743</td><td>27 ڕەجەب 1323 (27 ئەیلوول 1905)</td></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>هاوپێچی نووسراوی مێژووی ٢٤ جەمادی کۆتایی ١٣٢٣، بینباشی ڕەدیف فوئاد بەگ لە ڕەواندز کوژراوە و لەم کوشتنەش سەعید بەگی ڕەواندزی دەستی هەبووە، کەچی والی ویلایەت پارێزگاری لێ دەکات و هەوڵ دەدات دادگاییکردنەکەی قەدەغە بکات، بە واژووی ئەسما دایکی کوژراو تەلەگرافنامە لە موسڵ بۆ والای سەر عەسکەر ڕەوان کراوە، نووسراوی مێژووی ٢١ ڕەجەب ١٣٢٣ ژمارە ٩٣٨ بۆ سەروو بەرز کراوەتەوە، بە تێروانین لە بابەتەکە هیممەت بکرێت.</td></tr>
</table>





BEO.002691.201797.001

<table>
<tr><td>BEO</td><td>002691.201797</td><td>22 جەمادی کۆتایی 1323 (24 ئاب 1905)</td></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>وێنەیەکی نووسراوی ڕاگەیەندراو و فەرمانی پاشای جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بەرز کراوەتەوە، بە گوێرەی ووردبینی کردن لە ئەوراقەکان، لە نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.<br><br>وێنەی ڕێکخستنی نۆژەنکردنەوە و خەرجی نۆژەنکردنەوەی فەرمانگەی حکوومەتی ڕەواندز.</td></tr>
</table>




BEO.002693.201924.001


| BEO | 002693.201924 | 24 شەعبان 1323 (24 تشرینی یەکەم 1905) |
|---|---|---|
| نەزارەتی پۆستە و تەلەگرافی پایەبەرز<br>وەزنـە و دەورووبـەری گرنگـی سـتراتیژی خـۆی هەیـە، بـۆ درێـژ کردنـەوەی هێلـی تەگـراف لـە ڕەوانـدز تـا گونـدی پسـوە، لـە مێـژووی ٦ تشرینـی یەکـەم ١٣٢١ تەلەگرافنامـە لـە ویلایەتـی موسـڵ هاتـووە و بـۆ سـەروو بـەرز کراوەتـەوە، بـە تێروانیـن لـە بەراییـەکان بەپەلـە کارەکـە ئەنجـام بدرێـت و هاوپێچـەکان ڕەوان بکرێتـەوە. | | |



BEO.002694.202007.001


| BEO | 002694.202007 | 27 شەعبان 1323 (27 تشرینی یەکەم 1905) |
|---|---|---|

لایەنی والآی سەرعەسکەر
هاوپێچــی نــووسراوی مێــژووی ئەمرۆیــە، وەزنــە و دەورووبــەری تووشــی دەســتتێوەردانی ئێــران بــووە، بــە پاراســتنی ئــەم ناوچانــە حکوومــەت دڵنیایــی مافــەکان بــدات، بۆیــە هەندێــك لــە ســەرۆك عەشــیرەتەکان ڕێزیــان لــێ بگیرێــت و پاداشــت بکرێــن، شــێخ کەمالەددیــن لــە ســەر ســنوور و گونــدی رایتــی ڕەوانــدز نیشــتەجێیە، لەگــەڵ کورەکــەی بــە نــاوی ســەید عەبدوڵــڵا ئەفەنــدی مووچەیەکــی دیاریکراویــان بــۆ دابیــن بکرێــت، تەلەگرافنامــە لــە ویلایەتــی موســڵ بــۆ نەزارەتــی ناوەخــۆی شــکۆدار و نــووسراوی نەزارەتــی ناوهاتــوو لــە مێــژووی ٢٢ شــەعبان ١٣٢٣ ژمــارە ٣٤٢٢ بــۆ سەرعەســکەر ڕەوان کــراوە، لــەم بابەتــەدا خوێندنــەوەی بــۆ بکرێــت، بەپەلــە رابگەیەندرێــت و هاوپێچەکانیــش ڕەوان بکرێــت.





BEO.002716.203630.001

<table>
<tr><td>BEO</td><td>002716.203630</td><td>9 شەوال 1323 (7 کانوونی یەکەم 1905)</td></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی پۆستە و تەلەگرافی پایەبەرز<br>بە پێویست زانراوە لە ویلایەتی موسڵ تا وەزنە هێڵی تەلەگراف درێژ بکرێتەوە، حاڵی حازر ئەگەر هیچ نەبێت لە ڕەواندز تا گەڵاڵە کە مەرکەزی ناحیەی باڵەکە، یاخود تا ڕانیە درێژ بکرێتەوە، ئەمجارە لە ویلایەتی ناوهاتوو تەلەگرافنامە لە ٢٢ تشرینی دووەم ١٣٢١ هاتووە، بۆ سەروو ڕەوان کراوە، بە تێروانین لە گرنگی و پەلەی بابەتەکە لەسەر ئاماژەی پێشوو کارەکە جێبەجێ بکرێت، هاوپێچەکەش ڕەوان بکرێتەوە.</td></tr>
</table>




BEO.002719.203853.001

<table>
<tr><td>BEO</td><td>002719.203853</td><td>15 شەوال 1323 (13 کانوونی یەکەم 1905)</td></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی پۆستە و تەلەگرافنامەی پایەبەرز<br>لە مەرکەزی ڕەواندز تا پسوە یاخود حاڵی حازر تا گەڵاڵە کە مەرکەزی ناحیەی باڵەکە یا تا ڕانیە هێڵی تەلەگراف درێژ بکرێتەوە، لەم بارەیەوە نووسراوی ٩ شەوال ١٣٢٣ هاتووە، بەپەلە هیممەت بکرێت لە ڕاگەیاندنی.</td></tr>
</table>





BEO.002729.204601.001

| BEO | 002729.204601 | 1 زیلقەعدە 1323 (28 کانوونی یەکەم 1905) |
|---|---|---|
| ویلایەتی موسڵ<br>ئەم گەنم و جۆیەی لە ئەنبارەکانی میری ڕەواندز و ڕانیە و کۆی سانجەق هەیە، بۆ تابوورەکان و لە قەزاکانیش بە خۆرایی دابین دەکرێت، بە بارگیر بۆ پسوە و شتاویە بگوازرێنەوە، لەسەر ئاماژەی سەرعەسکەر کارەکە ئاماژەی پێکراوە. | | |




BEO.002729.204601.002


<table dir="rtl">
<tr><th>BEO</th><th>002729.204601</th><th>28 شەوال 1323 (26 کانوونی یەکەم 1905)</th></tr>
<tr><td colspan="3">پایەی سەرعەسکەر<br>فەرمانگەی ژمێریاری<br>١٢٣١<br>راگەیەندراوی بەندەمانە<br>بۆ ئەوەی کێشە بخەنە ئیدارەی سەربازانی لاهیجان، ئێرانیەکان ڕێگە نادەن زەخیرە لە ساوجبۆلاق و رومیە بهێنرێتە ئەم ناوچەیە، بە دابین کردنی ئەم گەنم و جۆیەی لە ئەنبارەکانی میری رانیە و کۆی سانجەق و رەواندز دا هەیە، لە قەزاکان بە خۆرایی دابین دەکرێت و بە بارگیر بۆ پسوە و شتاویە دەگوازرێتەوە، تەلەگرافنامە لە قوماندانیەتی لەشکری شەشەمی همایۆن بۆ ویلایەتی موسڵ نووسراوە، بە ئاماژەی قوماندانی ناوهاتوو زەخیرە ناوهاتووەکان رەوان بکرێت و ویلایەتی ناوهاتوو ئاگادار کراوەتەوە، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.<br>رزا سەرعەسکەر</td></tr>
</table>




ŞD.02749.00022.001

| ŞD | 02749.00022 | 27 ڕەبیعی کۆتایی 1323 (1 تەمموز 1905) |
| --- | --- | --- |


بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی مەکتوب
ژمارە ١٦٩٩
جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت لایەنی عالی
ڕاگەیەندراوی بەندەمانە
فەرمانگەی حکوومەتی قەزای ڕەواندز وێران بووە، ئەگەر وازی لێ بهێنرێت ئەوا بە تەواوەتی وێران دەبێت، هەروەها قەزای ناوهاتوو لە سنووری ئێرانە، بۆیە گرنگی ستراتیژی هەیە، لە کاتی دەرخستە بە ١٥٠٠٠ قوروش نۆژەن دەکرێتەوە، بەم ڕاگەیەندراوە برە پارەی ناوهاتوو بۆ کارەکە گونجاوە، لە ڕێکخستنی مووچە ڕاگیراوەکانی ڕۆژانی بەتاڵی موتەسەرفی کەرکووك و قائیمقامیەتی سەلاحیە تەرخان دەکرێت، نووسراو لە ویلایەتی موسڵ هاتووە، بۆ ڕەزامەندی وەرگرتن لە ژمێریاری نووسراو کراوە، هەروەها بەراییەکانی دەرخستە پێشکەشی پەیوەندیداری سەدارەت کراوە، لەم بابەتەدا بڕیار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.
نازری کاروباری ناوەخۆ




ŞD.02753.00016.001


| 28 شەوال 1323 (26 کانوونی یەکەم 1905) | 02753.00016 | ŞD |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی مەکتوب
ژمارە ٤١٣٦
جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت لایەنی عالی
ڕاگەیەندراوی بەندەمانە
ئـەم لێکۆڵینـەوەی بـۆ ڕەوانـدز ڕەوان کـراوە، خەرجیەکـەی پێویسـتی بـە ٣٠٠٠ قوروشـە، لـە سـەر ڕاگەیاندنـی پایـەی ویلایەتـی موسـڵ لـە ٢١ حوزەیـران ١٣٢١ مۆڵەتـی پەیوەندیـداری سـەدارەت دەرچـووە، بـەڵام تـا ئێسـتا وەڵامـی فەرمانەکـە نەهاتـووە، هەروەهـا لـە کۆتاییـدا پایـەی ویلایەتـی ناوهاتـوو تەلەگرافنامـە هاتـووە و دووپاتـی فەرمانەکـەی کردۆتـەوە، بـە ووتـەی ژمێریـاری ڕاپۆرتـی ڕەزامەنـدی دەرچـووە، لـەم بابەتـەدا بریـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمانـی بەدەسـتەوەیە.
نازری کاروباری ناوەخۆ




Y__A___RES_00137.00025.001

<table>
<tr><th>Y.A.RES</th><th>00137.00025</th><th>16 رەبیعی کۆتایی 1324 (9 حوزەیران 1906)</th></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەت<br>دیوانی هومایۆنی ئێستا<br>١٢٧٢<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>بـۆ درێژکردنـەوەی هێڵـی تەلەگـراف لـە مەرکـەزی رەوانـدز بـۆ رانیـە، نـووسراوی والآی سـەر عەسـکەر و نەزارەتـی پۆسـتە و تەلەگـراف لـە ئەنجوومەنـی تایبەتـی بریـکارەکان خوێندنـەوەی بـۆ کـراوە، نـووسراوەکان دراوەتـە قەڵـەم لەگـەڵ مەزبەتـە لـە ٢٦ زیلقەعـدە ١٣٢٣ بـۆ عالـی بـەرز کراوەتـەوە، ئـەم هێڵـە تەلەگرافیـەی کـە لـە زسـتان درێـژ دەکرێتـەوە، بـۆ تەلەگرافخانـەش شـوێنێك دیـاری بکرێـت، ئـەم مەزبەتـەی لـە نەزارەتـی ناوەخـۆ و پۆسـتە و تەلەگـراف راگەیەنـدراوە و پێشـکەش کـراوە، لـەم بابەتـەدا جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت بـە فەرمانـی پاشـا چ بفەرمووێـت جێبەجـێ دەکرێـت، بـە راگەیاندنـی نـووسراو کـراوە ئەفەنـدم.<br>سەدری ئەعزەم</td></tr>
</table>





DH.ŞFR.00366.00103.001

| DH.ŞFR | 00366.00103 | 13 جەمادی یەکەم 1324 (5 تەمموز 1906) |
| --- | --- | --- |
| نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>هاوپێچی وەڵامی تەلەگرافنامەی ١٨ حوزەیران ١٣٢٢، دوێنێ ئێوارە دەستەی لێکۆڵینەوە بەرەو ڕەواندز دەستیان بە جولە کردووە.<br>والی موسڵ مستەفا | | |




DH.MKT.02620.00034.001


<table>
<tr><td>5 ڕەمەزان 1324 (23 تشرینی یەکەم 1906)</td><td>02620.00034</td><td>DH.MKT</td></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی پۆستە و تەلەگرافی عالی<br>بۆ کردنەوەی هۆبەی پۆستەی ڕەواندز و درێژکردنەوەی هێڵی تەلەگرافی قەزاکانی عەمادیە و سنجار و گواستنەوەی بریکاری مەرکەزی تەلەگراف بۆ دهۆك، نووسراو لە مێژووی ١٦ ئۆغستۆس ١٣٢٤ ژمارە ٦٥ هاتووە، بە تێروانین لە وێنەی ئاماژەکە، خوێندنەوە بۆ بابەتەکە کراوە و هیممەت بکرێت.</td></tr>
</table>



BEO.002833.212451.001

| BEO | 002833.212451 | 28 ڕەبیعی یەکەم 1324 (22 مایس 1906) |
|---|---|---|

لایەنی واڵای سەرعەسکەر
لەلایەن موتەسەرفی کەرکووك لە ڕەواندز ڕاگەیەندراوە کە دوێنێ فەریق واجد پاشا سەرۆکی دەستەی فەرمانبەرانی لێکۆڵینەوەی سنووری ئێران بە خۆکوشتن کۆتایی بە ژیانی هێناوە، تەلەگرافنامە لە ویلایەتی موسڵ ڕەوان کراوە و وێنەیەکی تەلەگرافنامەکە ئاماژەی پێکراوە کە هۆکاری خۆکوشتنەکەی بە لێکۆڵینەوە ڕوون بکرێتەوە و ڕابگەیەندرێت، لە وەڵام بە ویلایەتی ناوهاتوو ڕاگەیەندراوە و لە نەزارەتی ناوخۆی شکۆدار بە نووسراو ئاماژەی پێکراوە، ئەم ناکۆکیەی لە سنوور هەیە بە نووسراو ڕوون بکرێتەوە و چارەسەر بکرێت، لەلایەن دەوڵەتی ئێران مەحمود خان لەگەڵ چەند هاوەڵێکی دامەزراون و ئەرکیان پێدراوە، لە ماوەی چەند ڕۆژێك دێنە ساوجبۆلاق و بە ناوی حکوومەتی عوسمانی کەسێکی گونجاو دەست نیشان بکرێت بەپلەی قۆمیسەری یەکەم بە ئەرکەکەی هەڵسێت.





BEO.002846.213419.001

| BEO | 002846.213419 | 17 ڕەبیعی کۆتایی 1324 (10 حوزەیران 1900) |
|---|---|---|


ویلایەتی موسڵ

١٠ نیسان ١٣٢٢، سەبارەت بەم ئاژەڵانەی کە ڕەوانی ڕەواندز دەکرێت، بە قوماندانی فرقەی ١٢ ڕاگەیەندراوە و بەپەلە لەم وەرزەدا بۆ سەربازانی شاهانە ٥-٦ مانگ زەخیرە ئامادە بکرێت و ڕەوان بکرێت، باری هەر تابورێکیش بگوازرێتەوە و زەخیرەکانیان ڕۆژانە لە ئەنباری نزیك بهێنرێت، بۆ هەر یەکە ٦٠ بە کۆکراوەیی بە ١٠٨٠ بارگیر بگوازرێتەوە، لە نێوان هەولێر و ڕەواندز و رایەت هێلی ئەم مەنزیلانەی دیاری دەکرێت، بۆ هەر یەکە ٥٠٠ بارگیر بە ٣ کاروان ڕێك دەخرێت، توانای کرینی ئەم هەموو ئاژەڵەش نییە، یا کەم بکرێتەوە یاخود بدرێتە ئەوانەی ڕێککەوتنیان لەگەڵ کراوە تا ئەرزاقەکان ڕادەست بکات، بە گفتوگۆ بە لایەنی والای سەر عەسکەر ڕاگەیەندراوە.




| BEO | 002847.213474 | 17 ڕەبیعی کۆتایی 1324 (10 حوزەیران 1906) |
|---|---|---|

نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار
وەڵامی نووسراوی ١٤ ڕەبیعی کۆتایی ١٣٢٤ ژمارە ١٣٥٣ ی دەوڵەتە، پرس بە لایەنی واڵای سەرعەسکەر ڕاگەیەندراوە ئاخۆ سالم پاشا موتەسەرفی کەرکووك پێویستە لە ڕەواندز ئامادە بێت یا ئامادە نەبێت؟، لەسەر ئەم وەڵامەی ڕەوان دەکرێت، کارەکە جێبەجێ دەکرێت، بە ڕاگەیاندنی نووسراو بکرێت.




BEO.002923.219173.001

| BEO | 002923.219173 | 19 شەعبان 1324 (8 تشرینی یەکەم 1906) |
| --- | --- | --- |
| لایەنی واڵای سەر عەسکەر<br>مستەفا بەگ قائیمقامی قوماندان لەگەڵ نوری ئەفەندی ئاغای قولی ڕەدیف سوکایەتیان بە قائیمقامی ڕەواندز کردووە، بەپەلە ناوبراوان تەمبێ بکرێن، لە ویلایەتی موسڵ نووسراوی مێژووی ٢٣ ئەیلوول ١٣٢٣ بۆ سەرووی سپاهیدار ڕەوان کراوە، بە تێروانین لە بابەتەکە بەپەلە کارەکە چارەسەر بکرێت و هاوپێچەکان ڕەوان بکرێتەوە. | | |





BEO.002974.222984.001

| BEO | 002974.222984 | 17 زیلقەعدە 1324 (2 کانوونی دووەم 1907) |
|---|---|---|

نەزارەتی دادی شکۆدار لایەنی عالی

سـەعید بـەگ پیاوەکانـی نـاردووە و هەسـتاوە بـە کوشـتنی بینباشـی فوئـاد بـەگ بریـکاری قوماندانـی رەدیفـی لیـوای رەوانـدز، داواکـە بـۆ دیاربەکـر گوازراوەتـەوە و مـاوەی دوو سـاڵە دەسـت بەسـەرن، بـەڵام تـا ئێسـتا دادگایـی نەکـراون، عەبدولقـادر کەمـال فەرمانبـەری ناسـنامەی پێشـووی قـەزای رەوانـدز داواکاری بـە واژووی خـۆی رەوان کـردووە، لـە ویلایەتـی دیاربەکـر نـووسراو لـە مێـژووی ٢٧ شـەوال ١٣٢٤ ژمـارە ٢٤ بـەرز کراوەتـەوە، بـە تێروانیـن لـە بەراییـەکان هەرچـی زووە کارەکـە چارەسـەر بکرێـت و رابگەیەندرێـت، هاوپێچەکانیـش رەوان بکرێتـەوە.




Y.PRK.ASK.00253.00082.001

<table>
<tr><td>Y.PRK.ASK</td><td>00253.00082</td><td>28 زیلحیجە 1325 (1 شوبات 1908)</td></tr>
<tr><td colspan="3">پایەی سەرعەسکەر<br>قەڵەمی مەکتوب<br>لەگەڵ بەهێزکردنی سنووری مەرکەزی ڕەواندز، هێلی تەلەگراف درێژ بکرێتەوە، بە فەرمانی پاشای جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت پەلە کراوە بۆ جێبەجێ کردنی، لە گفتوگۆدا بەکار هێنانی ئامێری هیلوستا سوودی دەبێت، بۆ ئەم مەبەستە ٢٠ تاقم ئامێری هیلوستا ڕەوانی شوێنەکە بکرێت، بە هەموو کارەکە لە ماوەی ٥ تا ١٠ ڕۆژ کەلوپەلەکان بکردرێت، لە نەزارەتی ئامادەکاری سەربازی بریار و فەرمان دەربچێت، بۆ ئەمەش بریار و فەرمانی پاشای جەنابی پەیوەندیداری خەلافەتی پێویستە، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەفەندیمانە.</td></tr>
</table>





Y.MTV.00302.00228.001

<table dir="rtl">
<tr><th>Y.MTV</th><th>00302.00228</th><th>29 شەعبان 1325 (7 تشرینی یەکەم 1907)</th></tr>
<tr><td colspan="3">پایەی سەر عەسکەر<br>قەڵەمی مەکتوب<br>تایبەتی<br>ئەندامانی تابوری سێیەمی ئاڵای ٤٨ بە چەکەوە شوێنی خۆیان جێ هێشتووە و هاتوونەتە رانیە، جگە لەمە لە قوماندانیەتی ڕەواندز راگەیەندراوە کە لە ناویان ٧٤یان هاتۆتە ڕەواندز، لەم بابەتەدا لێکۆڵینەوەی پێویست ئەنجام بدرێت، لەگەڵ ئەمەش لە وەڵامدا ئاگاداری دراوەتە ناوەخۆ کە تابوری نیزامیەی ئەوێ بەڕێوەیان ببات، تەلەگرافنامە لە ویلایەتی موسڵ هاتووە وێنەیەکی راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، لە بارەی هۆکاری هەڵاتنی ئەندامانی ناوبراویش لێکۆڵینەوە بکرێت و ئەنجامەکەی رابگەیەندرێت، هەروەها ئامادەکاری بکرێت بگەڕێندرێنەوە شوێنەکانی خۆیان، لە بارەیانەوە مامەڵەی یاسایی جێبەجێ بکرێت و بە هیچ شێوەیەك ڕێگە نەدرێت ڕووداوی لەم جۆرە دووبارە بێتەوە، بۆ ئەمەش تەلەگرافنامەی بەندەمان دراوەتە قوماندانی ناوهاتوو و ئامۆژگاری کراوە، لەم بابەتەدا بڕیار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.<br>رزا سەرعەسکەر</td></tr>
</table>




Y.MTV.00304.00070.002

<table>
<tr><td>BEO</td><td>002830.212244</td><td>10 زیلقەعدە 1325 (15 کانوونی یەکەم 1907)</td></tr>
<tr><td colspan="3">
پایەی سەرعەسکەر<br>
قەڵەمی مەکتوب<br>
تایبەتی<br>
شیفرەی تەلەگرافنامەی جەنابی فەریق فازڵ پاشا قوماندانی سنووری ئێران لە ڕەواندز، لە مێژووی ٢٦ تشرینی دووەم ١٣٢٣ هاتووە<br><br>
لەبەر واژووی کارگێری، تابورەکانی سەربازی ملوکانەی ئێران ڕەوانەی کوێستان کراون، ئەم چیایانەی هاتۆتە پێشیان ژماردویانە، دەستیان کردووە بە سەرپێچی کردن لە هێڵی ئیستاتوقو، سەرۆکی کۆرەك عەلی ئاغا لەگەڵ هێزی عەشائیری بەرگری کردووە، ٤ پیاو و ٦ ئاژەڵ و لە ئێرانیەکانیش ١٧ کەس و چەند ئاژەڵێك کوژراوە و لە ناو بردراوە، سەرۆکی مەنگور بایز پاشا بە ئەسپسوارەکانی عەشیرەتەکەی گەیشتوتە شوێنەکە و ئێرانیەکانی ناچار کردووە بکشێنەوە، بەڵام بۆ هاوکاریان ئەسپسوار لەگەڵ ٤ تۆپ دێت و دەست بە بەرگری کردن دەکەن، لەسەر ئەم فەرمانەی دراوەتە لایەنی بەندەمان بە گشتی لەگەڵ ئەوانەی بینراون ئەسپ سوارەکانی عەشیرەتی پیران لە لاهیجان چوونەتە پاڵ بایز پاشا، ئەسپسوارانی عەشیرەتی ئێمە لە نێوان ٣٠٠٠ بووە، لەسەر سنوور لەگەڵ ئێران ڕووبەڕووی یەکتر وەستاون، بە پەیوەندیدارانی خەلافەت ڕاگەیەندراوە کە حاڵی حازر لەگەڵ هێزی عەشیرەتی عوسمانی لە هێڵی ئیستاتوقو یەك هەنگاو سەرپێچی نەکراوە و تابورەکان لەبەر نارێکیەوە لەگەڵ کۆمەڵەی دەستە ناتوانن جولە بکەن، ٦ تابوور بهێنرێن، مەفرەزەکانیش بۆ هەر ئەگەرێکی چاوەڕواننەکراو ئامادەیە و هێزەکەیان لە ٨٠٠ پیادە و تۆپێك پێك دێت، هەروەها لە تابورەکانی لایەنی مەعمورەی حەمیدیە و سەردەشت هێشتا مەفرەزە نەگەیشتوتە سەردەشت، فەرمان دراوە بەپەلە دەست بە جولە بکەن، لەم ناوەش پۆستە و تەلەگراف و بە گشتی هۆکاری پەیوەندیکردن بوونی نییە، خەرجی ئاقچە و ئاسانکاری گواستنەوە ڕێکخراوە، هەرگیز ترس و شەرم لە ئێرانیەکان ناکرێت، بە تێروانین لە هەواڵگری هەموو ڕۆژ سەرباز ڕوو دەکاتە ساوج بۆلاق، ئەم بابەتە ڕاگەیەندراوە.
</td></tr>
</table>





DH.MKT.01226.00067.001

<table>
<tr><td>DH.MKT</td><td>01226.00067</td><td>17 زیلقەعدە 1325 (22 کانوونی یەکەم 1907)</td></tr>
<tr><td colspan="3">جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت لایەنی عالی<br>سەعید بەگ لە ئەشرافەکانی ڕەواندزە و بەهۆی خزمەت و کارە باشەکانی جێگەی پاداشتە، بە بەرز کردنەوەی پلەکەی نیشانێکی پێ بدرێت، نووسراوی مێژووی ١٥ تشرینی دووەم ١٣٢٣ ژمارە ٧٩ ی ویلایەتی موسڵ هاتووە و بە تێروانین لە خزمەتەکانی لە پلەی چوارەم نیشانی عوسمانی پێ بدرێت.</td></tr>
</table>





BEO.003035.227619.001

| 4 رەبیعی یەکەم 1325 (17 نیسان 1907) | 003035.227619 | BEO |
|---|---|---|
| نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>ئەمجارە عومەر ئاسف ئەفەندی قائیمقامی قەزای ڕەواندز دەستی لە کار کێشاوەتەوە، لە شوێن ئەو مستەفا نەجاتی ئەفەندی قائیمقامی پێشووی غدامس دابمەزرێت، لەسەر نووسراوی مێژووی ٢١ سەفەر ١٣٢٥ ژمارە ٣١١ و بە بڕیاری قۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیە، لە مێژووی ٢ رەبیعی کۆتایی ١٣٢٥ جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە فەرمانی پاشا ڕەزامەندی نیشان داوە، مەزبەتەی قۆمیسیۆن بەرز کراوەتەوە و هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی کارەکە. | | |





ŞD.03042.00025.002

<table>
<tr><th>ŞD</th><th>03042.00025</th><th>20 جەمادی کۆتایی 1325 (31 تەمموز 1907)</th></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی کاروباری دارایی<br>قەڵەمی مەکتوب<br>ژمارە ١٤٦<br>سەرۆکایەتی شورای دەوڵەتی شکۆدار<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>داوای کردووە لە مێژووی دوورخستنەوەی لە ئەرکەکەی تا گەرانەوەی بۆ سەر ئەرکەکەی مووچە کۆکراوەکەی پێ بدرێت، داواکاریەکەی عەبدولکەریم نادر ئەفەندی بەڕێوەبەری دارایی ڕەواندز حەواڵەی شورای دەوڵەت کراوە، بە تێروانین لە بەراییەکان ئەم زانیاریەی لە خەزینە هاتووە خوێندنەوەی بۆ کراوە، لە مێژووی ١٨ کانوونی یەکەم ١٣٢٢ نووسراوی ژمارە ٢٣٥ ی حەواڵەی پەیوەندیداری سەرۆکایەتی ژمێریاری گشتی دارایی کراوە، ئەم لێکۆڵینەوەی ئەنجام دەدرێت تا ئەنجامەکەی دەردەچێت ئەرکەکەی بە وەکالەت بەڕێوەببردرێت، لە ٢٣ تەمموز ١٣١٨ ئاگاداری دراوەتە دەفتەرداری ویلایەتی موسڵ، بە تێروانین لەم بەراییانەی لە دەفتەردار هاتووە، بەڕێوەبەرایەتی ناوهاتوو سێ کەس ٥ مووچە و ئەوانی تر تەواوی مووچەیان پێ دراوە، هەروەها مووچەی بەڕێوەبەری دارایی ناوهاتوو بە پێچەوانەی ئاماژەی خەزینە خەرج کراوە، ئەم مووچانەی داواکار داوای کردووە بە گوێرەی ڕێکخستنی ڕێك بخرێت، بە بڕیاری ئەنجوومەنی دارایی ئاگاداری دراوەتە دەفتەرداری ناوهاتوو، ووتەی ژمێریاری گشتی دارایی و داواکاریە نێردراوەکە ڕەوان کراوەتەوە، لەم بابەتەدا بڕیار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.<br>نازری دارایی</td></tr>
</table>




BEO.003064.229753.001


| BEO | 003064.229753 | 12 ڕەبیعی کۆتایی 1325 (25 مایس 1907) |
|---|---|---|
| ڕسوماتی ئەمانەتی شکۆدار<br>وەڵامی نووسراوی مێژووی ٨ ڕەبیعی کۆتایی ١٣٢٥ ژمارە ١٣٠ ی دەوڵەتە، بۆ دابین کردنی بڕی خەرجی نۆژەنکردنەوەی فەرمانگەی ڕسوماتی ڕەواندز مامەڵەی پێویست ئەنجام دەدرێت، هیممەت بکرێت لە ناردنی دەفتەری دەرخستە. | | |




BEO.003146.235893.001


| | | |
|---|---|---|
| BEO | 003146.235893 | 7 شەعبان 1325 (15 ئەیلوول 1907) |

ویلایەتی دیاربەکر
تەلەگرافنامە بە واژووی حیکمەت موستەنتەقی دادگای بەرایی ڕەواندز لەگەڵ عەبدولقادر فەرمانبەری ناسنامە لە ڕەواندز دەرچووە، وێنەیەکی هێنراوە و خوێندنەوەی بۆ بکرێت و بەپەلە زانیارییەکانتان ڕابگەیەندرێت.




BEO.003190.239184.001

| BEO | 003190.239184 | 13 شەوال 1325 (19 تشرینی دووەم 1907) |
|---|---|---|
| نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>پشت بەستن بە بڕیارنامەی تایبەتی یاسا و بە بڕیاری شورای دەوڵەت و فەرمانی پاشای جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت ڕەزامەندی نیشان دراوە لە دابین کردنی ٥٦٢ قوروش مووچە بۆ عومەر ئاسف ئەفەندی قائیمقامی پێشووی ڕەواندز، بە ڕاگەیاندنی نووسراو بکرێت. | | |





BEO.003208.240545.001

| | | |
|---|---|---|
| 6 زیلقەعدە 1325 (11 کانوونی یەکەم 1907) | 003208.240545 | **BEO** |

نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>پشت بەستن بە بەرابیەکانی سەرۆکایەتی شورای دەوڵەتی شکۆدار، لە نەزارەتی ناوەخۆی سکۆدار ئاگاداری دراوە و مامەڵەی پێویست ئەنجام بدرێت، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.


لە بارەی ساڵح ئەفەندی بەڕێوەبەری دارایی پێشووی قەزای ڕەواندز سەر بە ویلایەتی موسڵ.



BEO.003238.242842.001


| BEO | 003238.242843 | 26 زیلحیجە 1325 (30 کانوونی دووەم 1908) |
|---|---|---|

نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار و نەزارەتی پۆستە و تەلەگرافی پایەبەرز
لەبەر ستراتیژیەتی ناوچەکە لە پسوە مەرکەزی تەلەگراف هەبێت و بۆ هەواڵی بە پەلە لە نێوان پسوە و ڕەواندز هێڵێکی تەلەگراف دابنرێت، بە فەرمانی پاشا جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت ڕەزامەندی نیشان داوە، نووسراوی تایبەت لە مابەینی هومایۆنی ملوکانەی باش کیتابەتی شکۆدار ڕاگەیەندراوە و بە پەلە ئاگاداری دراوەتە نەزارەتی پۆستە و تەلەگرافی پایەبەرز، بە فەرمان و بڕیاری هومایۆنی شاهانە بە پەلە هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی کارەکە.




DH.MEM.00008.00012.001


<table>
<tr><th>DH.MEM</th><th>00008.00012</th><th>26 زیلقەعدە 1326 (20 کانوونی یەکەم 1908)</th></tr>
<tr><td colspan="3">ویلایەتی بەغداد<br>ژمارە ١٠٨<br>سەرۆکایەتی قۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیەی شکۆدار<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>وێنەی وەرگێراوی کەسێتی مەجید پاشا قائیمقامی پێشووی ڕەواندز پەسەند کراو، لەسەر کاغەزی حیجاز نوێکراوەتەوە و ڕێکخراوەتەوە و پێی دراوە، خەرجی نیزامیەی ٢٥ قوروش و ٣٠ پارە، بە نووسراوی ٣١ ئۆغستۆس ١٣٢٤ ژمارە ٧٨ پێشکەش کراوە، بەڵام وێنەی ناوهاتوو تا ئێستا نەناردراوە، بەپەلە کارەکە جێبەجێ بکرێت، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.<br>بریکاری والی بەغداد فەریقی یەکەم محەمەد فازڵ</td></tr>
</table>




İ.HUS.00170.00024.001


| İ.HUS | 00170.00024 | 7 رەمەزان 1326 (3 تشرینی یەکەم 1908) |
|---|---|---|

کۆشکی یڵدزی هومایۆن
فەرمانگەی باش کیتابەت
٤٧٠١
داواکاری بە مۆری کەمالەددین لە قەزای رەواندزی سەر بە سانجەقی کەرکووك بەرز کراوەتەوە، بۆ خۆراکی تەکیەکەی داوای برێکی دیاریکراو مووچەی کردووە، بریار و فەرمانی جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بۆ پەیوەندیداری سەدارەت بەرز کراوەتەوە، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.
عەلی خەواجە جەنابی سەرکاتیبی شەهریار




Y.MTV.00308.00020.001

<table>
<tr><th>Y.MTV</th><th>00308.00020</th><th>3 ڕەبیعی یەکەم 1326 (5 نیسان 1908)</th></tr>
<tr><td colspan="3">ویلایەتی موسڵ<br>قەڵەمی مەکتوب<br>ژمارە ٢٣<br>بۆ باش کیتابەتی جەنابی ملوکانەی مابەینی هومایۆن<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>جولەی سەعید بەگ ڕەواندزی بۆتە هۆی وروژاندنی بابەتی کوشتن، لە کاتی خۆیدا لێکۆڵینەوە کراوە و بریار لەسەر قەدەغەکردنی دادگایی کردنەکەی دراوە، لە کۆتاییدا ئەوراقەکانی ڕێکخراوە و پۆلین کراوە، ئەگەرچی لە دادگای ئیستینافی دیاربەکر فەرمانی هێنان و دەستگیرکردنی دراوە، بەڵام لە خێزانێکی ناودارە و بە ناردنی هێزێکی گەورە لە کاتی پێویست لە قەبیلە و عەشیرەتی جیاواز هێزێکی تەواو کۆدەکاتەوە، میری ناوهاتوو لەسەر بەڵگەی پێچەوانەی ڕاستییەکان مەغدور دەبێت و زیانی گەورە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، لە ١٩ شوبات ١٣٢٣ تەلەگرافنامەی بە شیفرە ڕاگەیەندراوە، لە مافی گشتی دەبوردرێت و لەسەر مەزبەتەی ئەنجوومەنی کارگێری بە گوێرەی بەرژەوەندی دووبارە ڕاگەیەندراوە و تکا کراوە، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.<br>والی موسڵ</td></tr>
</table>




Y.MTV.00310.00124.001

<table>
<tr><th>Y.MTV</th><th>00310.00124</th><th>29 ڕەبیعی کۆتایی 1326 (31 مایس 1908)</th></tr>
<tr><td colspan="3">پایەی سەرعەسکەر<br>قەڵەمی مەکتوب<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>بینباشــی ئەحمــەد جەمــال ئەفەنــدی لــە تابــوری چوارەمــی ئــاڵای ڕەدیفــی ٨١ی ســەر بــە لەشــکری شەشــەمی همایــۆن، لــە مەشــق و ڕێکخســتنی ســەربازی و پاراســتنی ســەرباز هــەوڵ و کۆششــی لــە تابــووری ناوهاتــوو جێگــەی شــایەدیە، بــۆ بنبرکــردن و هێورکردنــەوەی ئــەم ناکۆکیــەی لــە نێــوان عەشــیرەتەکانی بــەسرا دروســت بــووە ئامــادەکاری و هیممەتــی نیشــان داوە، بەهــۆی دڵســۆزیەکەیەوە ئاســایش بەرقــەرار بــووە، لــە قائیمقامیەتێکــی بەتاڵــی ئــەم ناوچانــەی ســەر بــە لەشــکری همایۆنــی ناوهاتــوو دابمەزرێــت، لەگــەڵ قوماندانیەتــی لەشــکری همایۆنــی ناوهاتــوو لەگــەڵ ســەرۆکایەتی دەســتەی پشــکنین نــووسراو و ئامــاژە هاتــووە، قائیمقامیەتــی ئــاڵای ٩٥ی ڕەدیفــی ڕەوانــدز لــە لەشــکری همایۆنــی ناوهاتــوو بەتاڵــە، بــە ئامــادەکاری جەنابــی پەیوەندیــداری خەلافــەت نــووسراو کــراوە ناوبــراو لــە قائیمقامیەتــی بەتاڵــی ئــاڵای ناوهاتــوو بــە بەرزکردنــەوەی پلەکــەی دابمەزرێــت، ئــەم مەزبەتــەی لــە فەرمانگــەی پیــادە ڕاگەیەنــدراوە و پێشــکەش کــراوە، داواکــراوە جەنابــی ســێبەری خــودا لەســەر زەوی پلەکــەی بــەرز بکاتــەوە و مامەڵەکــەی جێبەجــێ بــکات، لەکاتــی دەرچوونــی ڕەزامەنــدی لــە بابــی عالــی زانیــاری بدرێتــە بەنــدە، بڕیــار و فەرمــان بــۆ جەنابــی ئــەم کەســەیە کــە فەرمانــی بــە دەســتەوەیە.<br>ڕزا سەرعەسکەر</td></tr>
</table>





İ.TAL.00445.00052.001

<table dir="rtl">
<tr><td>İ.TAL</td><td>00445.00052</td><td>19 سەفەر 1326 (23 مارت 1908)</td></tr>
<tr><td colspan="3">کۆشکی یڵدزی هومایۆن<br>فەرمانگەی باش کیتابەت<br>١٠٠٧<br>ڕاگەیەندراوی بەندەمانە<br>لەلایەنی سەربازییەوە میری میران سەعید بەگ لە ئەشرافی ڕەواندز خزمەتی باشی کردووە، لە پلەی دووەم مەجیدی نیشانی پێ بدرێت، لەسەر نووسراوی سەرعەسکەر جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە فەرمانی پاشا ڕەزامەندی نیشان داوە، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.<br>جەنابی سەر کاتیبی شەهریار</td></tr>
</table>





| İ.DH | 01471.000047 | 1 زیلقەعدە 1326 (25 تشرینی دووەم 1908) |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
دیوانی هومایۆنی ئێستا
٣٣٥٦
جەنابی میهرەبانی ئەفەندم
قائیمقامیەتی قەزای ڕەواندز سەر بە ویلایەتی موسڵ بە کراوەیی ماوەتەوە، حوسێن حەسەن ئەفەندی قائیمقامی پێشووی تەرجانە چینەکەی بەرز بۆتەوە و بە گوێرەی نیزام دابمەزرێت، نووسراوی نەزارەتی ناوەخۆی عالی راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، لەم بابەتەدا جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە فەرمانی پاشا چ بفەرمووێت جێبەجێ دەکرێت، نووسراو کراوە ئەفەندم.
سەدری ئەعزەم





BEO.003244.243288.001

| BEO | 003244.243288 | 6 موحەررەم 1326 (9 شوبات 1908) |
|---|---|---|
| ویلایەتی موسڵ<br>شیفرە<br>هاوپێچی ٢٥ کانوونی دووەم ١٣٢٣، لەلایەن سەرعەسکەر ڕاگەیەندراوە، کە لە ڕەواندز زەخیرەی تەواو بۆ پسوە و لە موسڵ برە پارەی تەواو لەلایەن فازڵ پاشا بگەیەندرێتە میری ئاڵای عاکف بەگ لە سەردەشت، لێرەش هاوکاری دارایی دەکرێت، زەخیرەی پێویست و برە پارەی تەواو بەپەلە دابین بکرێت و جێبەجێ بکرێت. | | |




BEO.003276.245654.001

<table>
<tr><td>BEO</td><td>003276.245654</td><td>19 سەفەر 1326 (23 مارت 1908)</td></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>لە بارەی گۆڕینەوەی ئەرکەکانی ئەحمەد تۆفیق ئەفەندی قائیمقامی قەزای عەمادیە و مستەفا نەجاتی ئەفەندی قائیمقامی قەزای ڕەواندز، لەسەر نووسراو لە مێژووی ٢٧ موحەرڕەم ١٣٢٦ ژمارە ٤٦٧٢ و بڕیاری قۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیە، لە مێژووی ١٨ سەفەر ١٣٢٦ جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە فەرمانی پاشا ڕەزامەندی نیشان داوە، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.</td></tr>
</table>




BEO.003306.247928.001


| BEO | 003306.247928 | 3 ڕەبیعی کۆتایی 1326 (5 مایس 1908) |
|---|---|---|

نەزارەتی دارایی شکۆدار
بە گوێرەی وێنەیەکی فەرمانگەی دارایی شورای دەوڵەت و مەزبەتەی تۆمارکراو لە نەزارەتی دارایی شکۆدار، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی کارەکە.

بە مردنی عائیشە خان خێزانی کۆچکردوو ڕەسول پاشا قائیمقامی پێشووی ڕەواندز، مووچەکەی بۆ براکەی بە ناوی ئیحسان و خوشکەکانی بە ناوی لەتیفە خان و نوریە خان دابین بکرێت.




| BEO | 003383.253692 | 28 رەجەب 1326 (26 ئاب 1908) |
|---|---|---|
| نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>لە وەڵامی نووسراوی مێژووی ٢٦ رەجەب ١٣٢٦ ژمارە ٢١٣٥، نووسراوەکان دەگەرێنەوە بۆ خالد ئەفەندی کوڕی عەبدولعەزیز سەبری ئەفەندی قائیمقامی پێشووی رەواندز، ووردبینی بۆ بری شوێنگرەوەی نووسراوەکان کراوە و بە لێکۆڵینەوە هیممەت بکرێت لە راگەیاندنی. | | |




BEO.003428.257093.001

| BEO | 003428.257093 | 12 شەوال 1326 (7 تشرینی دووەم 1908) |
|---|---|---|
| نەزارەتی ناوەخۆی عالی<br>هەست و سۆزی حەسەن کازم ئەفەندی قائیمقامی پێشووی قەزای حەی سەر بە ویلایەتی موسڵ کەم بۆتەوە، لە ویلایەتی بەسرا ڕاگەیەندراوە کە پێویستە بگۆردرێتەوە، بە دوورخستنەوەی ئەحمەد تۆفیق ئەفەندی قائیمقامی قەزای ڕەواندز، ناوبراو لە قائیمقامیەتی ناوهاتوو دامەزرێت و لەسەر نووسراوی ١٥ ڕەمەزان ١٣٢٦ ژمارە ٣٠٠٦ی سەروو، لە ١٠ شەوال ١٣٢٦ جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە فەرمانی پاشا ڕەزامەندی نیشان داوە، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی. | | |




BEO.003441.258018.001

<table>
<tr><td>BEO</td><td>003441.258018</td><td>29 شەوال 1326 (24 تشرینی دووەم 1908)</td></tr>
<tr><td colspan="3">رسوماتی ئەمانەتی شکۆدار<br>وێنەی لە فەرمانگەی دارایی شورای دەوڵەت و لە باڵادا مەزبەتەی تۆمارکراو ڕەوان کراوەتەوە، بە گوێرەی نووسراوی دەرخستە لە رسوماتی ئەمانەتی شکۆدار هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.<br>لەبارەی نۆژەنکردنەوەی خانەی کارگێری رسوماتی ڕەواندز.</td></tr>
</table>



BEO.003445.258361.001


<table>
<tr><td>BEO</td><td>003445.258361</td><td>5 زیلقەعدە 1326 (29 تشرینی دووەم 1908)</td></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>بە بەرزکردنەوەی چینەکەی و بەستنەوەی بە نیزام حوسێن حوسنی ئەفەندی قائیمقامی پێشووی ترجان لە قائیمقامی قەزای ڕەواندز سەر بە ویلایەتی موسڵ دامەزرێت، بۆ ئەم مەبەستە لەسەر نووسراوی ٢٣ شەوال ١٣٢٦ ژمارە ٣٣٧٨ جەنابی پاشا لە مێژووی ٤ زیلقەعدە ١٣٢٦ بە فەرمانی پاشا ڕەزامەندی نیشان داوە، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.</td></tr>
</table>



İ.AS.00080.00050.004

| İ.AS | 00080.00050 | 26 موحەررەم 1327 (17 شوبات 1909) |
|---|---|---|


بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
دیوانی هومایۆنی ئێستا
١٩٧
جەنابی بەرێزی ئەفەندم
بینباشی ئەحمەد ئەفەندی تابووری ٤ی پایەبەرزی ئاڵای ٨١ی ڕەدیفی لەشکری شەشەمی هومایۆن خزمەتی باشی کردووە، پلەکەی بەرز بکرێتەوە و لە قائیمقامیەتی ئاڵای ٩٥ی ڕەدیفی ڕەواندزی لەشکری ناوبراو دامەزرێت، لە بارەی فەرمانی عالی نووسراوی نەزارەتی جەنگی شکۆدار ڕاگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، لەم بابەتەدا جەنابی پاشا بە فەرمانی پاشا چ بفەرمووێت جێبەجێ دەکرێت، بە ڕاگەیاندنی جێبەجێ کردنەکە نووسراو کراوە ئەفەندم.
سەدری ئەعزەم




I.AS.00082.00012.001

| İ.AS | 00082.00012 | 16 سەفەر 1327 (9 مارت 1909) |
|---|---|---|


نەزارەتی جەنگی
قەڵەمی مەکتوب
٢١٦
ماوەی خزمەتی سەربازی میری لیوا شەوقی پاشا قوماندانی لیوای رەواندز لە رەدیفی ٤٨ ی لەشکری شەشەمی هومایۆن لە ٥٠ ساڵ تێپەریوە، بۆیە کاتی خانەنشین کردنی هاتووە، ئەم پارەی پاشای ناوبراو داوای کردووە لەسەر دابین کردنە، پشت بەستن بە نیزام مانگانە ٣٠٠٠ قوروش مووچەی خانەنشینی بۆ دابین دەکرێت، مەزبەتە لە فەرمانگەی پیادە رێکخراوە و لەلای بەندەمان پەسەند کراوە، بە تێروانین لە وێنەی تۆمارەکە فەرمانی جێبەجێ کردنی دەگەرێتەوە بۆ سەدری ئەعزەم، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.
نازری دارایی




DH.SN.M..00195.00096.001

| DH.SN.M | 00195.00096 | 10 جەمادی کۆتایی 1327 (29 حوزەیران 1909) |
|---|---|---|

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار
قەڵەمی ژمێریاری
ژمارە ١١٦٧
کارگێری ناسنامەی گشتی
شـەفیق ئەفەنـدی لـە مێـژووی ٢١ مـارت ١٣٢٥ لـە فەرمانبەرایەتـی ناسـنامەی قـەزای ڕەوانـدز سـەر بـە ویلایەتـی موسـڵ دەسـتی بـە کار کـردووە، لـە مێـژووی ١٤ حوزەیـران ١٣٢٥ نـووسراو بـۆ ویلایەتـی ناوهاتـوو کـراوە.



ضبطیه نظارتی سجل قلمی مخصوص

موصل ولایتی

OSMANLI ARŞİVİ
ZB
450 | 156


ZB.00450.00156.001

<table>
<tr><td>ZB</td><td>00450.00156</td><td>17 جەمادی کۆتایی 1327 (6 تەمموز 1909)</td></tr>
<tr><td colspan="3">ویلایەتی موسڵی پایەبەرز<br>لە ویلایەتی بەغداد لەلایەن فەرمانبەری پۆلیس سلێمان ئەفەندی کوڕی فازڵ ڕێکخراوە و بەرز کراوەتەوە، بە مەبەستی تۆمار کردن لە ویلایەتی ناوهاتوو بە تۆمار جێگیر کراوە، هەروەکو پێویستە ووردبینی بۆ بکرێت و وەرەقەی وەرگێردراوی زانیاری کەسێتی ناوبراو لە مێژووی ١ تەمموز ١٣١١ بە مووچەی ٤٠٠ قوروش وەکو فەرمانبەری ڕەژی ئەرکی پێدراوە، ئەگەرچی ئەم زانیاریانە تۆمار کراوە بەڵام دەرکەوتووە تا ئێستا نووسراوی جێگیربوونی فەرمی پەسەند نەکراوە، مامەڵەی تۆمار کردنی لەسەر جێبەجێ کردنە، لە بارەی ئەرکی باسکراوی ناوبراو لەگەڵ ماوەی بەکارهاتنی بری مووچەکەی تۆمار کراوە و زانیارییەکان بە چاودێریکردن ڕابگەیەندرێت، بۆ ئەمەش لە بەڕێوەبەرایەتی قەڵەمی تۆمار بە نووسراو ڕاگەیەندراوە.</td></tr>
</table>





DH.MKT.02753.00081.001

| | | |
|---|---|---|
| **DH.MKT** | 02753.00081 | **8 سەفەر 1327 (1 مارت 1909)** |
| ویلایەتی دیاربەکر<br>زەکی بەگ موتەسەرفی سیوەرەك دوورخراوەتەوە، لە شوێن ئەو عەبدولعەزیز سەبری ئەفەندی قائیمقامی پێشووی ڕەواندز لە مێژووی ٤ سەفەر ١٣٢٧ دامەزراوە. | | |





DH.MKT.02820.00057.002

| DH.MKT | 02820.00057 | 2 جەمادی یەکەم 1327 (22 مایس 1909) |
| --- | --- | --- |
| ویلایەتی موسڵ<br>لـە مێـژووی ٥ مایـس ١٣٢٥ بـە نـاوی ئەشرافـی ڕەوانـدز تەلەگـراف لـە مەرکـەزی شـەمدینان بـۆ سـەدارەت ڕەوان کـراوە، کۆپییەیەکـی تەلەگرافەکـە هێـنراوە و خوێندنـەوەی بـۆ کـراوە، بـە لێکۆڵینـەوە کارەکـە جێبەجـێ بکرێـت. | | |





BEO.003497.262269.001

<table>
<tr><td>BEO</td><td>003497.262269</td><td>1 سەفەر 1327 (22 شوبات 1909)</td></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی جەنگی شکۆدار<br>وێنەی نووسراوی تۆمارکرا لە باڵادا ڕاگەیەندراوە، بە گوێرەی فەرمانی پاشای جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت و پەراوێزی نەزارەتی جەنگی شکۆدار، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.<br><br>بە بەرزکردنەوەی پلەی ئەحمەد ئەفەندی بینباشی لەشکری شەشەم، لە قائیمقامیەتی ئاڵای ڕەواندز دادەمەزرێت.</td></tr>
</table>



BEO.003521.264042.001

<table>
<tr><th>BEO</th><th>003521.264042</th><th>2 رەبیعی یەکەم 1327 (24 مارت 1909)</th></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی جەنگی شکۆدار<br>وێنەی نووسراوی ڕاگەیەندراو لە باڵادا تۆمارکراوە، بە گوێرەی فەرمانی پاشای جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت لە نەزارەتی جەنگی شکۆدار هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.<br><br>میری لیوا شەوقی پاشا قوماندانی لیوای ٤٨ی ڕەدیفی ڕەواندز سەر بە لەشکری شەشەمی هومایۆن خانەنشین بکرێت.</td></tr>
</table>





BEO.003527.264518.001

| BEO | 003527.264518 | 14 جەمادی یەکەم 1327 (3 حوزەیران 1909) |
|---|---|---|


ویلایەتی موسڵ

عەبدوڵڵا لە ئەشرافەکانی رەواندزە و لە مەرکەزی شەمدینان تەلەگرافی بە واژووی خۆی رەوان کردووە، بە هێنانی کۆپیەیەکی و خوێندنەوەی بە پەلە، لێکۆڵینەوە لەگەڵ قائیمقام و بەرێوەبەری دارایی ئەنجام بدرێت و رابگەیەندرێت.



BEO.003528.264553.001

<table>
<tr><td>BEO</td><td>003528.264553</td><td>11 ڕەبیعی یەکەم 1327 (2 نیسان 1909)</td></tr>
<tr><td colspan="3">جەنابی ڕەشید پاشا والی موسڵ<br>لە مەرکەزی شەمدینان تەلەگرافنامەی بە واژووی سەعید لە ئەشرافی ڕەواندز دەرچووە، وێنەیەکی هێنراوە و خوێندنەوەی بۆ کراوە، ئەم بابەتانەی جێگەی گومانن لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت و ڕوون بکرێنەوە، بە گوێرەی ئەنجامەکەی کارەکە جێبەجێ بکرێت.</td></tr>
</table>


T.C. BAŞBAKANLIK OSMANLI ARŞIVI DAIRE BAŞKANLIĞI (BOA)


OSMANLI ARŞIVI
DH.H
53 39 12

BAŞBAKANLIK OSMANLI ARŞIVI

DH.H.00053.00039.012

| | | |
|---|---|---|
| 21 ڕەمەزان 1328 (26 ئەیلوول 1910) | 00053.00039 | **DH.H** |


ویلایەتی موسڵ
تەلەگراف
هاوپێچی ٩ ئەیلوول ١٣٢٨، بە واژووی خان عەوداڵ سەرۆکی هەرکی و ئەمین تەلەگرافنامە لە مێژووی ٧ و ٨ ئەیلوول ١٣٢٨ لە ڕەواندز بۆ سەدری ئەعزەم و نەزارەتی جەنگی ڕەوان کراوە، کۆپیەیەکی هێنراوە و خوێندنەوەی بۆ کراوە، ئەوەی لە بابەتەکە جێگەی تێروانینە بەپەلە کارەکە جێبەجێ بکرێت و ئەنجامەکەی ڕابگەیەندرێت.


دولت علیهٔ عثمانیه تلغراف اداره‌سی
SERVICE DES TÉLÉGRAPHES DE L'EMPIRE OTTOMAN
TÉLÉGRAMME
L'état n'accepte aucune responsabilité à raison du service de la télégraphie
Réception
Retransmission ou Expédition
Indications éventuelles
OSMANLI ARŞİVİ
ML.EEM
809 | 17 | 3

ML.EEM.00809.00017.003

| 23 جەمادی کۆتایی 1328 (2 تەمموز 1910) | 00809.00017 | ML.EEM |
|---|---|---|


نەزارەتی دارایی
گرتووخانەی ڕەواندز وێران بووە، بۆ خەرجی نۆژەنکردنەوەی هەندێک شوێنی گرتووخانەکە، فەرمانی دابین کردنی ١٠٠ قووروش بدرێت.
بریکاری والی موسڵ میری لیوا تۆفیق




BEO.002955.221559.001

| BEO | 002955.221559 | 16 شەوال 1328 (21 تشرینی یەکەم 1910) |
|---|---|---|


ویلایەتی موسڵی پایەبەرز
مەلا ئەسعەد مودەریسی مەدرەسەی ڕەواندز لە عەشیرەتی خەیلان سیخوری کردووە و لە بارەی مەسەلەی سنووری لاهیجان و پسوە هەواڵی داوەتە حکوومەتی ئێران، جگە لەمە سەرپێچی زۆری کردووە، لەلایەن عەبدولسەمەد نووسراوی بە واژوو ڕەوان کراوە، بە تێروانین لە بابەتەکە هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی کارەکە.




ŞD.03071.00013.003


| | | |
|---|---|---|
| ŞD | 03071.00013 | 24 شەعبان 1328 (31 ئاب 1910) |

نووسراوی پەیوەندیدارانی پاشا
نەزارەتی دارایی
دوای ئـەوەی لـە بەڕێوەبەرایەتـی رسـوماتی ڕەوانـدز غـەدری لێکـراوە و لـە بەڕێوەبەرایەتـی رسـوماتی کازمیـە دامـەزراوە، لـە کاتـی جێگیـر کردنیشـی دوورخراوەتـەوە، لـەم بابەتـەدا چەندیـن جـار پەیوەنـدی کـردووە، بـەڵام هیـچ ئەنجامێکـی نەبـووە، داواکاری عومـەر فـەوزی ئەفەنـدی پێشـکەش کـراوە و حەواڵـەی شـورای دەوڵـەت کـراوە، بـە ووتـەی فەرمانگـەی مولکیـە داواکاری و بەراییـەکان بـەرز کراوەتـەوە، بـە تێڕوانیـن لـە بەراییـەکان زانیـاری و خوێندنـەوەی عالـی و ئامـاژەی پەیوەندیـداری نـەزارەت لەگـەڵ داواکاری ناوهاتـوو بگەڕێندرێتـەوە، هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی.





DH.MEM.00112.00085.009

<table>
<tr><th>DH.MEM</th><th>00112.00085</th><th>6 ڕەمەزان 1329 (31 ئاب 1911)</th></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>نەزارەتی ناوەخۆ<br>بەڕێوەبەرایەتی قەڵەمی فەرمانبەران<br>ژمارە ٤٦٨<br>حوسێن حەسەن ئەفەندی قائیمقامی قەزای ڕەواندز سەر بە ویلایەتی موسڵ لە بەڕێوەبردنی ئیدارە بە توانا نییە و بەشێوەیەك تووشی بیر چوونەوە بووە، شتەکان لە بیر دەکات، تەنانەت ناوی فەرمانبەرەکانی نازانێت، هەرخۆشی داوای خانەنشینی کردووە، بۆیە دوور بخرێتەوە و لە شوێن ئەو کەسێك دابنرێت، کە لە بەڕێوەبردنی ئیداری بە توانا و لێهاتوو بێت، نیهاد ئەفەندی قائیمقامی پێشووی حیللە توانای تاقیکراوەتەوە و لە ئەرکەکەیدا بە توانایە، بۆ دامەزراندنی ناوبراو لە ویلایەتی ناوهاتوو ئاماژەی پێکراوە، لە ئەنجوومەن دوای گفتوگۆ لە مەزبەتەی ژمارە ١٥ ی ئەنجوومەن لە دەستەواژەی دووەم باسی ئاماژەی ویلایەت کراوە، وێنەیەکی بۆ پەیوەندیداری نەزارەت ڕەوان کراوە، بۆ جێبەجێ کردنی کارەکە ڕاگەیەندراوە و ڕەزامەندی دەدرێت، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.</td></tr>
</table>




BEO.003934.295013.001

<table>
<tr><td>BEO</td><td>003934.295013</td><td>9 ڕەمەزان 1329 (3 ئەیلوول 1911)</td></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>لـە بـارەی خانەنشـینکردنی، داواکاری لەلایـەن حوسـێن حوسـنی ئەفەنـدی قائیمقامـی قـەزای ڕەوانـدز سـەر بـە ویلایەتـی موسـڵ بـەرز کراوەتـەوە، نیهـاد ئەفەنـدی قائیمقامـی پێشـووی قـەزای حیللـە لـە قائیمقامیەتـی ناوهاتـوو دادەمەزرێـت، بـۆ ئەمـەش لەسـەر نـووسراوی ١٥ ئۆغسـتۆس ١٣٢٧ ژمـارە ١٤٧١ ی دەوڵـەت جەنابـی پەیوەندیـداری پاشـا بـە فەرمانـی پاشـا ڕەزامەنـدی نیشـان داوە، لـەم بارەیـەوە وێنـەی پەسـەندکراوی بڕیارنامـە بـۆ عالـی بـەرز کراوەتـەوە و نـووسراوی بـۆ کـراوە، هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی.</td></tr>
</table>




DH.MB.HPS.M.00007.00017.001

| DH.MB.HPS.M | 00007.00017 | 26 شەوال 1330 (8 تشرینی یەکەم 1912) |
|---|---|---|
| نەزارەتی داد و مەزهەب<br>بەرێوەبەرایەتی کاروباری جەزا<br>ژمارە ٤٤١<br>نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>گرتووخانەکەی قەزای رەواندز کە سەر بە ویلایەتی موسڵە پێویستی بە نۆژەنکردنەوەیە، خشتەی ئاماری گرتووخانەکە هاتووە و لە بابەتەکە روون بۆتەوە، هەرچی زووە کارەکە جێبەجێ بکرێت، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.<br>راوێژکار بە ناوی نازری داد | | |





İ.MBH.00010.00014.002

<table dir="rtl">
<tr><td>İ.MBH</td><td>00010.00014</td><td>14 شەوال 1330 (26 ئەیلوول 1912)</td></tr>
<tr><td colspan="3">مابەینی هومایۆنی ملوکانە<br>باش کیتابەت<br>لە مەرکەزەکانی ڕەواندز و مەندەلی دوو پارچە تەلەگرافنامە بە واژووی خان عەبداڵ سەرۆکی عەشیرەتی هەرکی لەگەڵ سەید عەلی و جەمیل و سلێمان بۆ عەتەبەی عالیەی پاشا ڕەوان کراوە و بۆ پەیوەندیداری سەدارەت بەرز کراوەتەوە، لەم بابەتەدا بڕیار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.<br>عەلی .......... جەنابی سەرکاتیبی شەهریار</td></tr>
</table>




DH.MTV.00036.00012.001


| BEO | 00036.00012 | 14 ڕەبیعی کۆتایی 1330 (2 نیسان 1912) |
|---|---|---|
| ویلایەتی موسڵ<br>فەرمانبەری دارایی قەزای ڕەواندز بە شێوەیەکی خراپ مامەڵە لەگەڵ دانیشتوان دەکات، پێشنیاری باجی ناشەرعی کردووە، لەبەر ئەمە هەواڵ دراوە کە سەرپێچی ڕوو دەدات، بە پەلە لێکۆڵینەوە ئەنجام بدرێت، بە گوێرەی ئەنجامەکەی کارەکە جێبەجێ بکرێت. | | |




DH.H.00053.00039.028


| DH.H | 00053.00039 | 17 زیلقەعدە 1330 (28 تشرینی یەکەم 1912) |
|---|---|---|

ویلایەتی موسڵ
شیفرە
لە ١٨ ئەیلوول ١٣٢٨ لە ڕەواندز تەلەگرافنامە بە واژووی خان عەوداڵ سەرۆکی هەرکی لە ١٠ تشرینی یەکەم ١٣٢٨ ڕەوان کراوە، کۆپییەکی هێنراوە و خوێندنەوەی بۆ کراوە، بە تێروانین لە گرنگی بەرابیەکان باس لە مامەڵەی نایاسایی قائیمقامیەتی ڕەواندز کراوە، هەروەها ئەم پروپاگەندانە ڕاستە و لە قوماندانیەت پەسەند کراوەتەوە، ئەمەش لە نەزارەتی جەنگی ڕاگەیەندراوە، لەبەر ئەوەی سکاڵاکان بەردەوام دووبارە دەبنەوە، لێکۆڵینەوەی وورد ئەنجام بدرێت و ئەنجامەکەی ڕابگەیەندرێت.





DH.MB.HPS.00145.00080.001

<table>
<tr><th>DH.MB.HPS</th><th>00145.00080</th><th>27 ڕەبیعی کۆتایی 1330 (15 نیسان 1912)</th></tr>
<tr><td colspan="3">ویلایەتی موسڵ<br>قەڵەمی مەکتوب<br>١٩<br>نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>لیستی نووسراوی مێژووی ١٣ مارت ١٣٢٨ ژمارە ١٠، ئەوەی پەیوەستە بە گرتووخانەکان ٥ پارچە خشتەی ئاماری ساڵی ١٣٢٧ مەرکەزی سانجەقی کەرکووك و قەزاکانی سەڵاحیە و کۆی سانجەق و ڕانیە و ڕەواندز پێشکەش کراوە، هەروەها لەبەر ئەوەی قەزای سنجار کە سەر بە مەرکەزی ویلایەتە داد و گرتووخانەی نییە، بۆیە خشتەی ڕێکنەخراوە، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.<br>مۆری والی موسڵ</td></tr>
</table>




İ.AZN.00112.00003.001

<table>
<tr><td>İ.AZN</td><td>00112.00003</td><td>14 ڕەجەب 1331 (19 حوزەیران 1913)</td></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی داد و مەزهەبەکان<br>بەڕێوەبەرایەتی کاروباری سزا<br>ژمارە ٧٧٩<br>فەرمانی پاشا<br>ماوەی سزاکەی ئەحمەد ئاغا کوڕی کوچك ئیبراهیم ئاغا دانیشتووی گەرەکی ریت مادیلی قەزای ڕەواندز، ١٥ ساڵ بووە و بە سزای سەوڵ لێدان سزاکەی تەواو کردووە و مافە قەدەغەکراوەکانی بۆ گەڕاوەتەوە.<br><br>بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانی پاشا نازری داد ئەرکی پێدراوە.<br>نازری داد بە وەکالەت و سەدری ئەعزەم</td></tr>
</table>





ŞD.02208.00006.001

| ŞD | 02208.00006 | 2 زیلقەعدە 1331 (3 تشرینی یەکەم 1913) |
|---|---|---|


نەزارەتی ناوەخۆ

لە بارەی نیهاد ئەفەندی قائیمقامی قەزای ڕەواندز لە ویلایەتی موسڵ لێکۆڵینەوە ئەنجام دراوە، بە بەرز کردنەوەی بەراییەکانی لە ٨ مارت ١٣٢٩ نووسراوی عالی پەیوەندیداری نەزارەت حەواڵەی شورای دەوڵەت کراوە تا جێبەجێ بکرێت، لە فەرمانگەی مولکیە و خەرجی ووردبینی بۆ کراوە، دەرکەوتووە لێکۆڵینەوەکە زۆر بە سادەیی و بە شێوەیەکی ناتەواو ئەنجام دراوە، لە پوختەی لێکۆڵینەوەکە بابەتەکانی داواکراو بە هۆکاری جیاواز یەکلایی نەبۆتەوە، ناوبراویش بە گشتی لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کراوە، لەبەر ئەوەی بابەتەکە روون بۆتەوە، بە نیزامنامەی دادگاییکردنی فەرمانبەران دەبێ سەر لە نوێ لێکۆڵینەوە ئەنجام بدرێتەوە و لە بارەی هەر بابەتێکیش ووتەی خۆی وەردەگیرێت و ئەنجامەکەی لە پوختەی لێکۆڵینەوەکە هاوپێچ دەکرێت، بەم شێوەیە لێکۆڵینەوەکە تەواو دەبێت، بەراییەکان بە پەلە ڕەوان بکرێتەوە، بە ویلایەتی ناوهاتوو ڕاگەیەندراوە، بەراییەکان و نووسراو ڕەوانەی پەیوەندیداری نەزارەت کراوە.




BEO.004179.313424.001


| BEO | 004179.313424 | 29 جەمادی کۆتایی 1331 (5 حوزەیران 1913) |
| --- | --- | --- |
| نەزارەتی دەرەوەی شکۆدار<br>لە بارەی جموجۆڵی بایز پاشا موتەسەرفی ڕەواندز تەلەگرافنامە بۆ ویلایەتی موسڵ و لەوێشەوە بۆ نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار کراوە، وێنەیەکی زانیارییەکان بۆ واڵا بەرز کراوەتەوە. | | |



BEO.004186.313876.001

| 17 ڕەجەب 1331 (22 حوزەیران 1913) | 004186.313876 | BEO |
|---|---|---|


نەزارەتی دادی شکۆدار
دوای ئەوەی تاوانەکەی ئەحمەد ئاغا کوڕی کوچوك ئیبراهیم ئاغا دانیشتوی گەرەکی ڕیت مادیلی قەزای ڕەواندز یەکلایی بۆتەوە و ١٥ساڵ بە سەوڵ لێدان سزا دراوە، بە تەواوکردنی سزاکەی مەرجی یاسایی جێبەجێ کردووە، لە بارەی گەڕانەوەی مافی قەدەغەکراوی ناوبراو، نووسراوی ٢ حوزەیران ١٣٢٩ ژمارە ١٥٤ ی عالی و لیستی فەرمانی پاشا بە واژووی جەنابی پاشای هومایۆن پەسەند کراوە، وێنەی پەسەند کراو و هاوپێچ بۆ دەوڵەت بەرز کراوەتەوە، کارەکە جێبەجێ بکرێت.




BEO.004187.313965.001


| | | |
|---|---|---|
| BEO | 004187.313965 | 21 ڕەجەب 1331 (26 حوزەیران 1913) |

نەزارەتی جەنگی شکۆدار
ئەم کاروانەی لە ڕەواندز بۆ شەمدینان ڕۆیشتووە تووشی چەتەیەك بۆتەوە، ئەم مەفرەزەیەی کە بۆ چاودێری کردن ڕەوان کراوە، لەگەڵ چەتەکان ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوتەوە، بۆ تەمبێ کردن و دوورخستنەوەی چەتەکان ئامادەکاری بکرێت، تەلەگرافنامە لە ویلایەتی موسڵ وەرگیراوە، لەگەڵ نووسراوی نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار کە لە مێژووی ١١ حوزەیران ١٣٢٩ ژمارە ٦١٣ هاتووە، بۆ سەروو بەرز کراوەتەوە، بە تێڕوانین لەم تەلەگرافنامەیە بۆ چاودێری کردنی چەتەی ناوهاتوو لە ژاندارمە و نیزامیە نزیکەی ٤٠ نەفەر و مەفرەزەیەکی سوارە ئامادە بووە، لەم ڕووبەڕووبوونەوەی کە ڕوویداوە ئەفسەر شاکر ئەفەندی و ٤ نەفەر کوژراوە و ٢ نەفەریش بریندار بوونە، دەرکەوتووە مەفرەزەکە پەرشوبڵاوبوونەتەوە، لێکۆڵینەوە لە هۆکاری پەرشوبڵاوبوونەوەی مەفرەزەکە بکرێت و دوای مۆڵەت ئەمجارە بۆ چاودێری کردن مەفرەزەیەکی سەربازی حکوومەت بە کارەکە هەڵسێت، ڕێگە نەدرێت ئەم ڕووداوە جارێکی تر دووبارە بێتەوە.



BEO.004195.314616.001


<table dir="rtl">
<tr><td>BEO</td><td>004195.314616</td><td>9 شەعبان 1331 (14 تەمموز 1913)</td></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی دەرەوەی شکۆدار لایەنی عالی<br>هاوپێچی نووسراوی ٢٧ حوزەیران ١٣٢٩، ئەم ناوچانەی کە دەکەوێتە سنووری ئێران ناکۆکی لەسەرە، لە هەمان کاتدا ئەو شتانەی باجی لەسەرە گومرگ وەردەگیرێت، لە قائیمقامیەتی ڕەواندز سەرپێچی کراوە، لە کاتی پرسین و وەرگرتنی را، بە ئاماژەی بەڕێوەبەرایەتی رسومات ئەمجارە لە نەزارەتی دارایی شکۆدار نووسراو لە مێژووی ٣٠ حوزەیران ١٣٢٩ ژمارە ٤٦ بۆ عالی بەرز کراوەتەوە، کارەکە جێبەجێ بکرێت و هاوپێچەکە ڕەوان بکرێتەوە.</td></tr>
</table>



BEO.004223.316666.001

| BEO | 004223.316666 | 17 زیلقەعدە 1331 (18 تشرینی یەکەم 1913) |
| --- | --- | --- |


نەزارەتی دەرەوەی شکۆدار لایەنی عالی
لـە ناوچـەی ڕەوانـدز و لەسـەر سـنوور سـەید عەبدوڵـڵا ئەفەنـدی پۆسـت نشـینی تەکیەیەکـی گرنگـە و تەلەگرافنامەیەکـی بـۆ ویلایەتـی موسـڵ نـاردووە، تێـدا ڕوونـی کردۆتـەوە لـە پاشـکۆی لاهیجـان گونـدی خالـد وار وەکـو میـرات لـە باوکـی بـۆی ماوەتـەوە، مەفرەزەیەکـی ٢٠ نەفـەری ڕوسـی هاتـوون لـە نـاو مزگـەوت شـەرابیان خواردۆتـەوە، ئـەم ڕەفتـارە میللەتـی ئیسـلامی تووشـی بـێ هیوایـی دەکات و کاریگـەری لەسـەریان دەبێـت، بۆیـە پێویسـتە ئامـادەکاری پێویسـت بکرێـت، لـە وەکالەتـی ویلایەتـی ناوهاتـوو کێشـەکە چارەسـەر بکرێـت، بـە نـووسراوی نەزارەتـی ناوەخـۆی شـکۆدار ئـاگادار کراوەتـەوە، هیممـەت بکرێـت.


OSMANLI ARŞİVİ
BEO
4251 318825

BEO.004251.318825.001

| | | |
|---|---|---|
| BEO | 004251.318825 | 24 سەفەر 1331 (2 شوبات 1913) |


نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار
وەڵامی نووسراوی مێژووی ٦ کانوونی دووەم ١٣٢٩ ژمارە ١٧٩٣ی عالیە، عەبدوڵڵا ڕەمزی ئەفەندی قائیمقامی ڕانیە بووە و لە قائیمقامیەتی ڕەواندزی سەر بە ویلایەتی موسڵ ئەرکی پێدراوە، بە دوورخستنەوەی ناوبراو عەلی نیازی بەگ قائیمقامی سەڵاحیە لە قائیمقامیەتی سەڵاحیە دامەزرێت، بۆ ئەم مەبەستە جەنابی پاشا بە فەرمان ڕەزامەندی نیشان داوە، وێنەی پەسەند کراوی ڕەوان کراوە، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.




DH.İD.00177.00027.001

| DH.İD | 00177.00027 | 25 شەعبان 1332 (19 تەمموز 1914) |
|---|---|---|


ویلایەتی موسڵی پایەبەرز
ئەو وەقفانەی کە لە ڕەواندز بوونیان هەیە و تەواو نین، لێکۆڵینەوە و وردبینی بۆ کراوە و وێنەکەی لە کارگێری تۆمار کراوە و بە نەزارەتی ئاوقافی هومایۆن ڕاگەیەندراوە، لەگەڵ قائیمقامی قەزا گفتوگۆ کراوە و لە خاڵی تێکگەیشتن ناکۆکی لە نێوانیان هەبووە، بۆیە بابەتی باسکراو سەرکەوتوو نەبووە، بە ڕاگەیاندنی ئەم زانیارییە، لە قازی قەزای ناوهاتوو دەستپێشخەری کراوە و لەلایەنی پەیوەندیداری مەشیخەت نووسراو وەرگیراوە، ئاگاداری پێویست دراوەتە قائیمقامیەت.



İ.MMS.00179


| İ.MMS | 00179.00032 | 29 ڕەبیعی کۆتایی 1332 (27 مارت 1914) |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
قەڵەمی ئەنجوومەنی بریکارەکان و ڕاگەیەندراوەکان
١٥٨
دابین کردنی مووچە لە ڕێکخستنی خزمەتی نیشتیمانی لیستی یاسای کاتی، شێخ عەبدوڵلا ئەفەندی پۆست نشینی تەکیە و گوندی دارولئەمانی قەزای ڕەواندز لە ڕێکخستنی خزمەتی نیشتیمانی مانگانە ١٥٠٠ قوروش و محەمەد سدیق ئەفەندی موفتی ویلایەتی وان مانگانە ٥٠٠ قوروش دابین دەکرێت، بۆ ئەمەش لە مێژووی ١ مارت ١٣٣٠ نازری دارایی ڕێگەی پێدراوە دابینی بکات.





DH.MEM.00191.00075.005

<table>
<tr><th>DH.MEM</th><th>00191.00075</th><th>10 شەعبان 1332 (4 تەمموز 1914)</th></tr>
<tr><td colspan="3">ویلایەتی قۆنیە<br>قەڵەمی مەکتوب<br>ژمارە ٥٤٥<br>نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>بە ووتەی کارگێری گشتی تۆماری کەسێتی وەڵامی نووسراو لە ٧ نیسان ١٣٣٠ ژمارە ١٢٢ ی پەیوەندیداری نەزارەتی عالی هاتووە، لە مێژووی ١ تەمموز ١٣٢٥ مەحمود شەفیق ئەفەندی یاریدەدەری داواکاری گشتی پێشووی ناوچەی ڕەواندز بە موعەلیمی سێیەم لە مەکتەبی ڕوشدیەی نەوشەهیر بە مووچەی ١٥٠ قوروش دامەزراوە، بەڵام بەبێ مۆڵەت لە ئەرکەکەی دەستی لە کار هەڵگرتووە و لە ٦ نیسان ١٣٢٦ لە شوێن ئەو کەسێکی تر دامەزراوە، ماوەی خزمەتەکەشی ٩ مانگ و ٥ ڕۆژە، لە بەڕێوەبەرایەتی مەعاریفی ویلایەت پەراوێز نووسراوەتەوە، لەم بابەتەدا بڕیار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.<br>والی قۆنیە</td></tr>
</table>





DH.MEM.00197.00064.001

| DH.MEM | 00197.00064 | 16 شەوال 1332 (7 ئەیلوول 1914) |
|---|---|---|
| ویلایەتی موسڵ<br>لە بارەی عەبدوڵڵا ئەفەندی کاتیبی ناسنامەی ڕەواندز، وەڵامی نووسراوی مێژووی ٢١ نیسان ١٣٣٠ هاتووە، وێنەی ئەوراقەکان بگەڕێندرێتەوە. | | |




MF.İBT.00493

<table>
<tr><th>MF.İBT</th><th>00493.000052</th><th>29 ڕەبیعی کۆتایی 1332 (27 مارت 1914)</th></tr>
<tr><td colspan="3">بەڕێوەبەرایەتی مەعاریفی موسڵ<br>ژمارە ١٩<br>نەزارەتی مەعاریفی گشتی شکۆدار<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>لە مێژووی ٢٨ ئەیلوول ١٣٢٩ محەمەد جەمیل ئەفەندی وەکو موعەلیمی یەکەم لە مەکتەبی سەرەتایی قەزای ڕەواندز بە مووچەی ٣٠٠ قوروش دەستی بە کار کردووە، وەرەقەی وەرگێردراوی کەسێتی و وێنەی وەرەقەی جێگیر کراو ڕاگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.<br>بەڕێوەبەری مەعاریفی ویلایەتی موسڵ</td></tr>
</table>





BEO.004246.318406.001

<table>
<tr><td>BEO</td><td>004246.318406</td><td>9 سەفەر 1332 (7 کانوونی دووەم 1914)</td></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی دارایی شکۆدار<br>نووسراوی مێژووی ٣ کانوونی یەکەم ١٣٢٩ ژمارە ١٤٤/٧٩١٣ لە بەڕێوەبەرایەتی خۆیەتی دەرماڵەی تۆمار کراو دەرچووە، لەسەر ئەم نووسراوە لە ئەنجوومەنی تایبەتی بریکارەکان عەبدوڵڵا ئەفەندی پۆست نشینی تەکیە و گوندی دارولئەمانی قەزای ڕەواندز مانگانە ١٥١٠ قوروش و موفتی ویلایەت محەمەد سدیق ئەفەندی مانگانە ٥٠٠ قوروش مووچەی بۆ دابین دەکرێت، بە لیستی ماددەی یاسایی ڕێکخراوە و ڕەوان کراوە.</td></tr>
</table>




BEO.004281.321005.001

| BEO | 004281.321005 | 3 جەمادی کۆتایی 1332 (29 نیسان 1914) |
|---|---|---|
| نەزارەتی دارایی شکۆدار<br>نووسراوی ١٥ نیسان ١٣٣٠ ژمارە ١٧ ی عالی ئاماژەی پێکراوە، لە بەرامبەر مولکی جێگیر نوسرەت بەگ نەوەی ڕەسوڵ پاشا قائیمقامی پێشووی ڕەواندز دەرماڵەی وەرگرتووە، بەڵام دوای مردنی دەرماڵەکەی ماوەتەوە، لە ١٢٥ قوروش مووچە بری ٨٧ و نیو قوروش بۆ کوڕەکانی بە ناوی ژیا ئەفەندی و شەکیب ئەفەندی هەروەها ٢١ قوروش و ٣٥ پارە بۆ کچەکەی و ١٥ قورش و ١٥ پارە بۆ خێزانەکەی سەبیحە خان دابین بکرێت، ئەمەش لە مێژووی بێ خاوەن بوونیەوە دابین دەکرێت، کارەکە جێبەجێ بکرێت. | | |


OSMANLI ARŞİVİ
DH.EUM. KLU
15 1


DH.EUM.KLU.00015.00001.001

<table>
<tr><td>DH.EUM.KLU</td><td>00015.00001</td><td>18 رەمەزان 1333 (30 تەمموز 1915)</td></tr>
<tr><td colspan="3">دەوڵەتی عوسمانی<br>نەزارەتی پۆستە و تەلەگراف و تەلەفۆن<br>بەڕێوەبەرایەتی کاروباری تەلەگراف<br>قەڵەمی کار<br>گشتی ٧٢٨٩١<br>تایبەتی ٣٠٠<br>نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>لە باش بەڕێوەبەرایەتی بەغداد بە پێویست زانراوە هێڵی سەربازی نێوان ڕەواندز و شەمدینان دەست پێ بکات و تەواو بکرێت، مەرکەزی سەید کان بۆ گوندی کانی ڕوشد گوازراوەتەوە، لە باش بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو تەلەگرافنامە لە ١١ تەمموز ١٣٣١ وەرگیراوە و ئاماژەی پێکراوە، زانیاری ڕاگەیەندراوە، لەم بابەتەدا بڕیار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.<br>بریکاری نازری پۆستە و تەلەگراف و تەلەفۆن</td></tr>
</table>





DH.MB.HPS.00019.00003.002

<table dir="rtl">
<tr><th>DH.MB.HPS</th><th>00019.00003</th><th>19 موحەررەم 1333 (7 کانوونی یەکەم 1914)</th></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>نەزارەتی ناوەخۆ<br>بەڕێوەبەرایەتی کارگێری گشتی ناوەخۆ<br>٩٤٦٨٨<br>٣٦٢<br>چەند ڕۆژ لەمەوپێش بە بەردەوامی باران باریوە، لە ژێر کاریگەری ئەم بارانە بەشێکی ژووری قائیمقامیەت و ژووری ژاندارمە لە فەرمانگەی حکوومەتی قەزای ڕەواندز وێران بووە، لە ویلایەتی موسڵ ڕاگەیەندراوە و نووسراو بۆ بینایەی میری و بەڕێوەبەرایەتی عالی گرتووخانەکان بەرز کراوەتەوە.</td></tr>
</table>





BEO.004380.328497.001

| BEO | 004380.328497 | 16 زیلحیجە 1333 (25 تشرینی یەکەم 1915) |
|---|---|---|
| نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>وەڵامی نووسراوی مێژووی ٤ تشرینی یەکەم ١٣٣١ ژمارە ٧٠٦ ی عالیە، عەلی نیازی ئەفەندی قائیمقامی قەزای ڕەواندز و مەزهەر بەگ قائیمقامی قەزای سنجار گۆرینەوەیان پێ دەکرێت، بۆ ئەمەش جەنابی پاشا بە فەرمانی پاشا ڕەزامەندی نیشان داوە، وێنەی پەسەندکراوی بۆ لایەنی دەوڵەت ڕەوان کراوە ئەفەندم. | | |



DH.EUM.KLU.00011.00025.001


<table>
<tr><th>DH.EUM.KLU</th><th>00011.00025</th><th>14 ڕەجەب 1334 (17 مایس 1916)</th></tr>
<tr><td colspan="3">دەوڵەتی عوسمانی<br>نەزارەتی پۆستە و تەلەگراف و تەلەفۆن<br>بەڕێوەبەرایەتی کاروباری تەلەگراف<br>قەڵەمی کار<br>گشتی ٩٦٦٧٠<br>تایبەتی ١٠٠<br>نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>٢٩ی نیسانی ساڵی رابردوو مەرکەزی ڕەواندز چۆڵ کراوە، لە ٣٠ نیسان ١٣٣٢ تەلەگرافنامە لە باش بەڕێوەبەرایەتی بەغداد وەرگیراوە، زانیاری راگەیەندراوە و لەم بابەتەدا بڕیار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.<br>بریکاری نازری پۆستە و تەلەگراف و تەلەفۆن</td></tr>
</table>




İ.DUİT.00044

| İ.DUİT | 00044.000087 | 21 زیلحیجە 1334 (19 تشرینی یەکەم 1916) |
| --- | --- | --- |


بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی تۆماری کەسێتی فەرمانبەران
ژمارە
٢٤٣٩١
٥٨٦
جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت لایەنی عالی
ڕاگەیەندراوی بەندەمانە
مەزهەر بەگ قائیمقامی قەزای ڕەواندز لە قائیمقامیەتی قەزای عەمارە و شەفیق بەگ قائیمقامی قەزای کەوار لە قائیمقامی قەزای ڕەواندز دامەزرێن و بگوازرێنەوە، ئاماژەی ویلایەتی موسڵ و بڕیاری ئەنجوومەنی بەڕێوەبەران دەرچووە و لیستی فەرمانی پاشا پێشکەش کراوە، لەم بابەتەدا بڕیار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.
نازری ناوەخۆ


داخلیه نظارتی
شیفره قلمی
OSMANLI ARŞİVİ
DH.SN.THR
71 1 2

DH.SN.THR.00071.00001.002


| DH.SNTHR | 00071.00001 | 22 زیلقەعدە 1334 (20 ئەیلوول 1916) |
|---|---|---|

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
قەڵەمی شیفرە
چەند ڕۆژێك لەمەوبەر دوای ئەوەی قەزای ڕەواندز چۆڵ کرا، ئەم دەفتەرانەی لە فەرمانگەی ناسنامە بوون، پارێزگاریان لێ نەکرا، بۆیە ڕەشنووسی ناسنامەی گشتی نە لە لیوا نە لە مەرکەزی ویلایەت نییە، بەم هۆیەوە مامەڵەی سەربازی و مولکیەی قەزای ناوهاتوو تووشی وەستان هاتووە و بە پێویست زانراوە ناسنامەی گشتی تۆمار بکرێت، بۆ ڕەزامەندی حەواڵەنامە بنێردرێت.
والی حەیدەر


باب عالی
داخلیه نظارتی
شیفره قلمی
OSMANLI ARŞİVİ
DH.MEM
271 | 29 | 12


DH.MEM.00271.00029.012

<table dir="rtl">
<tr><th>DH.MEM</th><th>00271.00029</th><th>1 زیلقەعدە 1334 (30 ئاب 1916)</th></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>نەزارەتی ناوەخۆ<br>قەڵەمی شیفرە<br>لە دوا جەنگدا ئەرکەکەی زۆر بە ڕێکوپێکی و دڵسۆزانە ئەنجام داوە و ئەو ئەرکەی لەسەر شانی بووە ئەنجامی داوە، بۆیە داواکراوە بە مەدالیای جەنگ پاداشت بکرێت، داوا دەکەم مەزهەر بەگ لەسەر ڕاگەیەندراوی پێشوو چینەکەی بۆ چینی دووەم بەرز بکرێتەوە.<br>حەیدەر والی موسڵ</td></tr>
</table>



MF.İBT.00581


<table>
<tr><td>MF.İBT</td><td>00581.000091</td><td>12 جەمادی كۆتایی 1334 (16 نیسان 1916)</td></tr>
<tr><td colspan="3">ویلایەتی موسڵ<br>قەڵەمی بەڕێوەبەرایەتی مەعاریف<br>١٨ تایبەتی<br>نەزارەتی مەعاریفی گشتی شكۆدار<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>هاوپێچ وەرەقەی وەرگێردراوی كەسێتی و خشتەی ماوەی خزمەت و ئەوراقی پەسەندكراوی عەبدولعەزیز ئەفەندی موعەلیمی مەكتەبی سەرەتایی قەزای ڕەواندز پێشكەش كراوە، لەم بابەتەدا بڕیار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم كەسەیە كە فەرمانی بەدەستەوەیە.<br>مۆری عەلی ڕزا بریكاری بەڕێوەبەری مەعاریفی موسڵ</td></tr>
</table>



BEO.004445.333355.001

| BEO | 004445.333355 | 21 سەفەر 1335 (17 کانوونی یەکەم 1916) |
| --- | --- | --- |

نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار
شـێخ عەبدوڵـلا ئەفەنـدی پۆسـت نشـینی تەکیـەی دارولئەمانـی ڕەوانـدز لـە ڕێکخسـتنی خزمەتـی نیشـتیمانی مووچـەی بـۆ دابیـن کـرا بـوو، ناوبـراو دوای مردنـی مانگانەکـەی ١٥٠٠ قـوروش بـێ خـاوەن ماوەتـەوە، کوڕەکـەی بـە نـاوی سـەید عەلائەددیـن ئەفەنـدی داواکاری بـەرز کردۆتـەوە و داوای مووچەکـەی کـردووە، داواکاری ناوبراویـش کـوڕە گـەورەی کۆچکـردووە و پۆسـت نشـینی باوکـی و سـەرۆکی خێزانەکەیـە، بۆیـە مووچـەی دیاریکـراو بـۆ ناوبـراو دابیـن بکرێـت، موتەسـەرفی سـانجەقی کەرکـووك ڕایگەیانـدووە، بـەڵام سـەرۆکی خزمەتـی نیشـتیمانی لـە خزمەتـە باشـەکانی نیشـتیمانە، ناوبـراو نـاوی لـە نـاو ئـەم لیسـتەدا نییـە، لـە شـوێنێکی تـر مووچەیەکـی دیـاری کـراوی بـۆ دابیـن بکرێـت.




İ.DUİT.00046

| İ.DUİT | 00046.000045 | 16 سەفەر 1336 (1 کانوونی یەکەم 1917) |
|---|---|---|

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی تۆماری کەسێتی فەرمانبەران
١٧٢٩
فەرمانی پاشا
شەفیق بەگ قائیمقامی قەزای ڕەواندز لە قائیمقامیەتی قەزای رائسولعەین و نەشئەت بەگ قائیمقامی قەزای توفەیلە لە قەزای ڕەواندز بەم مووچەی وەریدەگرن دەگوازرێنەوە.

بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانی پاشا نازری ناوەخۆ ئەرکی پێدراوە.
سەدری ئەعزەم و نازری ناوەخۆ




İ.DUİT.00046

| | | |
|---|---|---|
| 2 جەمادی یەکەم 1336 (13 شوبات 1918) | 00046.000073 | **İ.DUİT** |

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەری تۆماری کەسێتی فەرمانبەران
٢٣٨
فەرمانی پاشا
سوڵتان ئەفەندی قائیمقامی قەزای گوڵعەنبەر لە قائیمقامیەتی ساسۆن و نەشئەت بەگ قائیمقامی ڕەواندز لە قائیمقامیەتی کۆی سانجەق بەم مووچەی وەریدەگرن بگوازرێنەوە و لە قائیمقامیەتی ڕەواندزیش بە مووچەی چینی دووەم مەسعود بەگ قائیمقامی پێشووی زاخۆ دامەزراوە.


بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانی پاشا نازری ناوەخۆ ئەرکی پێدراوە.
نازری ناوەخۆ بە وەکالەت و سەدری ئەعزەم بە وەکالەت


T.C. BAŞBAKANLIK OSMANLI ARŞİVİ DAİRE BAŞKANLIĞI (BOA)

OSMANLI ARŞİVİ
DH.ŞFR
82 | 52


DH.ŞFR.00082.00052.001

| DH.ŞFR | 00082.00052 | 20 سەفەر 1336 (5 کانوونی یەکەم 1917) |
|---|---|---|
| ویلایەتی موسڵ<br>شەفیق بەگ قائیمقامی ڕەواندز بە هەمان مووچەی بۆی دابین کراوە و وەریدەگرێت، بگوازرێتەوە قائیمقامیەتی رائسولعەین و لە شوێن ئەویش بە مووچەی چینی دووەم نەشئەت بەگ قائیمقامی توفەیلە دەست بە کار بێت، لە ٢ کانوونی یەکەم ١٣٣٣ فەرمانی پاشا دەرچووە.<br>بە ناوی نازر | | |





DH.MEM.00333.00030.001

| DH.MEM | 00333.00030 | 28 جەمادی کۆتایی 1336 (10 نیسان 1918) |
|---|---|---|
| نەزارەتی داد/ بەڕێوەبەرایەتی کاروباری خۆیەتی عالی<br>تۆماری وەرگێردراوی کەسێتی یوسف ئەفەندی قائیمقامی پێشووی قەزای ڕەواندز نەدۆزراوەتەوە، لە وەڵامی نووسراوی مێژووی ٢٨ مارت ١٣٣٤ ژمارە ١٤٢٧ عالی ڕاگەیەندراوە، پشتگیری کردنی جێگەی ڕێزە ئەفەندم. | | |




BEO.004494.336990.001

| BEO | 004494.336990 | 18 سەفەر 1336 (3 کانوونی یەکەم 1917) |
|---|---|---|
| نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>وەڵامی نووسراوی مێژووی ٢٨ تشرینی دووەم ١٣٣٣ ژمارە ٧٦١ عالیە، شەفیق بەگ قائیمقامی قەزای ڕەواندز لە قائیمقامیەتی قەزای رائسولعەین و لە شوێن ئەویش نەشئەت بەگ قائیمقامی قەزای تەفیلە دامەزرێن، جەنابی پاشا بە فەرمانی پاشا ڕەزامەندی نیشان داوە، وێنەی پەسەند کراوی هاوپێچ بۆ لایەنی عالی بەرز کراوەتەوە، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان. | | |





BEO.004503.337718.001

| | | |
|---|---|---|
| **BEO** | 004503.337718 | **4 جەمادی یەکەم 1336 (15 شوبات 1918)** |

بڕیکاری نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدا


وەڵامــی نــووسراوی ١٢ شــوبات ١٣٣٤ ژمــارە ١٤٦ ی عالیــە، ســوڵتان ئەفەنــدی قائیمقامــی قــەزای گوڵعەنبــەر لــە قائیمقامیەتــی قــەزای ساســۆن و نەشــئەت بــەگ قائیمقامــی قــەزای ڕەوانــدز لــە قائیمقامیەتــی قەزای کۆی ســانجەق و لــە شــوێن ئەویــش مەســعود بــەگ قائیمقامــی پێشــووی قــەزای زاخــۆ دادەمەزرێــن، جەنابــی پاشــا بــە فەرمانــی پاشــا ڕەزامەنــدی نیشــان داوە، وێنــەی پەســەندکراوی هاوپێــچ بــۆ لایەنــی دەوڵــەت ڕەوان کــراوە ئەفەنــدم.


دائرۀ صدارت امور اداریه قلمی

OSMANLI ARŞİVİ
BEO
4550 | 341215 | 1

BEO.004550.341215.001

| BEO | 004550.341215 | 6 ره‌بیعی كۆتایی 1337 (9 كانوونی دووه‌م 1919) |
| --- | --- | --- |
| نه‌زاره‌تی دارایی شكۆدار<br>بـه‌ ووتـه‌ی به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تـی خۆیه‌تـی نـووسراوی ٣١ كانوونـی یه‌كـه‌م ١٣٣٦ ژمـاره‌ ٣٨ ی ده‌وڵـه‌ت ئامـاژه‌ی پێكـراوه‌، عوسـمان بـه‌گ كـوڕی ره‌سـول پاشـازاده‌ ره‌شـید بـه‌گ قائیمقامـی ره‌وانـدز لـه‌ به‌رامبـه‌ر ئه‌ملاكـی جێگیـر ده‌رماڵـه‌ی بـۆ دابیـن كرابـوو، بـه‌ مردنـی مانگانـه‌ ١٢٥ قـوروش مووچـه‌ بـێ خـاوه‌ن ماوه‌تـه‌وه‌، لـه‌ مێـژووی ٩ كانوونـی دووه‌م ١٣٣٠ لـه‌ هه‌شـت پشـك یـه‌ك پشـك ده‌كاتـه‌ ١٦ قـوروش بـۆ خێزانه‌كـه‌ی ته‌لیحـه‌ خانـم و لـه‌ ٧ پشـكیش ١٠٩ قـوروش بـۆ كوڕه‌كـه‌ی بـه‌ نـاوی زه‌كـی ئه‌فه‌نـدی دابیـن ده‌كرێـت ئه‌فه‌نـدم. | | |




BEO.004564.342264.001

<table>
<tr><td>BEO</td><td>004564.342264</td><td>5 ره‌جه‌ب 1337 (6 نیسان 1919)</td></tr>
<tr><td colspan="3">نه‌زاره‌تی ناوه‌خۆی عالی<br>وه‌ڵامی نووسراوی ٣٠ مارت ١٣٣٥ ژماره ٥٢٢ی عالیه، به‌هائه‌ددین به‌گ قائیمقامی قه‌زای جرمیك دوور خراوه‌ته‌وه له شوێن ئه‌و حه‌قی به‌گ قائیمقامی قه‌زای پالۆ، له قائیمقامیه‌تی قه‌زای پالۆش ته‌حسین به‌گ قائیمقامی دیرك، له قائیمقامیه‌تی دیرك مه‌سعود به‌گ قائیمقامی ره‌واندز دامه‌زرێن، جه‌نابی پاشا به فه‌رمانی پاشا ره‌زامه‌ندی نیشان داوه و وێنه‌ی په‌سه‌ند كراوی بۆ والا به‌رز كراوه‌ته‌وه، نووسراو كراوه تا هیممه‌ت بكرێت له جێبه‌جێ كردنی كاره‌كه.</td></tr>
</table>